# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود - باوان عومەر - زریان محەمەد

2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# کارل مارکس

**بەرگی شەشەم**

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 54 )

# چەمکی نامۆبوون لای مارکس

ئەریک فرۆم

لەفارسییەوە: ئارام جەمال

بەبێ تێگەیشتن لەچەمکی نەفیکردنەوەی «بەرهەمهێنان» – واتە نامۆبوون– مەحاڵە بتوانین لەچەمکی مرۆڤی چالاکو بەرهەمهێن تێبگەین، کەبەهۆی هێزە خودییەکانیەوە پەی بەدنیای بابەتی دەباتو لەخۆی دەگرێت.

مارکس پێیوایە مێژووی مرۆڤ لەرووی جۆرەوە مێژووی گەشەسەندنی مرۆڤە، لەهەمانکاتدا مێژووی زیاتربوونی نامۆبوونیشە. چەمکی سۆشیالیزم لای مارکس بریتیە لەرزگاربوون لەنامۆییو گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ خودی خۆیو بەدیهێنانو سەلماندنی خۆیەتی.

نامۆبوون (یاخود»داماڵین) (Estrangement) لای مارکس، بەومانایە دێت کە مرۆڤ لەپرۆسەی پەیبردن بەجیهان، خۆی وەک هێزێکی چالاک نابینێتەوە، بەڵکو خودی جیهان خۆیو (سروشت، خەڵکانی دیو مرۆڤ بۆ خۆشی) هێشتا نامۆکەری مرۆڤن. ئەو شتانەی مرۆڤ خۆی دروستیکردوون بەسەرسەریەوەنو لەدژین. نامۆبوون لەڕووی جەوهەرەوە نواندنێکی خراپی جیهانو خودە، وەکئەوەی خود لەبارێکی جیابوونەوەدا بێت لەگەڵ بابەتدا.

نامۆبوون وەک چەمکێکی هەمەکی، یەکەمین دەرکەوتەی خۆی لەهزری رۆژئاوادا لەچەمکی سەردەمی کۆنی بتپەرستیدا بینی(1). کرۆکی ئەوەی پێغەمبەران پێیاندەگوت «بتپەرستی» ئەوە نییە، مرۆڤ لەجیاتی تاکەخودایەک چووبێت چەند خودایەکی پەرستبێت، بەڵکو مەسەلەکە

لەوەدایە کەبتەکان خۆیان دروستکراوی دەستەکانی مرۆڤن. ئەوان شتن‌و مرۆڤ لەبەردەمیاندا کڕنووش دەبات‌و دەیانپەرستێت. ئەو شتانە دەپەرستێت کەخودی خۆی خوڵقاندونی. بەمەش مرۆڤ خۆی دەکاتە شت‌و خۆی‌و تایبەتمەندییەکانی ژیانیشی دادەبەزێنێتە سەر ئاستی ئەو شتانەی کەدروستکراوی خۆین، هەروەها لەبری ئەوەی خۆی بەتاکێکی خوڵقێنەری ئەو شتانە بزانێت، کەچی دێت تەنها لەڕێگەی پەرستنی بتەکانەوە بەردەوامی بەپەیوەندی خۆی لەگەڵ خۆیدا دەدات.

بەمجۆرە، مرۆڤ هێزەکانی ژیان‌و سەرچاوەی وزەکانی لێدادەماڵرێت‌و تەنها بەهۆی ملکەچکردنێکی ناڕاستەوخۆیەوە بۆ ئەو ژیانەی لەبتەکاندا بەرجەستەبووە، دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا ببەستێت(2).

سەردەمی کۆن بەمجۆرە باس لەبێگیانی‌و بەتاڵیی بتپەرستن دەکات: «ئەو چاوانەی هەیانە نابینن‌و ئەو گوێیانەی هەیانە نابیستن» تاد. مرۆڤ چەندێک هێزەکانی خۆی ببەخشێتە بتەکان ئەوەندەش داماو وابەستەتر دەبێت، بەڕادەیەک کەمرۆڤ ناتوانێت تەنها بەشێکی کەمی ئەو شتانەش بگێڕێتەوە کەلەبنەڕەتدا هەر خودی خۆیەتی. رەنگە بتەکان پەیکەرێکی خودا، دەوڵەت، کڵێسا، تاکەکەس یان پادشایەک بن، هەروەها بتپەرستی بە بەردەوامی بابەتەکانی خۆی دەگۆڕێت‌و تەنیا لەو شکڵ‌و شێوانەدا نەماوەتەوە کەبتەکە تێیدا مانایەکی ئایینی لەخۆگرتووە. بتپەرستی هەمیشە بریتییە لەپەرستنی ئەو شتەی کەمرۆڤ هێزە داهێنەرەکانی خۆی پێدەبەخشێت‌و دەچێتە ژێر رکێفییەوە، لەبری ئەوەی خەریکی کارێکی داهێنەرانەی خۆی بێت.

دیارترین شێوەی نامۆیی، لەناو شێوە جیاوازەکاندا، نامۆیی زمانە. کاتێک هەستی خۆم بەوشەیەک دەردەبڕم، بۆ نموونە کەدەڵێم «خۆشم

دەوێیت» مەبەست لێی دەربڕینی ئەو هەستە راستەقینەیەیە کەلەبوونی مندایە، ئەوە ئینوئاوی ئەوینی منە، لەکاتێکدا وشەی «ئەوین» رەمزە بۆ بوونی دیاردەی ئەوین، بەڵام دوای ئەوەی وەک وشە دەدرکێندرێت، بەدوای ئەوەدا دەچێت، وەک وشە، ژیانی تایبەتی خۆی هەبێت: ئەوەیە دەبێتە راستییەک. من هەندێکجار دەکەومە ژێر کاریگەریی وەهمێکەوەو دەڵێم گوتنی وشە هاوشانی پیادەکردنە، بەڵام دوای وشەکە ئەوەم بۆ دەردەکەوێت کەجگە لەو بیرۆکەیەی وشەکە دەرییبڕیوە هەست بەهیچ شتێکی تر نەکەم.

نامۆیی لەزماندا، ئاڵۆزییە سەراپاگیرەکەی چەمکی نامۆبوون نیشاندەدات. زمان لەمەزنترین دەستکەوتەکانی مرۆڤە، هەربۆیە کارێکی زۆر گەمژانەیە پێمانوابێت دەتوانین لەرێگەی وازهێنان مانەوە لەقسەکردن خۆمان لەنامۆبوون بپارێزین، بەڵام دەبێت بەردەوامیش لەمەترسییەکانی وشە درکێندراوەکان ئاگاداربین، چونکە دەبنە هەڕەشەیەک ئەگەر بکەونە بواری پراکتیکی زیندووەوە، ئەم شتە بۆ دەستکەوتەکانی تری مرۆڤیش هەر راستە: بیرو هزرەکان و هونەر، یاخود هەر شتێکی تر لەلایەن مرۆڤەوە دروستکرابێت. ئەوانە مرۆڤ دروستیکردونو بەچەند ئامرازێکی یارمەتیدەری گرنگن بۆ ژیانی مرۆڤ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکێک لەوانە تەڵەو داوێکنو لە خشتەبەرن بۆ تێکەڵاوکردنی شتەکان بەژیان، یان تێکەڵکردنی پراکتیک لەگەڵ بەرهەمگەلی دروستکراودا، هەروەها تێکەڵکردنی هەستکردن لەگەڵ خۆبەدەستەوەدانو ملکەچی.

هەریەک لەبیریارانی سەدەی هەژدەو نۆزدە، بەهۆی تەشەنەسەندنی دڵڕەقیو بەتاڵیو مردنیەوە سەردەمەکەیان داوەتە بەر رەخنەی توند، بەڵام وەک دەبینین بەردی بناغەی بیرکردنەوەی»گۆتە» برینییە لەچەمکی «رادەی

بەرهەمهێنان» کەلە هزری سپینۆزا، هیگڵ، تەنانەت مارکسیشدا جێگایەکی سەنتەرئامێزی گرتووە، گۆتە دەڵێت» خواییبوون لەناو شتی زیندوودا چالاکە نەک لەناو شتی مردوودا. لەناو ئەو شتەی کەناتەواوەو گەشەکردووە، نەک لەشتی تەواو کۆتایی هاتوودا . لێرەدا دەشێت ئەوە شرۆڤە بکەین کەبۆچی ئاوەز (Reason) لەڕەوتی خۆیدا بەرەو بەخوابوون، تەنیا لەگەڵ ئەو شتانەدا سەروکاری هەیە کەگەشەکردو زیندوو گیاندارن، لەکاتێکدا دەبینین زیرەکی( Intellect) تەنیاو تەنیا، لەگەڵ دیاردەی تەواوبوو کۆتاییهاتوودا مامەڵە دەکات(3).

هەمان رەخنەمان لای « شیلەر»،« فیختە»، دواتر لای هیگڵ، مارکسیش بەرچاو دەکەوێت کە ڕەخنەیەکی گشتییە لەسەردەمەکەی خۆیان، ئەویش لەوەدا کەڕاستی بەبێ سۆزەو «سۆزیش بەبێ راستییە»(4).

فەلسەفەی بوونخوازی هەر لە» کیرکگاردەوە «– هەروەک پول تلیچ دەڵێت– لەبناغەدا جوڵانەوەیەکی یاخیگەرانەیەو زیاتر لەسەد ساڵە دژی پرۆژەی تێکدانو شێواندنی ئینسانیەتی ئینسانە لەکۆمەڵگەی پشەسازیدا».

چەمکی نامۆبوون، بەزمانە نا ئایینیەکەی هاو واتای» گوناهە»، واتە وازهێنانی مرۆڤە لەخۆیو دەستبەرداربوونیەتی لەخوا لەناخی خۆیدا.

هیگڵ یەکەمین بیریار بوو چەمکی نامۆبوونی دەوڵەمەند کرد، بەتایبەتی ئەوکاتەی مێژووی مرۆڤی، لەیەککاتدا بەمێژووی نامۆبوون (Entfremdung )ی مـرۆڤ لەقەڵەمدا. هیگڵ لەکتێبی «فەلسەفەی مێژوو»دا دەنوسێت: «ئەوەی ئاوەز خۆی بۆ دەکوتێت بەدیهێنانی بۆچوونو ئەندێشەکانێتی، بەڵام لەمیانەی راپەڕاندنی ئەم کارەدا خودی ئەم ئامانجە لەڕوانینیدا لەبیردەکات، شانازی بەنامۆبوونەوە دەکات کە لە جەوهەریدایەو خۆی پێوە دەنازێ»(5).

مارکسیش وەک هیگڵ پێیوایە چەمکی نامۆبوون لەسەر بناغەی جیاوازی نێوان بوونو جەوهەر وەستاوە، ئەویش لەسەر بناغەی ئەو راستییەی کەبوونی مرۆڤ بەجەوهەری خۆی نامۆیە مرۆڤ ئەوە نییە، کەلەناخی خۆیدا شاردراوەتەوە، یاخود بەمانایەکی دی، مرۆڤ ئەوە نییە کەدەبێت ببێت، هەربۆیە دەبێت تەنها ببێتەئەوەی کەدەتوانێت ببێت.

مارکس پێیوایە دیاردەی نامۆبوون خۆی لەبواری کارو دابەشبوونی کاردا نیشاندەدات. کار بەلای مارکسەوە پەیوەندییەکی چوستو چالاکانەی مرۆڤە لەگەڵ سروشتداو خولّقاندنی جیهانێکی نوێیە، لەوانەش خولّقاندنی خودی مرۆڤ خۆیەتی. ( چالاکییە هزرییو عەقڵییەکان بەلای مارکسەوە، هەمیشە کارەو وەک چالاکییەکی پیشەییو هونەریی دایاندەنێت)، بەڵام مارکس پێیوایە لەگەڵ گەشەسەندنی موڵکدارێتی تایبەتیو دابەشبوونی کاردا، کار تایبەتمەندێتی خۆی وەک نیشاندەرێکی هێزە مرۆییەکان لەدەستدەدات، بەجۆرێک هەریەک لەکارو بەرهەمی کاربوونێکی سەربەخۆیان دەبێت لەمرۆڤو خواستو ئیرادەو پرۆژەکانی «ئەو شتەی بەهۆی کارەوە دەخوڵقێت/ واتە بەرهەم هاتووەکەی/ ئێستا بەکائینێکی نامۆبووی وەک کار خۆیدا هەڵدەشاخێنەوەو

لەبەردەم بەرهەمهێنەرەکەدا خۆی وەک هێزێکی سەربەخۆ دەردەخات. بەرهەمی کار ئەو برە کارەیە کەخۆی لەبابەتێکدا بەرجەستە دەکاتو گۆڕاوە بۆ شتێکی ماددیی: کەواتە بەرهەم بریتییە لەبابەتبوونی کار»(6).

کار لەوەبۆتەوە ببێتە بەشێک لەسروشتی کرێکار، چونکە گۆڕاوە بۆ کارێکی نامۆکراو»، هەروەها چیدی کرێکار خودی خۆی لەچوارچێوەی کارەکەیدا بەدەستناهێنێت، بەڵکو خۆی نەفیدەکاتەوەو تەنانەت هەست

بەبێزاری دەکات زیاتر لەوەی وەک کائینێکی سروشتی بێت، هەروەها بەشێوەیەکی سەربەستانە پەرە بەوزەکانی گیانو جەستەی خۆی نادات، بەڵکو لـەڕووی فیزیکییەوە پەڕپووتو لـەڕووی مەعنەویشەوە کەوتوو دەبێت. لەو حاڵەدا کرێکارەکە تەنها لەکاتی پشوودا هەست بەبوونی خۆی دەکاتو وادەزانێ لەماڵی خۆیدایەتی، دەنا ئەم هەستەی لەکاتی کارکردندا ونکردووە(7).

بەمجۆرە، لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا پەیوەندی کرێکار بەچالاکییەوە « وەک شتێکی نامۆکراو لێینزیکدەبێتەوە، نەک وەک شتێکی پەیوەندیدار بەوەوە. واتە وەک چالاکییەک لەشێوەی ئازارێکی « خراپ» دا بێت، وەک هێزێک لەحاڵەتی چۆکدادان، وەک ئەفراندنێک لەشێوەی خەساندندا «(8).

بەمچەشنە مرۆڤ کاتێک لەخۆی نامۆ دەبێت، بەرهەمی کارەکەشی لەبەرامبەریدا «نامۆ» دەبێتو دەستی خۆی بەسەر ئەودا دەگرێت. ئەو پەیوەندییەش لەیەککاتدا پەیوەندییە بەجیهانی هەستپێکراوی دەرەوەو شتە سروشتیەکان، وەک جیهانێکی نەیارو بێگانە»(9).

**مارکس پێداگریی لەسەر دووخاڵ دەکات:**

1- لەڕەوتی گەشەکردنی کاردا، بەتایبەتی لەژێرسایەی هەلومەرجی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، مرۆڤ لەبەردەم هێزە داهێنەرەکانی خۆیدا نامۆدەبێت.

2- بابەتەکانی کارەکەی دەبنە چەند شتێکی نامۆ، لەدوا ئاکامدا، دەستدەگرن بەسەریداو دەبنە هێزێکی سەربەخۆ لەبەهەمهێنەرەکە.« تەنها کرێکارە دەکەوێتە خزمەتی رەوتی بەرهەمهێنانەوە، نەک رەوتی بەرهەمهێنانەکە بکەوێتە خزمەتی ئەوەوە»(10).

تێگەیشتنێکی نـادروسـت لەسەر ئـەم خاڵەی مارکس هەیەو تەنانەت لەناو سۆشیالیستەکانیشدا باوە، ئەویش ئەوەیە گوایە مارکس تەنیا لەسەر چەوساندنەوەی ئابورییانەی کرێکار دواوەو پێیوایە بەشی کرێکار لەبەرهەمهێناندا بەئەندازەی پێویست نییە، یان ئەوەی کەپێویستە بەرهەمهێنان بە قازانجەکەشیەوە، لەجیاتی سەرمایەدار، بدرێت بەکرێکار.

بەڵام هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەوڵەتیش وەک سەرمایەدارێک – وەک لەسۆڤێتدا هەیە– جێگەی رەخنەی مارکسە، چونکە ئەویش هەر هێندەی سەرمایەدارێک رەفـزی.

موڵکدارێتی تایبەتی دەکاتەوە. بایەخی سەرەکی مارکس یەکسانی کردنی داهات نییە، ئەوەندەی رزگارکردنی مرۆڤە لەوجۆرە کارانەی کەماهیەتی مرۆڤ دەشێوێنن، دەیگۆڕن بەشتو دەیکەنە کۆیلەی شتەکان.

مارکسیش هەروەک «کیرکگارد» خوازیاری ئازادی تاک بووە وەک کائینێک: چونکە رەخنەی مارکس لەکۆمەڵگەی سەرمایەداری ئاڕاستەی شێوەی دابەشکردنی داهاتەکان نەکراوەتەوە، بەڵکو دژی شێوەی بەرهەمهێنانو نابودکردنی تاکو کۆیلایەتی مرۆڤ بووە– جاچ سەرمایەدار یان کرێکار بێت، بەڵام نەک بەهۆی سەرمایەدارییەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو شمەکو هەلومەرجانەوە کەئەو شتانەیان تێدا بەرهەمدێت.

مارکس لەوەش زیاتر دەڕواتو دەڵێت: لەکاری نامۆنەبوودا، مرۆڤ تەنها خۆی وەک تاکێک بەدیناهێنێت، بەڵکو خۆی وەک کائینێکی چلۆنایەتیش دەبینێتەوە. مارکس – وەک هیگڵو زۆرێک لەخاوەن بیرانی تری سەردەمی رۆشنگەریی– پێیوایە تاک نوێنەری جۆرە (النوع). واتە تاک بەلایەوە نوێنەرایەتی مرۆڤایەتیو سروشتی گەردونیانەی مرۆڤ دەکات، گەشەکردنی مرۆڤ بەرەو بەرجەستەکردنی مرۆییانەی هەمەلایەنە دەچێت، هەروەها

لەپرۆسەی گەشەکردنی کاردا «مرۆڤ تەنها بەشێوەیەکی عەقلانیانەی رووت، یان بەو شێوەیەی لەهۆشدا دیارە، خۆی بەرهەم نەهێناوەتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی چالاکو لەمانایەکی واقیعیدا، رەنگدانەوەی خۆی بەسەر ئەو جیهانەدا دەبینێتەوە کەخۆی دروستیکردووە، هەروەها کاری بەنامۆکراو تەنها بابەتە بەرهەم هاتووەکە لەمرۆڤ ناسێنێتەوە، بەڵکو وەک کائینێکی واقیعی ژیانە جۆرەکییەکەیو بابەتییە واقیعیەکەشی لێوەردەگرێتەوە، ئەمە جگەلەوەی ئەو سیفەتانەشی ناهێڵێت کە لەگیانەوەران جیایدەکاتەوە، بەجۆرێک جەستە ئۆرگانییەکەیو سروشتیشی لێ دەسەنرێتەوە. بەو پێیەی کاری نامۆبوو ژیانی جۆرەکیانەی مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ ئامرازێکی بوونی مادی، بەهەمان شێوە ئەو هۆشیارییەی کەمرۆڤ لەجۆرەکەی خۆی وەریدەگرێت، بەهۆی نامۆبوونەوە، دەگۆڕێت بۆ شتێک کە لەگەڵ ئەودا ژیانی جۆرەکی لادەبێتە ئامراز»(11).

هەروەک پێشتر روونم کردەوە، مارکس بڕوایوابوو نامۆبوونی کار، سەرەڕای ئەوەی لەتەواوی مێژوودا هەبووە، بەڵام لەسیستمی سەرمایەداریدا دەگاتە ترۆپکی خۆیو چینی کرێکار دەبێتە نامۆترین چین. ئەو بۆچونەش پشت بەو بیرۆکەیە دەبەستێت کە کرێکار بەهۆی ئـەوەی بەشداری لەبەڕێوەبردنی کارەکەدا ناکاتو وەک بەشێکی پاشکۆی ئەو ماکینەیە بەکاردێت کەخۆی بەکاریدەهێنێت: هەربۆیە وابەستەیی کرێکار بۆ سەرمایە دەگۆڕێت بۆ شت. بەمجۆرە مارکس بەو ئەنجامە دەگات، کە(رزگاربوونی کۆمەڵگە لەچنگی موڵکداریتی تایبەتیو کۆیلایەتی، شێوەیەکی سیاسی بەخۆوە دەگرێت کەخۆی لە رزگاربوونی کرێکاراندا دەبینێتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کەئەم رزگارییە تەنیا بۆ کرێکارانە، بەڵکو ئەمە رزگاری هەموو مرۆڤایەتی لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، چونکە هەموو کۆیلایەتی

مرۆڤایەتی سەرچاوەی لەپەیوەندی نێوان کرێکارو بەرهەمهێنانەوە گرتووەو سەرجەم پەیوەندییەکانی کۆیلایەتی تەنها چەند ئاڵوگۆڕو ئەنجامێکی ئەو پەیوەندییەن»(12).

دیسانەوە پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کەمەبەستی مارکس لەڕزگاری کرێکاران تەنیا بەچینی کرێکارەوە نەوەستاوەتەوە، بەڵکو سەرتاپای رزگاریی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت، ئەویش بەهۆی سازدانەوەی ئەو چالاکییانەی کەمایەی نامۆنەبوونو ئازادییە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، ئەو کۆمەڵگەیەی لەبری مرۆڤ، بەرهەمهێنانی شتەکان، تێیدا ئامانجەو بوونی مرۆڤ وەک ( شتێکی ئیفلیجو سەیرو شاز) تێیدا نەفیدەکرێتەوە، بۆئەوەی ببێتە کائینێکی مرۆییانەی گەشەسەندو لە هەموو روویەکەوە»(13).

لەلایەکی ترەوە تێڕوانینی مارکس بۆ بەرهەمی کاری بەنامۆکراو، لەیەکێک لەو خاڵە زۆر سەرەکیانەی «سەرمایە»دا گوزارشتی لێکراوەو برەوی پێدراوە کەمارکس بە»بتکردنی کاڵا» ناوزەدی دەکات، بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانیش دەگۆڕێتە سەر جۆرێک لەسروشتی شتەکان، ئەو گۆڕانەش لەهەمانکاتدا سروشتی کاڵا لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا پیشاندەدات. «دەشێت لەڕووەکانی تری شێوازی بەرهەمهێناندا کرێکار هەبێت هەوڵی تێرکردنی زیاتری بەها خودییە باوەکانی خۆی بدات، نەک ئەوەی سامانی ماددیی بۆ دابینکردنی ئەو پێویستییانە بێت گەشە بەکرێکار دەدەن. کتومت، هەرچۆن مرۆڤ لەئاییندا گیرۆدەی بەرهەمەکانی دەماغی خۆیەتی، بەهەمان شێوە لەبەرهەمهێنانی سەرمایەداریشدا کرێکارە کە دەبێتە بەندەی بەرهەمە دروستکراوەکانی هەردوو دەستی خۆی(14). «ئامێرەکان لەگەڵ لاوازیی مرۆڤدا گونجاون، بۆ ئەوەی مرۆڤی لاواز بکەنە ئامێرێک»(15).

هەتا هاتووە نامۆبوونی کار، بەبەراورد لەگەڵ سەروبەندگەلی کاری

پیشەیی‌و مانیفاکتۆرەدا، رووی لەزیادبوون بووە لەبەرهەمهێنانی مرۆڤدا. «لەپیشەی دەستی‌و مانیفاکیۆرەدا ئەوە کرێکارە ئامراز بەکاردەهێنێت، بەڵام لەکارگەدا ئەوە ئامێرە مرۆڤ هەڵدەسوڕێنێت، چونکە لەکارگەدا جوڵەی ئامێرەکانی کارکردن پێشیدەکەون‌و ئەو ناچاردەکەن بەوەی دوای جوڵەکانی ئامێرەکە بکەوێت، بەڵام لەمانیفاکتۆرەدا کرێکارەکە دەبێتە بەشێک لەمیکانیزمەیەکی زیندوو، بەڵام لەکارگەی پیشەسازیدا میکانیزمێکی بێگیان‌و مردوومان هەیەو سەربەخۆیە لەکرێکارەکەو تەنها ئەوەندەی بۆ دەهێڵێتەوە وەک پاشکۆو کلکێکی زیندوی لێبکات(16).

بۆئەوەی لەکارل مارکس تێبگەین، زۆر گرنگە ئەوە ببینین کەچۆن چەمکی نامۆبوون هەمووکات تەوەرەیەکی سەرەکی بووە لەبیری مارکسی» لاو» کەدەکاتە مارکسی سەردەمی نوسینی «دەستنوسە فەلسەفی‌و ئابورییەکان»و مارکسی «پیر» واتە مارکسی خاوەن کتێبی «سەرمایە». بەدەر لەبەڵگەکانی پێشوو، ئەم دوو بڕگەیەی خـوارەوە، کەیەکەمیان لە» دەستنوسەکانـ»ـەو ئەویتریشیان لە»سەرمایە»وە وەرگیراوە، ئەو بەردەوامییە زیاتر رونبکەنەوە: «ئەو حەقیقەتە زۆر بەسانایی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شتەی بەهۆی کارەوە بەرهەمدێت، واتە بەرهەم هاتووی ئەوە، ئێستا لەبەرامبەر کاردا وەک کائینێکی نامۆ، وەک هێزێکی سەربەخۆ لەبەر هەمهێنەر دەردەکەوێت. بەرهەمی دروستکراوی دەستی کار، ئەو کارەیە کە لەبابەتدا بەرجەستەبووەو بۆتە شتێکی مادیی: ئەو بەرهەمە بریتیە لەبابەتبوونی کار. راپەراندنی کارەکەش، دیسانەوە بەبابەتبوونەوەکەیە بۆی. هەربۆیە ئەنجامدانی کار، لەمەیدانی ئابوری سیاسیدا وەک مایەپوچکردنێکی کرێکار وایە، وەک بابەتبوونە لەشێوەی ونبون‌و کۆیلایەتیدا بۆ بابەتەکە، هەروەها وەک داگیرکردنێکە لەشێوەی نامۆبووندا(17).

مارکس لەکتێبی «سەرمایە»شدا ئەمەی نوسیوە: «لەسیستمی سەرمایەداریدا، هەموو ئەو ڕێگەیانەی گەشە بە بەرهەمهێنانی کاری کۆمەڵایەتی دەدەن لەسەر شانی تاکە کرێکار تەواو دەبێت، هەروەها سەرجەم ئەو ئامرازانەی گەشە بە بەرهەمهێنان دەدەن، بۆخۆیان دەبنە ئامرازێک بۆ باڵادەستیو چەساندنەوەی بەرهەمهێنەران. ئەمەش کرێکار دەشێوێنێتو دەیکاتە پارچەیەک لەمرۆڤو دایدەبەزێنێتە ئاستێکی نزمترو دەیکاتە پاشکۆیەکی ئامێرو لەپاڵیدا هەموو ئەوەشی لەکارەکەیدا بەجوانی ماوەتەوە وێرانیدەکات ئەویش بەوەی کارەکەی دەکاتە ڕەنجێکی قێزەون(18).

جارێکی تر، کاریگەریی موڵکدارێتی تایبەتی (دیـارە مەبەست لەموڵکدارێتی ئەو شتانە نییە کە بۆ بەکارهێنان تەرخانکراون، بەڵکو مەبەست لەو سەرمایەیە کەکار بەکرێ دەگرێت) لەڕووە نامۆکەرەکەیدا، لەعەقڵی مارکسی لاودا بەڕوونی دیارە کەدەنوسێت:» هەتا ئێستا موڵکدارێتی تایبەتی زادەو ئەنجامێکی پێویست بووە بۆ هەریەک لەکاری بەنامۆ، پەیوەندییە دەرەکییەکانی کرێکار لەگەڵ سروشتو خۆیدا، بەمشێوەیە دەکرێت لەموڵکدارێتی تایبەتی تێبگەین لەمیانەی توێژینەوە لەمەڕ چەمکی کاری بەنامۆ، واتە، مرۆڤی نامۆ، کاری نامۆ، ژیانی نامۆو مرۆڤی هەڵکەنراوەوە (estranged)(19).

ئـەوە تەنها جیهانی شتەکان نییە، زاڵـە بەسەر مرۆڤدا بەڵکو هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو سیاسیش بەشداری لەو زاڵبوونەدا دەکەن، کە مرۆڤ بۆ خۆی خوڵقاندونی کەچی ئێستا بەسەریدا زاڵن. «ئەو هێزەی ئەو شتە دەستیدەکەوێت و لەلایەن خۆشمانەوە بەرهەمدێت، بۆتە هێزێکی بابەتیو لەژێر کۆنتڕۆڵی خۆماندا نەماوە، بێ هیوامان دەکاتو حیسابانەکانمان مایە پووچ دەکات- ئەمە هەتا ئێستا یەکێک بووە لەهۆکارە

سەرەکییەکانی پەرەسەندنی مێژوو»(20).

ئەو مرۆڤە نامۆیەی بڕوای وایە بۆتە فەرمانڕەوایەک بەسەر سروشتەوە، دەبێت ئەوە باش بزانێت کەبۆتە کۆیلەیەکی شتو هەلومەرجەکانو پاشکۆیەکی بێ دەسەڵاتی ئەو جیهانەیە کەهاوکات بۆتە گوزارشتێکی وشک هەڵاتووی هێزە خودییەکەی مرۆڤ.

مارکس پێیوایە نامۆبوونی کار زادەی بەرهەمی کارو هەلومەرجەکانەو ئەمەش بەهیچ کلۆجێک لەنامۆبوون لەخود، لەمرۆڤی بـراو سروشت جیابکرێتەوە. «نامۆبوونی مرۆڤ ئاکامێکی راستەوخۆی نامۆبوونیەتی لەهەریەک لەبەرهەمەکانی کاری خۆیو ژیانی جۆرەکیانەی خۆی، چونکە کاتێک مرۆڤ رووبەڕووی خۆی دەبێتەوە ئەوا لەهەمانکاتدا روبەڕوی هەموو مرۆڤەکانی تریش بۆتەوە. ئەوەی راستە بۆ پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ کاروبەرهەمی کارو خودی خۆیدا، ئەوا لەبواری پەیوەندیکردن بە خەڵکانی تر، کارو بابەتەکانی کاریشیان هەر راستە. بەشێوەیەکی گشتی بڕیاردان لەسەر ئەو راستییەی کەمرۆڤ بەژیانی چلۆنایەتیانەی خۆی نامۆیە، بەو مانایەیە کەمرۆڤ بەرامبەر بەخەڵکانی تریش نامۆیە، هەرکامێک لەوانیش، بەهەمان شێوە بەژیانی مرۆڤایەتی نامۆن»(21).

مرۆڤی نامۆ تەنها بەرامبەر بەوانی تر نامۆ نییە، بەڵکو لەگەڵ جەوهەری مرۆڤیانەی خۆیو «بوونە جۆرەکی»یەکەی لـەڕووی خاسیەتە سروشتیو رۆحانیەکانیشەوە، نامۆیە.

نامۆبوون لە جەوهەری مرۆیی دەچێت بەرەو جۆرێک لەخۆپەرستی لەبووندا، مارکس وەسفی ئەم حاڵەتە بەجۆرێک دەکات کەجەوهەری مرۆییانەی مرۆڤ بۆتە: «ئامرازێک بۆ بوونە فەردییەکەی. کاری نامۆ وادەکات جەستە، سروشتی دەرەکی، ژیانە فیکرییو ژیانە مرۆییەکەی لەمرۆڤ نامۆ بکات(22).

لێرەدا، تێگەیشتنی مارکسو پرەنسیپی کانت یەکتردەبڕن لەوەدا کەمرۆڤ دەبێت هەمیشە ئامانج بێت لەخۆیدا، هەرگیز نابێت ئامرازی گەیشتن ببێتە ئامانجێک، بەڵام مارکس ئەو پرەنسیپە بەجۆرێک فراوان دەکات، کەهەرگیز نابێت جەوهەری مرۆییانەی مرۆڤ ببێتە ئامرازێک بۆ بوونی فەردیی.

خەریکە ناکۆکییەکانی نێوان تێڕوانینەکانی مارکسو ڕێبازی شمولیانەی کۆمۆنیزمی بەشێوەیەکی زۆر رادیکاڵانە تر باسی لێوە بکرێت، چونکە ئەگەر مارکس وتبێتی ناکرێت مرۆڤایەتی مرۆڤ تەنانەت بکرێتە ئامرازێک بۆ بوونە فەردییەکەی، ئەی کەواتە چۆن دەکرێت ئەو مرۆڤایەتییە دابەزێنرێتە خوارەوە بۆ ئاستێک کەتێیدا ببێتە ئامرازێک بۆ دەوڵەتو چینو نەتەوە.

نامۆبوون هەموو بەهاکان خراپ دەکات، بەجۆرێک ئابوریو بەهاکانی- (سوود، کار،پاشکەوتو پنەویی)(23)

دەکاتە بەها بەرزو باڵاکانی ژیانو شکست بەمرۆڤ دەهێنێت لەوەی بتوانێت گەشە بەشیرازەو بەها ئەخلاقیەکان بدات، کەبەواقیعی دەستبەرداربوونە لە «ویژدانی ئاسودەو باشو چاکەخوازیی، ... هتد، بەڵام من چۆن دەتوانم چاکەخوازبم، لەکاتێکدا من زیندوو نیم، یان چۆن دەتوانم ویژدانێکی ئاسودەم هەبێت لەکاتێکدا نەزان بووبێتم؟(24).

لەدەوڵەتی نامۆبووندا، هەر بوارێک لەبوارەکانی ژیان، لەلایەنی ئابوریو ئاکارییەوە، لە یەکتری جوداو سەربەخۆن، «هەر گۆڕەپانێک پێ لەسەر لایەنێکی دیاریکراوی چالاکییە نامۆکراوەکەی دادەگرێت، لەکاتێکدا ئەویش نامۆیە بەوانی تر»(25).

مارکس ئەو ئاتاجو خواستە مرۆییانە دەناسێت کەوتوونەتە ناو چوارچێوەی جیهانی نامۆبوونەوە، هەربۆیە بێ زیادو کەم، بەشێوەیەکی روونو ئاشکرای

سەرسوڕهێنەرانە، پێشبینی بەکۆتایی ئەو پێشکەوتنەوەکرد کەئەمڕۆ دەیبینین.

هــەروەک لەڕوانگەی سۆشیالیزمدا هاتووە، پێویستە بایەخی سەرەکی بەهەریەک لە» سامانی پێداویستییە مرۆییەکانو بەشێوازی نوێی بەرهەمهێنانو بەبابەتی نوێی بەرهەمهێنانو دەرخستنی وزەو توانای نوێی مرۆڤیانەو سەرلەنوێ دەوڵەمەندکردنەوەی بوونە مرۆییەکەی مرۆڤ بدرێت»(26).

هــەروەهــا خواستو پێداویستییەکان لەجیهانی بەنامۆکراوی سەرمایەداریدا، دەربڕی وزە ماتەکانی مرۆڤ نین، چونکە ئەوانە پێداویستی مرۆیی نین. لەسەرمایەداریدا: مرۆڤ بیرلەوە دەکاتەوە پێداویستی نوێ بۆ کەسێکی تر بخوڵقێنێت، تاوەکو ناچاری بکات لەسەر قوربانیدانی زیاترو بیخاتە ناو تۆڕێکی تری وابەستەییەوە، بەمجۆرە بەختیارییەکی نوێ لەخشتەی بەرێت، بۆئەوەی بەرەو وێرانییەکی ئابوری رایبکێشێت. هەرمرۆڤێک بۆ تێرکردنی نیازە خۆپەرستەکانی خۆی دەخوازێت هێزێکی نامۆ بەسەر ئەوانیتردا بسەپێنێت، بەوەش قەبارەی شتەکان هێندەی مەملەکەتی ئەو بوونە نامۆکەرانەی کەمرۆڤ ملکەچیەتی، فراوان دەبێت. بۆیە هەر بەرهەمێکی تری نوێ بریتی دەبێت لەتوانایەکی نوێی تری چەوتیو چەوێڵیو دزیو فزی هاوبەش.

مرۆڤ وەک مرۆڤ ، زۆر هەژار دەبێت، خواستە زۆرەکەی بۆ پارەو پولە لەپێناو زاڵبوونی بەسەر نەیارەکەیدا، بەڵام لەگەڵ گەشەی قەبارەی بەرهەمهێناندا هێزی پارەو پولەکەشی کەمدەکاتەوە، واتە بەزۆربوونی پارەو پوولەکەی پێداویستیەکانیشی زیاد دەکات. هەتا ئێستاش پێداویستی بۆ پولو پارە، ئەو خواستە واقیعیەیە کەئابوری نوێ هێناویەتییە ئاراوە، یاخود ئەو بەتاکە پێداویستی دەژمێردرێت. تاکە تایبەتمەندییەکی ئەو

سیستمە، بەشێوەیەکی بەردەوام، بریتییە لەبڕێک پارەو پول. هەرچۆن ئەو سیستمە هەموو جۆرە بوونێک کتومت دەباتە ئاستی شێوە ئەبستراکییەکەی خۆی، بەهەمان شێوە پارەو پولیش لەمیانەی گەشەیەوە خۆی دادەبەزێنێتە ئاستی شێوە بوونێکی بڕەکی. زیادەڕەویی‌و توندڕەویی دەبنە دوو پێوەرە راستەقینەکەی. ئەمەش بەشێوەیەکی خودیانەو ئەندەکیانە لەو راستییەدا دەردەکەوێت کەپەل هاویشتن لەبەر هەمهێنان‌و ئاتاجو پێداویستیەکاندا، لەشێوەی وابەستەییەکی زۆرزانانەو خۆپەرستانەدا دەبێت بۆ حەزە خەیاڵییە، ناسروشتییە خراپکەرو، نامرۆییەکان. موڵکدارێتی تایبەتی ئەو شتە نازانێت کەچۆن نیازو پێداویستییەکی رووت دەبێتە پێداویستییەکی مرۆیی، هەربۆیە دەبینین ئایدیالەکەی شێوەیەکی خەیاڵی، ئارەزومەندانەو هەوەسبازی وەردەگرێت. بەڕاستی هیچ بوونەوەرێکی خەساو، لە ڕێگەیەکی هێندە سووک‌و شەرمەزارەوە هەوڵی وروژاندنی حەزو هەوەسە پیسەکانی زۆردارەکەی نادات، تاوەکو خۆی پێداهەڵبواسێت‌و سۆزی بەلای خۆیدا رابکێشێت، وەک ئەو ماستاوەی کەخەساوێکی بواری پیشەسازی» بەڵێندەرێک» بۆ گەورەکەی دەکات، لەپێناو بەدەستهێنانی بڕێک پارەی زیودا، یاخود بۆ بەدەستهێنانی بڕێک ئاڵتون لەجانتای دراوسێ ئازیزو خۆشەویستەکەی، (هەموو بەرهەمێک بەڵایە، وادەکات تاکەکەس جەوهەری کەسەکەی تر بەلای خۆیدا رابکێشێت، واتە پارەکەی. هەموو ئاتاجو پێداویستییەکی واقیعی یان شاراوە لاوازییەکە باڵندەکە بەرەو داوێک پەل کێشدەکات:

ئەمەیە ئەو چەوساندنەوە هەمەلایەنەی ژیانی مرۆییانەی کۆمیونیتی.
ئەگەر خەوشی مرۆڤ جۆرێک لەخۆبەستنەوەی بێت بەئاسمانەوە، ئەوا هەمان ئەم شتە وا لەقەشەیەک دەکات خۆی پێبگەیەنێتە ناو دڵی مرۆڤ، بەهەمان شێوە هەموو پێداویستییەکیش دەرفەتێکە بۆئەوەی لەکەش و

هەوایەکی دۆستانەدا لەدراوسێکەمان نزیکبینەوە، ئەوەی دەڵێت «هاوڕێی خۆشەویستم، چیت دەوێت بتدەمێ، بەڵام پێویستە ئەوە بزانیت کە (چ مەرجێکت لێدەخوازم- Canditia Sine Qua non). تۆ ئەو مەرەکەبە دەناسیت کە پێویستە لەئیمزاکەتدا بۆمی بەکاربهێنیت، من بۆئەوەی خۆشیت پێبگەیەنم، دەتخەڵەتێنم»). بەڵێندەر هەموو حەزو ئارەزووە بۆگەنەکانی دراوسێکەی پەسەند دەکات، ئەویش لەڕێگەی دەڵاڵی کردنیەوە لە نێوان ئەو و خواستەکانیدا، یاخود لە میانەی خرۆشاندنی ئەو حەزە نەخۆشە نا دروستە لاوازانەی کە تێیدایەتی لەگەڵ چاودێریکردنی هەموو ئەو خاڵە لاوازانەی هەیەتی، ئەمە دواجار بۆ داواکردنی پاداشتێکی ئەو خۆشەویستیەیە»(27).

ئـەو مـرۆڤـەی بـەو ئاستە کەوتۆتە ژێـر رکێفی پێداویستییە نامۆبووەکانیەوە، ئەوە «کائینێکە لەڕووی عەقڵیو سروشتییەوە شێوێندراوە... وەک خود کاڵایەکی چالاکو بەئاگایە»(28).

ئەو مرۆڤە کاڵایە، بۆ بەدەوامیدان بەخۆی لەگەڵ جیهانی دەرەکیدا تەنها یەک رێگە دەزانێت، ئەویش لەمیانەی هەبوونو بەرخۆرییەوە (بەکارهێنانەوە): تاوەکو مرۆڤ زیاتر نامۆبوو بێت، هەستی موڵکدارێتیو بەکاربردنی، زیاتر بەشداری لەپەیوەندییەکانیدا دەکات لەگەڵ جیهاندا. « چەندێک کەمترت هەبێت، ئەوەندە کەمتر گوزارشت لەژیانت دەکەیت، هەتا زۆرترت هەبێت، ئەوەندە ژیانی نامۆبوونت و کردەی بوونی نامۆبووت، زیاتر دەبێت»(29).

مێژوو تەنها یەک چەمکی مارکسی لەسەر نامۆبوون سەلماندووە. مارکس بڕوایوابوو کەچینی کرێکار، ئەو چینەیە زۆرترین نامۆبوونی تووشهاتووە، هەربۆیە رزگاربوون لەکۆتی نامۆیی وادەکات سەرەتا وەک زەرورەتێک دەست بۆ رزگارکردنی ئەو چینە ببرێت.

بەڵام مارکس نەیتوانی پێشبینی بەو ئاستەوە بکات کەنامۆبوون تێیدا دەبێتە چارەنوسی زۆربەی زۆری خەڵک، بەتایبەتیش ئەو کەرتە روو لەزیادەی کۆمەڵگە، کەزیاتر مامەڵە لەگەڵ سیمبوڵو خەڵکدا دەکات، نەک لەگەڵ ئامێرەکاندا.

سەرباری هەموو ئەمانەش، ئەمڕۆ، پیاوی ئایینی، فرۆشیار، فەرمانبەرێکی فەرمانگە، هەموویان لەکرێکارێکی پیشەوەری شارەزا زیاتر توشی نامۆبوون هاتوون، چونکە هێشتا کارو فەرمانی کرێکارەکە پشت بەهەندێک تایبەتمەندیی تاکەکەسی دیاریکراو دەبەستێت، لەوانە وەک شارەزایی‌و کارامەیی، ...، هەروەها کرێکارەکە ناچار نییە «کەسایەتییەکەی»، زەردەخەنەو بیروڕاکانی بکاتە پرۆتۆکۆلێک‌و بیانفرۆشێت. ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ سیمبوڵەکاندا دەکەن، تەنها بۆ شارەزاییەکەیان بەکرێ ناگیرێن، بەڵکو بۆ ئەو خەسڵەتە کەسایەتییەیە دەیانکاتە» دەستەیەک لەکەسانی سەرنجڕاکێش»، کەبەکارهێنان‌و یارییپێکردنیان ئاسانە. ئەوانە «پیاوانی راستەقینەی رێکخراوە»ن نەک ئەوەی کرێکاری شارەزاو کارامەبن- ئەوانەی کۆمپانیا لایان بتێکەو دەیپەرستن.

بەڵام لەبەرئەوەی مەبەستەکە بەرخۆرییە، کەواتە هیچ جیاوازییەک لەنێوان کرێکارانی پیشەیی‌و بیرۆکراتەکاندا نییە، لـەڕووی هەڵپەو چاوچنۆکیانەوە بۆ شتەکان، بۆ شتە نوێ‌و تازەکان، بۆ هەبوون‌و بەکاربردن. ئەوانە وەرگرێکی خراپن، بەرخۆرن، سنور بۆدانراون، لاوازن لەبەردەم ئەو شتانەی پێداویستییە دەستکردەکانیان تێر دەکات. پەیوەندی ئەوانە لەگەڵ جیهاندا لەڕووی بەرهەمهێنانەوە نییە، بگرە جیهان لەحەقیقەتە هەمەکییەکەیدا نابینن بەڵکو لەناو رەوتی ئەم پرۆسەیەدا، لەگەڵ جیهاندا یەکدەگرن. بەدیوێکدا وایاندەبینن کەئەو شمەک‌و ئامێرانە بپەرستن

کەشتەکان بەرهەمدەهێنن، بەڵام بەدیویێکی تردا دەیانبینین، هەست بەناموێیو گۆشەگیری دەکەن لەم جیهانە نامۆکراوەدا.

هەرچەندە مارکس رۆڵێکی ئەوتۆی نەداوەتە بیرۆکراسیو لێکۆڵینەوەی گشتی کەمیشی لەبارەوە هەیە، بەڵام ئەوەی دەشێت بۆ ئەمڕۆ بەکاریبهێنین ئەوەیە کە: »بەرهەمهێنان، هەروا بەئاسانی، تەنها بەبەرهەمهێنانی مرۆڤ وەکو کاڵا ناوەستێتەوە، واتە وەک مرۆڤی کاڵا، یاخود مرۆڤ لەڕۆڵی کاڵادا، بەڵکو لەپاڵ ئەو ڕۆڵەدا، وەک کائینێکی شێوە مرۆیی شێوێندراو لەڕووی سروشتیو رۆحییەوە، بەرهەمیدەهێنێت - مرۆڤێکی ساردو سڕ، شێوێندراو، جامبوونی کرێکارانو سەرمایەداران. بەرهەمەکەی- واتە شێوازی بەرهەمهێنان کەکاڵایەکی کاراو هۆشیارە لەڕووی خودیەوە..... کاڵای مرۆییە»(30).

بۆ مارکس قورس بوو پێشبینی بەو مەسافەیەوە بکات کەشمەکو هەلومەرجەکانی خۆمان دروستمانکردوون ببنە سەرگەورەمان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی ئەو پێشبینییە زۆر رۆشنتر دەسەلمێنێت، ئەو راستییەیە کەئەمڕۆ رەگەزی مرۆڤایەتی دیلی دەستی ئەو چەکە ئەتۆمیەیە کەخۆی دایهێناوە، لەگەڵ ئەو دامەزراوە سیاسیانەی کەخۆی دایمەزراندوون. مرۆڤی ترساو، بەدڵەڕاوکێوە چاودێری دەکات، لەپێناوی ئەوەی کەئاخۆ لەهەڕەشەی ئەو شتانە رزگاری دەبێت کەخۆی دایهێناون، یان تۆ بڵێیت لەمەترسی کوێرە رەفتاری ئەو بیرۆکراسیانە دەرباز بێت کەخۆی دایناون.

## پەراوێزەکان

1) پەیوەندی نێوان نامۆبوونو بتپەرستی، لەلایەن» پۆل تیلیچـ»ـەوە پێی لەسەر داگیراوە، «مرۆڤ لەمەسیحیەتو مارکسیزمدا»، دیسلْدرۆف، 1953، ل14.

( هەروەها « تیلیچ) لەوانەیەکی تردا (Protestisehe Vision) ئەوە رووندەکاتەوە کەدەتوانرێت چەمکی نامۆبوون لەبیرکردنەوەی ئۆگستیندا ببینرێت. ئەمە بەجیا لە» لۆفیس» کەجەخت لەسەر ئەوە دەکات ئەوەی مارکس لەدژیەتی خوداوەند نییە، بەڵکو پەرستنی بتەکانە (بەراورد بکە: Von hegel Zu Nietzsche, ( I. C. P 378

2) ئەمە، ئەو شتەیە گوزارشت لەسایکۆلۆژیەتی کەسانی دەمارگیر دەکات. بەوەی کە بەتاڵە، مردوو رەنگو قێزەونە، بەڵام لەپێناو قەرەبووکردنەوەی حاڵەتی کەوتنو مردنە ناوەکییەکەی پەنادەباتە بەر هەڵبژاردنی بتێک، کەڕەنگە دەوڵەت، پارت، هزر، کڵێسا یان خودا بێت. ئەو کەسە وێنەیەکی رەها دەبەخشێتە بتەکەو بەشێوەیەکی رەهاش بۆی دەچەمێتەوەو کڕنووشی بۆدەبات. لەو رێگەیەوە، دەیەوێت مانایەک بداتە ژیانی، جگەلەوەی چێژێکی لەپەرستنی بتە هەڵبژێردراوەکە چنکدەکەوێت، بەڵام ئەو چێژە لەخۆشنودیی بەردەوامیی بەرهەمهێنەرەوە نایەت، هەرچەندە چێژێکی زۆریشە، بەڵام چێژێکی ساردو سڕەو لەسەر بنەمای مردنێکی ناوەکییانە دامەزراوە، یان ئەگەر مرۆڤ بەشێوەیەکی رەمزیی سەیری بکات- ئەوە «بەسنەڵەکێکی کلێپەسەندووە».3) گۆتە»: وتوێژ لەگەڵ ئیکرمان، 18ی شوباتی 1829»لە»لایبرغ» بڵاوکراوەتەوە، 1894، ل47 ( بڕگەکە لەوەرگێڕانی ئەریک فرۆمە).

4) « هەژدەی برۆمێری لویس پۆناپارت».

5) « فەلسەفەی مێژوو» وەرگێڕانی ج. سیبری، لەبڵاوکراوەکانی کۆلۆنیالیزم، نیۆیۆرک 1899.

6) « دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان» ل95.

7) « هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل98.

8) « هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل99.

9) « هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل99.

10) « سەرمایە»کتێبی یەکەم» کتێبخانەی کۆنگرێس» ل536.
11) دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان»ل 3–102.
12) « دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان»ل107.
13)» سەرمایە» کتێبی یەکەم « کتێبخانەی کۆنگرێس» ل396.
14)» سەرمایە» کتێبی یەکەم» کتێبخانەی کۆنگرێس» ل ل 68–81
15) « دەستووسە فەلسەفیو ئابوورییەکان» ل ل 143.
16) « سەرمایە» کتێبی یەکەم» کتێبخانەی کۆنگرێس» ل ل 62–461.
17) « دەستووسە فەلسەفیو ئابوورییەکان» ل ل 95.
18) « سەرمایە» کتێبی یەکەم»، « کتێبخانەی کۆنگرێس» ل 708.
19) « دەستووسە فەلسەفیو ئابوورییەکان» ل ل–6 105.
20) «ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی»، « کتێبخانەی کۆنگرێس» ل708.
21) « دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان» ل103.
22) « دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان» ل103.
23) « دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان» ل146.
24) « دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان» ل146.
25) « دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان» ل146.
26) « دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان» ل140.
27) « دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان» ل ل–140 142.
28) « دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان» ل111.
29) « دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان» ل144.
30) « دەستنوسە فەلسەفیو ئابورییەکان» ل111.

**سەرچاوە**

اریک فروم ، مفهوم الانسان عند مارکس، ترجمە محمد سید رصاص، دار الحصاد للنشر والتوزیع، ص63–76.

# مارکسیزم و دیموکراسی

عەبدولئیلاهـ بەلقزیز

و: عەدالەت عەبدوڵڵا

ئەو پەیوەندییەی کە لە فکری مارکسیدا لە نێوان سۆشیالیزم‌و دیموکراسیدا هەیە، چییە؟ ئەو پانتاییەی کە پرسی دیموکراسی لە فکری مارکسیدا داگیری کـردووە، چییە؟ ئایا چەمکی دیموکراسی لە تیۆری مارکسیزمدا مانایەکی تایبەتی هەیە، جیاواز یان جیاکاربێت لە مانا بنچینەییە تەقلیدییەکەی کە لە فکری لیبراڵیی نوێدا هەیە؟ ئەم پرسیارانە دەچنە بواری مەشقکردنی ڕۆشنبیبانەی تیۆرییەوە کە دەشێت مارکسیزم، وەک هەر تیۆرێکی دیکە، لە چوارچێوەی پرۆسەی تێڕامانێکی خۆیی‌و خۆ بەخۆ ئەنجامی بداتْ، پرۆسەیەک کە تیایدا شارەزایی تیۆریی خۆی ڕاستبکاتەوەو ئەو مەودایەش بپێوێت کە هەیە لە نێوان ئەوەی لە ڕووی مەعریفییەوە لێی داوادەکرێت، ئەوەی لە مادەیەکی فکریدا پێشکەشی دەکاتْ وەک وەڵامدانەوەی ئەو داواکـراوە، بەڵام مەسەلەکە لە دۆخی ئێمەدا بازنەی ئەو مەشقکردنە مەعریفییە ئاساییە تێدەپەڕێنێ بۆئەوەی بگاتە دۆزێکی زۆر هەستیارتر کە ئەویش تۆمەتبارکردنی مارکسیزمە بە درێغیکردن لە پێشکەشکردنی چەند بابەتێکی تیۆریی پۆزەتیڤ لە مەسەلەی دیموکراسیدا. پێویستە بوترێ ئەم جۆرە تۆمەتە فرە هاوشێوە و فرە هاوڕێیە، ئەمڕۆ بە درێژبوونەوەیەکی دیاریکراوی وا بڵاودەکرێنەوە، وەک ئەوەی داوەریکردنێکی سەختی تیۆرییانەی مارکسیزم بێت و داوەریکردنێکی سەختتری سیاسیش بێت، بۆ سۆشیالیزم لەلایەن چەند لایەنێکەوە کە

باشترین دەرفەتی حساب یەکلاییکردنەوەیان ڕاوکرد و قۆزتەوە، ئەمەش -بەداخەوە- بەوەبەرهێنانی(استپمار)ی خۆیاساغکردنی مارکسییەکان لە کردنەوەی بواری چاوگێڕانەوە بە سەرمایەی تیۆرەکەیاندا، خۆ یاساغکردنێک کە هۆکەی یان ئەوەتا کەموکورتی هەیە لە بوێریدا، یان بە هۆی توندیی کێرڤی شڵەژانە لە سەریان دوای ئەوەی پرۆژەی (سۆشیالیستی) کە مژدەیان لێوە دەدا و پارتایەتییان بۆ کرد، دووچاری وێرانەیەکی تۆقێنەری ئەوتۆ بوو ببێتە جێی شەرمەزاری.ئەوەی کە ئەمرۆ ڕەوایەتییەکی زیاتری بەو پرسیارانە داوە، ئەوەیە کە لە زەینماندا لە سەر پەیوەندیی سۆشیالیزم بە دیموکراسییەوەو لەسەر هەڵوێستی مارکسیزم لەم پەیوەندییە جێگیربووە. ئەو بۆچوونە باوەی کە هەیە باس لە ناکۆکی دەکات، لە نێوانیاندا ئەمەش لەسەر پاشخانی ئەو باوەڕەی کە سۆشیالیزم، خۆی وەک ئەڵتەرناتیڤێکی مێژوویی بۆ سەر لە بەری لیبڕاڵیزم پێشکەش دەکات، هەمان شتیش بە ووردەکارییەوە لە ئاستێ لە دایکبووەکەی لیبراڵیزم، واتە دیموکراسیدا دەکات، پاشان لە پاشخانی ئەو باوەڕەی کە مارکسیزم پەیوەندیی بەهیچی ترەوە نەبووە تەنها سیستمێکی سیاسیی ئەڵتەرناتیڤ نەبێت بۆ سیستمی زاڵبوونێنیی چینی بـۆرژوازی: ئەمە بوو کە دیموکراسیی لیبڕاڵی مسۆگەری کردبوو، لەڕاستیشدا ئەم بۆچوونە هەڵەبوو، ئەم هەڵەیەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەر کە پەیوەنیدارن بەو دەرئەنجامە سیاسییانەی کە پرۆژەی (سۆشیالیستی) ی جیهانیی لەم دەهەیەدا لێوەی کۆتاییهاتو پەیوەندیدارن بە هەندێ لە وێناکردنەکانی مارکسیزمیش بۆ دیموکراسی کە لەسێ چارەکە سەدەدا لە ژێر کولتوری سیاسیی فەرمی(رسمی)ی نێونەتەوەیخوازیی سێیەمو مەرجەعە بەلشەفیکییەکەیدا باو بوو:-

**یەکێک لەو دوو فاکتەرە ئەوەیە، ئەو وێنەیەی کە**

نمونەی (سۆشیالیستی) لەسەر خۆی پێشکەشکردبوو، ئەو نمونەیەی کە لە یەکێتی شـورەوی، چین، وڵاتانی ئەوروپای رۆژهـەڵاتو هەندێ وڵاتی باشوری وەکو: کوبا، ڤێتنام، کەمبۆدیا، یەمەن، ئەنگۆلا، ئیسیوبیاو نیکاراگوا،...هتددا جێبەجێکرا، وای لێهات بووبە نمونەیەکی سیاسیی تۆقێنەر، ئەمەش بەبۆنەی خۆدەرخستنی دەوڵەت تیایدا بە ئەنگێزەیەکی دەسەنگەرای توندوتیژو ئارەزوکردنی توندیشی بۆ بەهەدەربردنی سەربەخۆیی بواری کۆمەڵایەتیو لکاندنی بە بواری سیاسییەوە، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری بواری سیاسی لە میانەی قەدەغەکردنی

پلۆرالیزمی سیاسیو سەپاندنی سیستمی تاکە حزبیو میلیتاریزەکردنی دەسەڵات و دەستگرتن بەسەر ئازادییە گشتییەکانو مافە مەدەنیو سیاسییەکاندا و، پەیڕەوکردنی سیاسەتگەلێکی» پاکتاوکردن» و یەکلاکردنەوەی خوێناوییانە لە دژی ((دوژمنانی شۆڕش)) و قۆرخکردنی نوێنەراتی و فەرمانڕەوایی و کۆت و پێوەندکردن، بەڵکو نەهێشتنی- ئازادیی ڕۆژنامەگەری بە تەواوەتی و... هتد، ئەگەر دوژمنانی سۆشیالیزمیش ئەم هەڵەو تاوانانە ڕاوبکەنو لە دژی سۆشیالیزم وەبەری بهێنن و بگرە بە گەورەکردنەوەو هەڵاکردن زیاتریشی بخەنەسەر، ئەوە خەڵکە بە ویژدان و بێلایەنەکان، بەڵکو لایەنگرەکانیش ناتوانن تاوانەکانی لینین لـەدژی (سۆشیالیستە پێشکەوتووخوازەکان) و تاوانەکانی ستالین لەدژی بەرهەڵستکارە بەلشەفییەکانی(تروتسکی، بوخارین، زینۆڤییڤ، کامینێڤ، برپوپراگنسکیو ئیلکساندراکۆلونتای ... ) لەدژی پارت و گەلەکەی خۆی (نزیکەی دوو ملیۆن قوربانی: «پاکتاوکردن» و «قەسابخانەکانی شۆڕشی کولتووری» ) لە چین پێش پتر لە 30 ساڵ و قەسابخانەکانی دینگ کسیاو پینگ و دەستە فەرمانڕەواکەی لە دژی

( چوار باندەکە) و تەوژمی ماوی لە چین و تاوانەکانی «پۆل پوت» لە دژی یەک ملیۆن کەمبۆدی و ئابروچوونەکانی دەستوەردانی توندوتیژانەی سوپای سووری شـوورەوی لە چیکۆسلۆڤاکیا، یۆگۆسلافیا، ئەفغانستان، دەستێوەردانی چین-ی هاوشێوەی لە ڤێتنام، ئەسیوبیا-ش لە ئەریتریا، سۆماڵ لە یادبکەن، هەروەها ناتوانن ئەو پاکتاوکردنە خوێناوییە ناوخۆییە لە ناوەندی شیوعییەکان لە بیربکەن کە گیانی دەیان هەزار خەڵکی لە یەمەن، ئەنگۆلا، نیکاراگواو کەمبۆدیا لەدەستدا، ئەمە سەرەڕای تیرۆریزمە کوێرانەکەی ڕژێمی نیکۆلای چاوچیسکۆو هێزەکانی «سیکۆرتیات» لە رۆمانیا، ڕژێمی یاروزلسکی لە پۆلۆنیا، رژێمی هۆنیکەر لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، رژێمی میلسۆڤیتچ لە سربیا، رژێمی ئۆغستینۆ نیتۆ لە ئەنگۆلاو رژێمی کاسترۆ دژی بەرهەڵستکارەکانی لە کوبا.

تێکڕای ئەم نمونانەو زۆری تریش، خراپترین بۆچوونیان لەسەر سیستمی (سۆشیالیستی)، لەسەر هەموو ئەوانە پێشکەشکرد کە بە مارکسیزم موتربەن، مارکسیزم: وەک تیۆرێک بۆ شۆڕشو کاری سیاسیو بونیادی کۆمەڵایەتی. هەمووئەو خەڵکانە لە وەحشەتگەرییەکی بێ وێنەدا دەرکەوتن، لەگەڵیشیدا ئەو مۆڵدراوە زۆرە لە ئارمانجە جوامێر و مەزنەکان، کە ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیزم لە پێناو مۆرکردنی (وەرچەرخاندنی بۆ واقع) هاتەکایەوە، وا دەرکەوت وەک ئەوەی کردەوەیەکی پیسی ئەهریمەنانە بێت لە بەرگێکی فریشتەیی پاکدا! تەنانەت ئەوانەیش کە ئامرازەکانی میدیای ( سۆشیالیزم)، بە جیاوەبووەکان لە قەڵەمی دەدان، زۆرینەی هەموویان خیانەتکار نەبوون، بەڵکو بێزارو سەرسوڕماوبوون بەو (سۆشیالیزم)ەی کە ببووە هاوتای داپڵۆسین و مەرگ و ڕووشاندنی شکۆی مرۆڤ.

هەرچی فاکتەری دووەمە، ئەوە خۆی دەبینێتەوە لە هەندێ تیۆریزەکاریی

مارکسییانە بۆ جۆرێکی جیاواز لە دیموکراسی و جیاکار لە نمونە لیبراڵییەکەی واتە: مارکسییەکان کەوتنە بەرهەڵستیکردنی سیستمی لیبراڵییانەی دیموکراسیی نوێنەرایەتی، لەجیاتی ئەو سیستمەش کەوتنە بەرگریکردن لەوەی کە ناویان نابوو سیستمی دیموکراسیی میللی، یان دیموکراسیی ڕاستەوخۆ لە چەشنی شوراکان (ئەنجومەنەکانی کرێکاران و جوتیاران) لە چەشنی خود بەڕێوەبردن و ئینجا چەشنی ئەنجومەنایەتی. مارکسییەکان ڕەخنەیان ئاراستەی دیموکراسیی لیبراڵی کرد بەو پێودانەی کە سیستمێکی سیاسیی تایبەتە بە دەسەڵاتی چینی بـۆرژوازی، بەو ڕوانگەیەش کە دەست بەسەر نوێنەرایەتیی کۆمەڵایەتیدا دەگرێت لە بەرژەوەندی هێزەکانی سەرمایە و لە دژی زەحمەتکێشان و ئەو مافانەیان کە لە نوێنەرایەتیی سیاسی هەیانە. تەنانەت کاتێک کە کەسێکی وەک لینین، کە بەهێزترین کەسیانە لە بەرهەڵستی کردنی سیستمی دیموکراسیی لیبراڵییدا، پاشگەزدەبووە لە هەڵوێستی خۆی لە چوونە ناو پەرلەمانە دواکەوتن خوازەکانەوە، بۆ ئەوەی بەرگری لە بەشداریکردن بکات لە ئەنجومەنی «دۆما» ئەو بەشداریکردنەی بە هەلومەرجی پاشەکشەی شۆڕشگێڕی بەراورد دەکرد، وەزیفەی ئەو بەشداریکردنەی وا دیاریدەکرد کە توانا ببەخشێت بە بزوتنەوەی شۆڕشگێری لە ڕێکخستنەوەی ڕێزەکانیدا بۆ سەرلەنوێ تێکشکاندنی دەسەڵات بە شێوەی توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە. هەرچی ئەوانەی کە داکۆکییان لە پەرلەمانە بۆرژوازییەکان دەکرد، لەوانەی کە لینین بە (سوارچاکانی نێونەتەوەیی دووەم) ی ناودێردەکردن، ئەوە ئەوەیان پێبڕا کە لینین بە ریفۆرمخوازەکانیان وەسف بکات، ئەوەش وەسفێکە لە کەمترین حاڵەتدا لە ئامێزی فراوانی شۆڕشیان دەکاتە دەرەوە، لە ڕقە ئانەو ئەشەر ئامێزەکەیدا، لە وەسفی لادەرەکان دەچێت کە رژێمە شیوعییەکان دایان بڕیبوو بەسەر تەواوی دەنگە مارکسییە ڕەخنەگرەکان لە هێڵی ڕەسمیی حزب، واتە هێڵی سکرتێرە گشتییەکەی.

بەڵام گەورەترین هەڵوێستی نێگەتیڤ لە سیستمی دیموکراسی ئەو هەڵوێستەیە کە تێزی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا گوزارشتی لێدەکات. ئەم تێزە گریمانەی ئەوە دەکات کە دیموکراسی لە سیستمی سۆشیالیستیدا خۆی لەوەدا دەنوێنێت توانا دەبەخشێتە بەرهەمهێنەران کە مافی دەسەڵات بەدەست هێنانیان هەبێت دوای بەدەستهێنانی سامان، مافی پاوانکردنی بەڕێوەبردنی شیانی هەبێت، ئەمەش بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بنیادنانی سۆشیالیستی و لە دڵی ئەم پرۆسەیەشدا پرۆسەی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان، هەرچی بیانووە بۆ ئەو پاوانکردنە، ئەوە لەوەدایە کە دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی بەرهەمهێنەران و زۆرینەی کۆمەڵانی بێبەش، بە هیچ لایەک ئەنجام نادرێ تەنها بەو چینانە نەبێت کە بەرژەوەندییان لە گۆڕانی سۆشیالیستییانەدا هەیە. لەسەروبەندی ئەوەشەوە، بەشدارکردنی بۆرژوازییەت لە دەسەڵاتدا یان لە نوێنەرایەتیی سیاسیدا، ئاستەنگ لەسەر ڕێی بزوتنەوەی گواستنەوەی سۆشیالیستی دادەنێت و زیان لە سروشتە شۆڕشگێڕییەکەی دەدات. نابێت شۆڕشیش بەناوی دیموکراسییەوە شتێک بە بۆرژوازییەت بدات، کە بە ناوی سۆشیالیزمەوە لێی سەندۆتەوە و ... هتد .

لە تیۆری خۆیدا دەربـارەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا، مارکسیزم وەڵامی ئەو توندوتیژییە سیاسییەی بۆرژوازییەت و پەراوێزخستنەکانی بۆ چینە بەرهەمهێنەرەکان بە دژە توندوتیژییەک دایەوە کە هاوشان و لەسەرو توندوتیژیی سیاسیی بۆرژوازییەتەوە بوو!. دیموکراسییەتی بۆرژوازی کورت بووەوە بۆ خاوەن موڵکەکان و نوێنەرایەتیی لەواندا لە قاوغدابوو و خەڵکانی تری لە زەحمەتکێشان ڕەتدەکردەوە، دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریاش شتێکی تری نەکرد جگەلەوەی بەهەمان شێوە وەڵامی دایەوە، هەمان پەیوەندیی پەراوێز خستن و ڕەتکردنەوەی بەرهەم هێنایەوە کاتێک کە دەسەڵات و

نوێنەرانیی لە چینە زەحمەتکێش و بەرهەمهێنەرەکاندا گۆشەگیرکرد. بەم شێوەیەش مارکسیزم لەجیاتی ئەوەی تیۆرێکی پێشکەوتنخوازانە لە بواری سیاسیدا دابهێنێت کە ئەوە بسەلمێنێتەوە لەوەی کە بۆرژوازییەتی لیبراڵی لەدژی دەوڵەتی دەسەڵاتگەر و دەوڵەتی تیوکراتی پێشکەشیکردووە، تەنها پەرچەکرداری نواند، بەمەش سەرلەنوێ مەرجەکانی سیستمی پاوانکردنی دەسەڵاتی بەرهەم هێنایەوە!.

هەموو ئـەوە، پەیوەندییەکی پتەوی بەو وێنە خراپەوە هەیە، کە لە هەڵوێستی سۆشیالیزم لە دیموکراسی و پەراوێزکەوتنی مەسەلەی دیموکراسیدا هەیە لە گوتاری سیاسیی مارکسیدا. ڕاستیش ئەوەیە ئەم وێنە خراپە بەرهەمی ڕێکەوتێکی خراپتره کە لەدوو هەڵخلیسکانی ترسناکدا گوزارشتی لەخۆی کردووە: هەڵخلیسکانێکی سیاسی کە خۆی لە دامەزراندنی نمونەیەکی سیستمی (سۆشیالیستی) دەبینێتەوە کە لە سروشت و لۆژیکدا__ پرۆژەی سۆشیالیستی وشک هەڵدەگەڕێنێت کە تیۆری مارکسیزم موژدەی لێوەدا و بەرگریی لێکرد. هەڵخلیسکانێکی تیۆرییش، کە بە ئاشکرا ڕاڤەکردنی توندڕەوانەی لینین، بۆ گوتاری مارکس و لە مەسەلە سیاسییەکاندا، گوزارشتی لێکرد. پێویستە بوترێ کە مارکسیزم بە وێنە و شکۆی خۆی باجی تێچووی ئەو دوو هەڵخلیسکانەی دا، کاتێک کە بەشێوەیەکی ناهەقانە لەسەر ئەو دوو هەڵخلیسکانە داوەری کرا، بە هەرحاڵ هەموو ئەوانەی کە ڕەخنەیان لە مارکسیزم گرت بە وەبەرهێنانی ئەو هەڵخلیسکانانە بە داخبوون لە ئاستیدا و بەپێشوەخت و پێداگرتنەوە کەوتنە چاودێریکردنی لە پێناوی ڕاوکردنی کەم و کورتی و هەڵەکان، لەکاتێکدا کە سەرلەبەری ئەو پەیوەندییە مارکسییانەیان تیایدا پشت گوێ خست کە هێمان بۆ تەندروستیی پەیوەندی بە دیموکراسیەوە: ئەو پەیوەندییانەش زۆرن و کورت ناکرێنەوە.

لەسەر فرەیی ئەو ئاماژانەی کە هێمان بۆ هاوسنوریی دیالێکتیکییانەی نێوان سۆشیالیزم و دیموکراسی، هێماشن بۆ ڕاستو دروستی پەیوەندیی نێوان مارکسیزم و دیموکراسی، تەنها چوار ئاماژە دەهێنینەوە.

ئاماژەی یەکەم: پەیوەندیی بە هەڵوێستی کلاسیکییەکانی مارکسیزمەوە هەیە لە ئاستێ سیستمی دیموکراتی - بەتایبەتیش نوسینەکانی مارکس و ئەنگڵس- کە لە هەڵوێستی سەنتڕاڵییدا دایدەشکاندەوە بەلای نرخاندنی دیموکراسییەتی لیبراڵیدا و لە قەڵەمدانی بەوەی کە هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەیە لە بواری سیاسەت و دەسەڵاتدا، مارکس سەرسووڕمانی گەورەی خۆی بە کەلەپوری سیاسیی لیبراڵییانەی سەردەمی ڕۆشنگەریو بە شۆڕشی فەرەنسی نەدەشاردەوە کە سییانەی دەرەبەگایەتی و ئیکلیرۆسی کڵێساییو ستەمکاریی ڕەهای پاشایەتی ڕوخاند. چاوی لەوەش بوو ئەڵمانیای دواکەوتوو لە ڕووی سیاسییەوە، بەو شێوەیەی کە فەرەنسا لە سەدەی هەژدەمدا ژیاوە، بژێت. لەگەڵ ئەوەی بەرگریی لە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاش دەکرد لە «مانفێستی کۆمەنیست«دا، بەڵام داکۆکیی لە شۆڕشی دیموکراسیی (18ی برومیر...) یش دەکرد و بە دەسکەوتێکی مێژوویی یەکلاکەرەوەی لەقەڵەم دەدا، دەسکەوتێک کە ئەوروپا پێویستیی پێیەتی و سەرلەبەری مرۆڤایەتیش پێویستیی پێیەتی بۆ ڕیشەکێشکردنی ستەمکاری. بگرە مارکسیزم لەوەدا ڕانەدەوەستا کە خۆی بناسێنێ بەوەی درێژەپێدانی سروشتییانەی مێژوویە بۆ شۆڕشی دیموکراسی لیبڕاڵی ، هەوڵیشیدا بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە خۆی لێ جیابکاتەوە بەوەی کە مارکسیزم ئەو شۆڕشە بەشێوەی ڕەخنەکردنێکی یەکلاکەرەوانە دەستپێدەکاتەوە، ڕەخنەکردنی ئەو لادانانەی کە سنور بڕی کردووە لە هێڵی ڕەسەنی خۆی. بە گشتییش کەلەپوری تیۆری مارکسیزم پڕە لەو بەراوردانەی کە هێماو گەواهین بۆ هەڵوێستی پۆزەتیڤی مارکسیزم

لەسەر دیموکراسی، هەڵوێستێک کە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، ئەگەر مارکسیزم ئەنگێزەی ئەوەی هەبێت ڕەخنە لە دیموکراسی بگرێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە ڕەخنەکردنەکە بەشداریکردنێکی ئەوە لە پەرەپێدانی چەمکی دیموکراسی و دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەی.

ئاماژەی دووەم: پەیوەندیی بەو زیادکردنە تیۆرییانەوە هەیە کە تیۆری مارکسیزم بۆ بە دەوڵەتیکردنی چەمکی دیموکراسیو بۆ دەکردنیشی لە مانا بۆرژوازییە تەسکەکەی بەرەو پانتاییەکی فراوانتری بواری کۆمەڵایەتی، پێشکەشی کردوون، بە جۆرێک کە ئەوەی تیا نەهێڵێت تەنها سیستمێکی سیاسی بێت بۆ بۆرژوازییەت، بەڵکو سیستمێکی گشتی بێت، سیستمێک مافەکانی سەرلەبەری چینەکانی کۆمەڵ بپارێزێ و دابینی بکات: لە ناویاندا چینە بەرهەمهێنەرەکان. چونکە دیموکراسی لە پێناسە لیبراڵییەکەیدا سیستمی دابینکردنی مافە سیاسییەکانە بۆ خەڵک(بۆ هاوڵاتییان) بەوەی هەموویان لەبەردەم یاسادا یەکساندەکات، هەمان دەرفەتیان هەیە بەو پێیەی هەموویان هاوڵاتین، ئەگەرچی بیرۆکەی دیموکراسیی لیبراڵی سنورێکی بۆ سیستمی نەریتییانەی پلەبەندیی سیاسیی داناوەو نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و هەموو گروپەکانی لە مافە سیاسییەکاندا یەکسانکردووە، بەڵام ئەو جیاوازی کەوتنەوەیەی کە لە کۆمەڵدا لە بواری مافە ناسیاسییەکاندا هەیە، لە بابەت مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، ڕەچاونەکردووە. بەدەست نیشانیش بەشداریکردنی تیۆری مارکسیزم لە پەرەپێدانی چەمکی دیموکراسیدا ئالەمەدایە، بەوەی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیی دەخاتەسەر، تەواوکردنی ئەوەیە کە بیری سیاسیی لیبراڵی لەم بارەیەوە دەستی پێکردووە، لەسەروبەندی ئەمەشەوە، دیموکراسی لە تیۆری مارکسیزمدا تەنها دابینکەری مافە سیاسییەکان نییە بۆ هاوڵاتیان، بەڵکو دابینکەری مافە

ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانیشیانە. هەلپەرستیی ئابوری لە ستەمکاریی سیاسیی کەمتر خراپ نییە، ئازادیی مرۆڤیش لە تەواوبوونی دوژمنایەتیی دەسەڵاتو کردەوە داپڵۆسێنەکانیدا نییە، بەڵکو لە پاراستنیشێتی لە هەر قۆزتنەوەیەکی وەحشەتگەرانەی هێزەکانی سەرمایە کە دەوڵەت دەیانپارێزێت. بە گشتیش، مارکسیزم، گرفتی دیموکراسیی لە بابەتە لیبڕاڵییە نەریتییەکەی: واتە تاک، گواستەوە بۆ ئەو شوێنەی کە بابەتێکی نوێ بێنێتە بەر باس کە ئەویش چینە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگایە.

ئاماژەی سێیەم: پەیوەندیی بە کەلەپوری خەباتگێڕیی بزوتنەوەی سۆشیالیستییەوە هەیە لە نێوان هەردوو جەنگەکەدا (مەبەست لە هەردوو جەنگی جیهانییە/ وەرگێڕ) لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمو لەدژی رژێمە سیاسییە فاشیو نازییەکان لە ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، ئیسپانیادا لە پێناوی ئازادی و دیموکراسیدا. ئەوە خەباتێک بوو تیایدا بە ملیۆنان خەڵک، کە سەر بەو بزووتنەوانە بوون، گیانیان لە دەستدا، بگرە دەرئەنجامەکانی ئەوەبوو نازیزم و فاشیزم تێکشکاو کۆی ئەوروپاو جیهان لە چنگیان ڕزگاریان بوو. ئەم کەلەپوورەش بە کەڵەکەبوونی خەباتی سۆشیالیستەکان مەحکەمتر بوو لە دژی رژێمە دیکتاتۆری و میلیتارەکانی دڵی ئەوروپا (یۆنان، ئیسپانیا ، پورتوگال) بە تایبەتیش لە ئەمەریکای لاتیندا کە تیایدا (دیموکراسییەت)ی وولاتە یەکگرتووەکان چەند رژێمێکی ئۆلیگارشیی میلیتاریی خوێنرێژی هێنایە گۆڕێ و بە چەک و پارەش پاراستنی بۆ دامرکاندنی بڵێسەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لە ناوەڕاست و باشوری کیشوەرەکەدا. بزوتنەوەی سۆشیالیزم لە وەرگرتنی دەسەڵاتدا یان لە پاڵنانی بەرەو هەڵبژاردنی دیموکراسی، بەقوربانی دانە گەورەکانی خۆی، سەرکەوت، بەمەش ڕژێمە دیکتاتۆرییە میلیتارییەکانیان لەسەر حوکم دانەدەست مەدەنییەکان و پاشەکشەکردن

لەژیانی سیاسی بەرەو سەربازخانەکان ناچارکرد. ناهەقیش دەبێت، ئەگەر بێت و ئەم سەرکەوتنانە پەیوەست نەکرێن بە مارسییەکانەوە، تەنانەت ئەگەر لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتیشدا سەرکەوتوونەبووبن تەنها لە دوو وڵاتی بچوکدا نەبێت (کوبا و نیکاراگوا )، چونکە ئامانجیان بە پلەی یەکەم، تێکشکاندنی دیکتاتۆرییەت و کردنەوەی رێگابوو لەبەردەم توانستی گواستنەوەی دیموکراتییانەدا. زۆربەشیان، جگە لە حاڵەتی پیرۆ، پابەندبوون بە هەڵبژاردنی خەباتی دیموکراتییانە دوای ڕوخانی رژێمە میلیتارییە دیکتاتۆرییەکان.

ئاماژەی چوارەم: سەرمایەی زۆر و زەوەندی ئەو چاوگێڕانەوە تیۆری و سیاسییانە دەینوێنێت کە پارتە شیوعییەکانی ئەوروپا و رۆشنبیرەکانی لێوە دروستبوو، گەیشتە سەر زۆرێک لەو بابەتە مارکسییانەی کە لە نێونەتەوەیی سێیەمدا ( الاممية الثالثة ) بەڵگەنەویست و پیرۆزبوون، بە تایبەتیش ئەوەی کە لە پەیوەندیدایە بە مەسەلەی دیموکراسییەوە کە برێتییە - ئەمەش بۆ بیرخستنەوەیە- لەو چاوگێڕانەوانەی کە ئەزمونی پارتە شیوعییەکانی ئەوروپای بە خەسڵەتێکی تایبەتی خەسڵەتمەندکرد، بڕێک لە تاکایەتی، سەربەخۆیی بەسەر هەڵوێستەکانیاندا دابڕی کە ناوی ( شیوعییەتی ئەوروپایی) گوزارشتی لێدەکرد، ئەو ناوەی کە بە هێڵە سیاسییەکەیەوە نرا، ئەمەش وەک جیاکردنەوەیەک لەو شیوعییەتە باوەی کە لەو سەردەمەدا هەبوو:» شیوعییەتی شـوورەوی» یان شوورەویگەرایی. خوێنەری ئەدەبیاتی ئەم پارتە شیوعییانەش (پارتە شیوعییە ئیتاڵی، فەرەنسی، ئیسپانییەکان) تێبینیی ئەوە دەکات کە گرنگترین ئەو چوگێڕانەوانە دوو مەسەلەی خستە بەر باس: مەسەلەی توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، مەسەلەی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا وەک فۆرمێک بۆ بونیادنانی

سیستمی سیاسیی سۆشیالیستی. لەم ڕووەوە ئەم پارتانە دەستیان لە توندوتیژی هەڵگرت و ڕێگای خەباتی دیموکراسیی ئاشتیخوازانەیان گرتەبەر} هەندێکیان خەریکبوون لە هەڵبژاردنەکاندا دەگەیشتنە دەسەڵات وەک ئەوەی لە ئیتاڵیا ڕوویدا (ئێستا لە دەسەڵاتدان/ وەرگێڕ)، یان لە فەرەنسا کە تیایدا شیوعییەکان بە کردەوە بەشدارییان لە فەرمانڕەواییدا کرد { بەهەمان شێوە، سیستمی دیموکراسیش سیستمێکی سیاسیی بۆ فەرمانڕەوایی سۆشیالیستی دروستکرد لە حاڵەتی دامەزراندنیدا، لەو حاڵەتەی کە فۆرمۆلەی دەسەڵاتی گشتگیر(شمولی) دەسەڵاتی تاکەحزبیی، تێدەپەڕێنێت.

ئەگەرچی ئەمڕۆ شیوعی، یان (شیوعییەتی ئەوروپایی)بەپێی فەرهەنگی شوورەوی لە خانەی لادەرایەتی ( التحریفیة) پۆلێن کرا، بەڵام بە جۆرێ کە بوارێک بۆ گومان نەهێڵێنەوە، سەلماندی کە ئەو واتە شیوعییەتی ئەوروپای، خوێندنەوەیەکی دیموکراتییانەی ڕاست و دروستبوو بۆ فکری مارکس لە مەسەلەی سیاسیدا، لە کاتێکدا لینینیزم و میراتگرەکەی ستالینیزم، ڕێک خودی لادەرایەتیی بوون !.

ئەم چوار ئاماژەیە، گەواهیگەلێکی بەهێز لەسەر پەیوەندیی هاوسنوری و ئاشتبوونەوەی نێوان مارکسیزم و دیموکراسی پێشکەش دەکەن، مادەیەکی تەواویشمان دەخەنە بەر دەست بۆ ئارگیۆمێنت هێنانەوە لە دژی کۆی فۆرمەکانی تێگەیشتنی تۆتالیتارییانە و فاشییانە لە مارکسیزم و سۆشیالیزم. دەشێت گرنگتریش ئەوە بێت دوورخستنەوە یان تەنانەت پشتگوێخستنی ئەم واقع و ئاماژانە تەنها بەڵگە نابێت لەسەر ئارەزووی ساختەکردنی کەلەپوری تیۆریی مارکسی و کەلەپوری سیاسیی سۆشیالیستی، یان خراپەکردنیان، بەڵکو دەشێت هەوڵێکیش بێت لەلایەن خاوەنەکانیەوە بۆ بەراوردکردنێکی ماهییەتگەرانەی نێوان لیبرالیزم و سەرمایەداری و نێوان دیموکراسی، یان

هێماكردن بەوەی دیموكراسی بە تەنها پەیوەندیی بە كەلەپوری لیبڕاڵی و سەرمایەدارییەوە هەیە و هیچی تر نا ! مشتومڕیش لە دژی ئەم ئێزە ئەركە: بە چاوداری بێت یان بە كوێری، چونكە سەرمایەداری و سیستمە سیاسییەكەی بوو دیموكراسیی لەباربرد و زیندە بەچاڵی كرد هەر ئەویشە كە تەرزەكانی حوكمی فاشستی و دیكتاتۆری و ستەمگەری و تۆتالیتاری بەرهەمهێنا كاتێك كە لەسەر پشتی ئەو، واتە سەرمایەداری، دەوڵەتی پۆناپارتی و دەوڵەتی یەعقوبی و دەوڵەتی نازی و دەوڵەتی فاشستی: ئیدی میلیتاری بووبێتن، یان مەدەنی، دەوڵەتی پۆلیسیو دەوڵەتی ستەمكاری: واتە دەوڵەتی پاشایەتی ڕەهاو هی تر، دروستبوون. هەرچی (سۆشیالیزم) ە هەستابێت بە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی ئەم تەرزە حوكمانە بە تەواوی و ووردەكارییەوە، نمونەیەكی تۆتالیتارییانەی بۆ حوكمكردن دامەزراندبێت، ئەوە ئەمە پێویستیی بە چاوگێڕانەوە هەیە، چاوگێڕانەوەیەك كە دەشێت دەروازەكەی پرسیاركردن بێت لە سروشتی ئەو (سۆشیالیزم)ە: ئایا بە ڕاستی ئەوە سۆشیالیزمە وەك گێڕانەوە ڕەسمییە شوورەوی و چینییەكان دەیڵێن و ئەوەی كە لە فەلەكی ئەودا دەسوڕێنەوە لە هاوشێوەو هاوڕێكانی، یان ئەوە سەرمایەداریی دەوڵەتە وەك هەندێ ڕەخنەی ماركسی دەیڵێت، پاشان ئەمە بە زەڕوورەت هەندێ نەریتی سیاسیی نەگۆڕ بۆ سیستمی سەرمایەداری دەكاتە میرات؟!

لە هەموو حاڵەتێكدا، پێویستییەك بە بیركردنەوە هەیە لە پەیوەندیی نێوان سۆشیالیزم و دیموكراسی، بیركردنەوەیەك كە لە پلەی یەكەمدا تیۆری بێت، واتە بیركردنەوەیەك كە هەردوو چەمكەكە لە مەرجبەندییە سیاسییەكانیانو سەرلەبەری جۆرەكانی وەبەرهێنانی مۆڵەتدەر بە داهاتە سیاسییەكانی ئەوانەی پێی هەڵدەستن و هەڵگەڕاوە لە وێنە ڕەسەنەكەی

هەردووکیان دابماڵێت، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی کردەیی خۆیاندا لێیان بڕوانرێت.

ئەم جۆرە لە نزیکبوونەوەی تیۆری خۆشخوانییەکی رۆشنبیرییانە نییە کە پەیوەندیی کردەیی نێوان سۆشیالیزم و دیموکراسی هەڵینەگرێت بەو شێوەی کە تیایدا لە ئەزمونی واقعیدا گوزارشتی لە خۆی کرد، بەڵکو ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ دروستکردنی وێنەیەکی وورد لەسەر ئەو پەیوەندییە، وێنەیەک کە لە مانای هەردوولاوە وەرگیرابێت. لەم درێژبوونەوەیەدا پێشنیاری ئەم دوو پێناسەیە بۆ هەردوو لایەنی پەیوەندییەکە دەکەین، دوو پێناسە کە لەسەریان وێنەیەک بۆ پەیوەندیی گریمانەکراوی نێوانیان بونیاد دەنێین: سۆشیالیزم دابەشکردنی دادپـەروەرانـەی سامانە، هەرچی دیموکراسییە دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵاتە. دادپەروەرێتیی دابەشکردنیش خاڵی هاوبەشی نێوانیانە ئەمەش لە هەردوو حاڵەتەکەدا ڕێکخەرە، ئەمە یەک. دووەم، کە گرنگترە ئەوەیە دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات بەسەر خەڵکدا، ڕاست و ڕەوا دەرناچێت ئەگەر خەڵکی نەتوانن مافیان هەبێت لە ساماندا بەو جۆرەی کە گروپێک یان چینێک، بەبێ خەڵکی تر، مافی دەستبەسەرداگرتن، لە کایەی بەها ئابورییەکاندا، بۆخۆی زەوت نەکات، دەسەڵاتی خۆی قۆرخ نەکات بەسەر ساماندا، لەبەرامبەردا دابەشکردنی دادپەروانەی سامانیش بەسەر خەڵکدا راست و ڕەوا دەرناچێت ئەگەر مافیان لە دەسەڵاتێکی سیاسیدا نەبێت کە پرۆسەی ئەو دابەشکردنەیان بۆ بەڕێوەبباتو دادپەوەرییان بۆ مسۆگەر بکات. هەرچی سێهەمە کە ئەمەش گرنگترە، ئەوەیە کە دابینکردنی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ خەڵک کە یەکسانە بە (سۆشیالیزم) گوڕدانێکی کەڵەکردووی سروشتییە بۆ دابینکردنی مافە سیاسییەکان کە یەکسانە بە (دیموکراسی) ئەو شتەی

کە سودی لێوەردەگیرێت بەوەی سۆشیالیزم تێهەڵچوونەوەیەکی سروشتی و تەواوکردنی دیموکراسییە بەڵکو بڵێ سۆشیالیزم قۆناغی باڵای دیموکراسییە.

کردەیەکی ئایدیۆلۆژییانە نییە ئەم پەیوەندی بەراوردکردنە لە نێوان سۆشیالیزم و دیموکراسیدا دروستبکرێت. ئەمە گوێڕایەڵییەکی زانستییانە بۆ لۆژیکی هەردووکیان پێکەوە. ڕاستتروایە بوترێت کردەی ئایدیۆلۆژی ڕاستەقینە، ئا ئەوەیە کە خۆی لە هەوڵی نەهێشتنی پەیوەندیی نێوانیان دەبینێتەوە.

**سەرچاوە:**

عبدالإله بلقزیز، المارکسیه و الدیمقراطیه، مجله « النهج»العدد 16 خریف 1998، ص 118-124، مرکز الابحاث و الدراسات الإشتراکیه فی العالم العربی..

# مارکس‌و سیاسەتی مۆدێرن

بابک ئەحمەد
وەرگێڕانی لەفارسییەوە: یاسین عومەر

(ئەگەر ئەرکی ئێمە نییە ئایندە بینا بکەین‌و وەڵامە سەرمەدیەکان دابڕێژین، ئەوەی دەبێت ئێستا بەئەنجامی بگەیەنین زۆر یەقینە. مەبەستم رەخنەی بوێرانەی هەموو شتێکی جێگیرە. بوێر نەک تەنها بەمانای نەبوونی ترس لەبەرهاتووەکانی خود، بەڵکو تەنانەت لەشەڕکردن لەگەڵ هەر هێزێکدا کە رەنگە بێتە بەرامبەرەوە).

بابەتی ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیە لەمەکانەی تیۆری رەخنەیی کارل مارکس لەقسەی سیاسی مۆدێرندا. ئەندێشەو بەرهەمەکانی مارکس هەر لەساتەوەختی دەرکەوتنیانەوە، تا بەئەمڕۆ دەگات سەرچاوەی تەئویلی جۆراوجۆرو دژ بەیەک بوون. ئەم خاڵە لەمەڕ نوسینە سیاسییەکانی ئەو بەهێزێکی زیاترەوە دەردەکەوێت، تا هەنوکەش لەنێوان فەیلەسوفان‌و زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی سەبارەت بەپشک‌و رۆڵی مارکس لەپێکهاتنی سیاسەتی مۆدێرندا بیروبۆچوونی جیاواز هەیە. ژاک بیدەو ژاک تێکسێ کاری ئەو لەم زەمینەیەدا بەگرنگ‌و رەچەشکێنانە دەزانن‌و لەو باوەڕەدان کەبەبێ سەرنج دان، لەبەرهەمەکانی ئەو ناتوانرێت تیۆری سیاسیی نوێ‌و سیاسەتی مۆدێرن سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە(1).

لەبەرامبەریشدا بیریارگەلێکی وەکو ژان - لوک نانسی‌و فیلیپ لاکولابارت لەو باوەڕەدان کەمەسەلەی سیاسی بەشێکی فکرناشدەی کاری مارکسە.

ئەوانە لەیەکەمین بەشی کتێبی «گەمەی دوبـارەی سیاسەت»دا نووسیویانە کە لە ئەندێشەی مارکسدا «بۆشاییەکی سیاسی» هەیە، لەبەرئەوەی ئەو بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەتوێژینەوە فەلسەفەیەکانی خۆیدا بەم ئەنجامە گەیشتبوو کەدەبێت تیۆری کۆمەڵایەتیو رەخنەیی لەسەر بنچینەی ئابوری و سیاسی (کەئیمکانی ناسینی کۆمەڵگەی مەدەنی دەستەبەر دەکات) دابمەزرێنێت، سەرئەنجام:«سیاسەت وەکو کارێکی تیۆریزەنەکراو لەکاری ئـەودا مـایـەوە(2) «ژمـارەیـەک لەتوێژەرەوانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کەناتوانرێت بەمانای تەواوی وشەکە مارکس بەفەیلەسوفێکی سیاسی بزانرێت، لەبەرئەوەی ئەو هەرگیز فەلسەفەیەکی سیاسی گشتگیرو خاوەن یاساو رێسای پێشکەش نەکرد. روونە دیدگاو روانینی سیاسی هەر فەیلەسوفێک کەدەوروبەری سەدو شەست ساڵ پێش ئێستا کاری فکریی خۆی دەستپێکرد بوو، ناتوانێت بەشێوەیەکی تەواو وەڵامی پرسیارەکانی ئەمڕۆ بداتەوە، بەڵام ئەو پرسیارانەی کەلەم کتێبەدا خراونەتەڕوو، ئەمانەن: ڕۆڵی مارکس لەسەرهەڵدانی مەسەلەکانی ئەمڕۆدا تا چ ئاستێک بووە؟ ئایا ئەگەر ئەو نەبوایە، ئێمە بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ دەڕوانین سەرنجمان دەدایە جیهانو خۆمانو مەسەلە سیاسیەکان؟ ئایا مارکس لە دروستکردنی روخساری دانایی رۆژگاری ئێمەدا رۆڵی هەبووە یان نەیبووە؟ ئەگەر وەڵامەکە ئەرێیە، ئەوا رۆڵی ئەو چی بوو ؟

مارکس تیۆرێکی کۆمەڵایەتیو رەخنەییانەی داڕشت کە ئێستاشی لەگەڵ بێت بۆ فەیلەسوفانو زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی مەبەستو گرنگە لەچەندین رووەوە کاریگەری هەیە، ئەو نەک هەر تەنها بۆ پەیڕەوانی راستڕەوی خۆی، واتە بیریارانی وەکو جۆرج لۆکاچ، کارل کۆرش، ئانتۆنیۆ گرامشی، لویس ئاڵتۆسێر، لوچو کۆلتی، بەڵکو بەسەر کۆمەڵێک لە

سیاسەتمەداران‌و شۆڕشگێڕان‌و بگرە بەسەر بەشێک لەناودارانی فەلسەفەو زانستی مرۆڤایەتی سەدەی بیستەمیش، کەپەیوەسەت بوون بە ڕەوت‌و ڕێبازگەلێکی جۆراوجۆرەوە، کاریگەری داناوە تەنانەت یەکێ لە سەرسەخترین ڕەخنەگرانی مارکس، واتە کارل پۆپەر، لەکتێبی «کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی نوسیویەتی کە گەڕانەوە بۆ زانستی کۆمەڵایەتی پێش مارکس چیدی قابیلی تەسەورکردن نییە، توێژەرانی ئەمڕۆ هەموویان قەرزاری ئەون، با خۆشیان ئاگایان لەم قەرزە نەبێت (3). لیبرالسنێکی تریش کەئەویش دیسان لەپەیوەند بەئەندێشەکانی کارل مارکسەوە ئاوازێکی ڕەخنەگرانەی توندوتیژی هەبوو، واتە ریمۆن ئارۆن لەکتێبی (تەماشاکەری بەڵێندەر)دا بەڕاشکاوی نوسیویەتی کەهەر چۆن دەڕوانێتە رابردوو و لەبەرهەمەکانی خۆی ورد دەبێتەوە، هەست دەکات کەئەوانە (قوڵبونەوەیەکن لەبارەی سەدەی بیستەمەوە، کە لەژێر روناکی بەرهەمەکانی مارکسدا) و هەوڵیانداوە تا تەواوی بەشەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن، واتە ئابوری، پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندیە چینایەتییەکان، رژێمە سیاسیەکان، پەیوەندی نێوان میللەتان‌و لێکۆڵینەوە ئایدۆلۆژییەکان رۆشن بکەنەوە (4).

لێکۆڵینەوەی ئەندێشەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی مۆدێرن، دەرگیربوون لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی سەردەمی پاش مۆدێرنە، بەبێ سەرنجدان لەکارەکانی مارکس کەموکورت دەنوێنێت، من لەسەر ئەم ئیدعایە یان پێشنیهادە، پێدادەگرم کەبیری مارکس بەهەمان مانا زیندووە کە ئەندێشەکانی گەورەترین بیریارانی مۆدێرنی وەکو لۆک، رۆسۆ، کانت، هیگل زیندوون، نایشارمەوە رێزێکی زۆر بۆ ئەندێشەکانی مارکس دادەنێم، بەڵام بەهیچ جۆرێک بەدوای لایەنە بەسەرچووەکانی ئەوەوە نیم، لۆدڤیک ڤیتگنشتاین لەدوا دواییەکانی تەمەنیدا نوسیبوی: «فەیلەسوف، هاونیشتمانی هیچ یەکێ

لەکۆمەڵگەی بیروباوەڕەکان نییە، ئەمە ئەو شتەیە کەفەیلەسوفێک لەو دروست دەکات»(5). کتێبی فەلسەفی دەربارەی بیریارێک، کتێبێک کە شایستەی سیفەتی فەلسەفی بێت، دەبێت پەیڕەوی لەهیچ کام لە«کۆی باوەڕەکان»، واتە قەیدو بەندە ئاینیەکانو «ناوە باوەکان» نەکاتو نوسینێکی سەربەخۆ بێت.

هەر لەبەر هەمان هۆو هەر لەم دێڕە بەراییانەی ئەم کتێبەوە کە لەبەردەمتاندایە دەبێت بەڕاشاکاویو دڵنیاییەوە بڵێین کە ئەم کتێبە نوسینی مارکسیستێک نییە، تیایدا هەوڵنەدراوە تا لەهەموو شوێنێک و بەهەر نرخێک بووە بەرگری بکات، لە ئەندێشەکانی مارکسو ڕێبازێک کەئەو لەبەرهەمەکانی خۆیدا تەرحی کردبوو، هەڵبەتە مارکسییەکانیش بەرگریان لەهەموو ئەو شتانە نەکرد کەمارکس بیری لێدەکردەوەو لە نوسینەکانیدا تۆماری کردن، بەڵام نزیک بەهەموویان بەگشتی بەئەرکی خۆیان زانیوە بەرگری لەو شتە بکەن کەڕێبازی کاری ئەویان ناسیوەو بەگوتەی جۆرج لۆکاچ ڕاست گەڕێنەری مارکسیستی بەر لەهەر شتێک لەقەڵەمڕەوی میتۆدۆلیژییەکەیدا دەردەکەوێت (6) لەلایەکی ترەوە، دەبێت ئەم خاڵەیش ئاشکرا بکەم، ئەم کتێبە سەرباری ئەو ڕەخنە توندانەی لەئەندێشەکانی مارکس هەیەتی، بەتایبەتی لەلێکۆڵینەوەی دیموکراسیزمی مۆدێرندا، بەهیچ شێوەیەک دژی مارکس نییە، لە پێشەکی کتێبەکەدا ڕوونم کردۆتەوە کەبۆچی چالاکییە هزریو دەسکەوتە میتۆدۆلۆژیەکەی مارکس بەگرنگ دەزانمو، لەهەمانحاڵدا هەڵوێستێکی ڕەخنەییانەم لەبەرامبەریاندا هەیە، لەنوسینی ئەم کتێبەدا زۆر کۆشاوم ئامۆژگارییەکەی سپینۆزا بکەمە ڕێبازی خۆم: (مەگری، پێمەکەنە، بەڵکو بیرکەرەوە).

لێکۆڵینەوەکانی ئەم کتێبە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە بەرهەمەکانی

خودی مارکس بەستووە، لەکاری نوسەرێکدا کەبنەمایەکی ئاوا بکاتە رێبازی خۆی، چەندین دژواری قوت دەبنەوە، ئەو بەشانەی لەو کۆمەڵە کتێبانەی کەبەناوی (MEGA ) ، یان( Werke) ەوە چاپ بوون، ئەوانیش کامڵ نین‌و هەندێک لەنوسینە ئابوری‌و یاداشتە سایسی‌و کۆمەڵناسییەکان‌و نامەکانی مارکسی تێدا نییە، ئەم کەموکوڕییە تەنانەت لەو پەنجا موجەڵدەشدا جا کە لەکۆی بەرهەمەکانی مارکس‌و ئەنگڵس کە بۆ ئینگلیزیش وەرگێڕدراون‌و بڵاوبونەتەوە، وەلا نەنراوە. کۆی تەواوی بەرهەمەکانی مارکس‌و ئەنگڵس کەبۆ ئینگلیزیش وەرگێڕدراون‌و بڵاوبونەتەوە، هێشتا ئەویش بەشێوەیەکی رەخنەیی‌و ورد چاپ‌و بڵاونەکراوەتەوە، لەو دەقانەدا کە لەیەکێتی سۆڤێتدا وەرگێڕدرابوون‌و بڵاوکرابوونەوەو بەشێوەیەکی بەرفراوان لەبەر دەستی خوێنەراندان، نمونەگەلێک لەسەپاندنی بیروڕا لابردن و تەنانەت دەستکاریکردن و شێواندنیش لەبەردەستدان، کەزۆرتر روونکردنەوەو یاداشتی بڵاوکارە گومڕاکەرەکانە. هەڵبەتە ئەمانە هەموویان کاری توێژەر دژوارتر دەکەن.

دژوارییەکی تری ئەمە، بۆ تایبەتمەندی دەستکەوتنی بەرهەم‌و ئەندێشەکانی مارکس خۆی دەگەڕێتەوە، کە سەدو بیست ساڵ بەسەر مەرگیدا تێپەڕ دەبێت. کاری فکری مارکس هێندە خۆشدەستی تەئویل‌و لێکدانەوەی فراوان بووەو ئەم تەئولاینە هەندێکجار لەگەڵ یەکتردا جیاوازو لێک دژبوون کەمرۆڤ ئەو قسە بەناوبانگەی نیچەی بیردەکەوێتەوە، کە لەپەیوەند بەشۆڕشی فەرەنساوە کردویەتی: (ئیدی ناسینەوەی دەق لەدوای کۆمەڵێک تەئویلەوە کارێکی زۆر دژوارە، وەک بڵێی دەقەکە لەپشت لێکدانەوەکاندا ونبووە)، بەڵام لەسالانی جەنگی جیهانی دووەم بەدواوە بزوتنەوەیەکی فکری بەرێکەوتووە کەهانی گەڕانەوە دەدا بۆ خودی بەرهەمەکانی مارکس

(7) چەند توێژەرێکی کارای وەکو ئۆگۆست کۆرنۆ، ماکسیمیلین رۆبل، هال درەیپر، دەیڤد مەکلان، رێگەیان کردەوە، قەیرانی ستالینیزمیش بەئەندازەی خۆی کاریگەری دانا، بزوتنەوی رادیکاڵی دژی جەنگی ڤێتنام، بزوتنەوەی خوێندکارانی زانکۆیی دەیەی 1960، قەیرانە ئابورییەکان، گەشەی بێکاری لەئەوروپای خۆرئاواو، دەرکەوتنی ئەو شتەی کەتیری ئنگیلتۆن بە «شەوی تاریکی تاچەر – رێگان»ی دانا، دروستبوونی محافزەکاری نوێو لیبرالیزمی نوێ، کەوتنی کۆمۆنیزم لەیەکێتی سۆڤێتو ئەوروپای خۆرهەڵات، هەموو ئەمانە بوونە مایەی ئەوەی کەسەرنجدان لەئەندێشەکانی خودی مارکس بەدابڕاوی لەو شیکردنەوەو لێکدانەوانەی کەدواتر بۆ ئەو ئەندێشانە کراون، شکڵ بگرێت لەم نێوەندەدا هەڵبەتە دەرکەوتنی «چەپی نوێ« و مارکسیزمی خۆرئاوایش دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، چونکە بیریارانی ئەم رێبازەش خوازیاری گەڕانەوە بوون بۆ سەرچاوەی بەرهەمەکانی مارکسو ئەنگڵس(8).

ئەمڕۆش لەسەر ئەم خاڵە پێداگری دەکەین کەسەرباری هەموو دژواریەکان دەبێت بیر لە «مارکسی پاش مارکسیزم» بکەینەوە، هەوڵبدەین بۆ دەقی نوسینو ئەندێشەکانی ئەو بگەڕێننەوەو ئەو حیجابانەی کراونەتەبەری بیانخەینە لاوە. (لینینیزم یەکێکە لەو حیجابانە، لەراستیدا خراپترینیانە).

ڕاستییەکەی، نوسینی ئەم کتێبە بۆ ساڵانێکی دوور دەگەڕێتەوە، لەئەسفەندی 1359 دا دەستمکرد بە نوسینی کتێبێکی دوورو درێژ لەمەڕ «مارکسیزمو سیاسەت». بەپێی ئەو تەرحەی کەبۆ کارەکەی خۆمم دەستنیشان کردبوو، دەبوو لەیەکەمین بەشدا بچومایەتە سەر ئەندێشە سیاسیەکانی مارکس. لەسەروەختی کارەکەدا تەنانەت بۆ ئامادەکردنی بەشی دووەم کە بابەتەکەی ئینتەرناسیونالی دووەم بوو، زیاتر لە 200 لاپەڕە یاداشتم ئامادەکردبوو، نوسینی بەرگی یەکەم لەمانگی دەی 1362 دا تەواوکرد.

دواین پاکنوس 723 لاپەڕەی گەورەی لەخۆ گرتبوو. سەرباری ئەوەی کەئەم بەشەی کارەکەم، کەبەبۆچوونی ئەو کاتی خۆم بەشێکی بنەڕەتیو دژواربوو بەکۆتایی گەیشتبوو، بەڵام بیری بڵاوکردنەوەیم لەمێشکی خۆمدا وەلانا. لەو رۆژگارە دژوارەدا، بەفەرز کەئیمکانی بڵاوبوونەوەی کتێب فەراهەم دەبوو، بەڵام هەلی بردنە پێشەوەی لێکۆڵینەوەی رەخنەییانە دەربارەی بابەتەکانی ناوی لەئارادا نەبوو. نەمدەویست کتێبێک بڵاوبکەمەوە کە دژو ڕەخنەگرەکانی ئەتوانن بەشێوەیەکی ئاشکرا دژایەتی خۆیانی لەگەڵدا بکەنو بڵاویبکەنەوە، بەڵام لەئاستێکی فراوانتردا، واتە لەقەڵەمڕەوی سیاسەتی جیهانیدا، ئەو رۆژانە زۆر خرۆشێنەر ئامێز بوو. بزوتنەوەی هاوپشتی لەپۆڵەندا بـەرەو پێشەوە دەچـوو، بزوتنەوەی ناڕەزایەتی لەئەوروپای خۆرهەلاتدا پێی دەگرت، بۆ سەرهەڵدانو گەشەی بزوتنەوەی ریفۆرمیستی لەیەکێتی سۆڤێت هێشتا دەبوو چەند ساڵێ سەبر بکەین، بەڵام لەئاسۆی ئایندەدا دەکرا چەندین نیشانەی نۆفانێ ببینرێت، کەسەروەختی گەیشت، چەندینجار خێراترو رادیکاڵترو تەنانەت لەپێشبینی خۆشبین ترین پێشبینکەرانیش زیاتر کاریگەری دانا، لەکتێبەکەی منیشدا هێماو ئاماژەگەلێک دەبینرا کە لەرۆحییەیەکەوە هاتووە کەئیمکانی ئاڵوگۆڕکردنی دەدا، بەڵام کتێبەکە هێشتا لەچوارچێوەی قسەی «مارکسیدا» جێگەی هەبوو و مەسەلەی بنەڕەتیش تێگەیشتنی سازوکاری«قەیرانی مارکسیزم» بوو. کتێبەکە گوزارشتی لە تێڕوانینی نوسەرێک دەکرد کە دڵبەستەی تیۆری رەخنەیی بوو، بەتایبەتی ئەندێشەکانی ئادورنۆ، هۆرکنهایمەر، بنیامین، لۆکاچ، کرشو گرامشی. کەسێک کەلەگۆشە نیگای «مارکسیزمی خۆرئاوایی»ەوە رەخنە لەئەزمونی کۆمۆنیزمی سۆڤێتی دەگرێت.

بۆ نوسینی ئەم کتێبەی کەلەبەردەستانایە زۆر سودم لەبابەتە بنچینەییەکانی ئەو کتێبە (کتێبی قەیرانی مارکسیزم) وەرگرتووە. زۆربەی ئەو قسانەی مارکس‌و ئەنگڵس کەلێرەدا هێنراونەتەوە لەو کتێبەوە هاتوون، ژمارەیەک چەمک‌و باسیش لەنێوان هەردوو کتێبەکەدا هاوبەشن. گرنگترینیان رەخنەیەکە لەدیدگای گشتی مارکس لەمەڕ دیموکراسی‌و دەوڵەتی دیموکراتیکی بۆرژوازی، بەڵام لەڕاستیدا جیاوازی ئەم دوو کتێبە چەند بەرابەری لێکچونەکانیانە. زۆربەی بابەتەکانی بەشی یەکەمی ئەم کتێبەی ئێستا نـازەن‌و لەکتێبی پێشوودا تەنها ئاماژەگەلێکی پەرشوبڵاو بۆ ئەم باس‌و بابەتانە کرابوو، لەبەرامبەریشدا بەشی دووەم کەم‌و زۆر لەسەرهەمان شێوازی کتێبی پێشووە، هەرچەندە لەقەبارەی بابەتەکانی زۆرکەم کراوەتەوە. ئاسۆی ئەم کتێبەی ئێستا بۆ ئەو باس‌و لێکۆڵینەوانە دەگەڕێتەوە ئەمڕۆ لەسەر مۆدێرنێتەن. بەرلەوەی ئامانجی ئاشکراکردنی قەیرانی مارکسیزم بێت، تێگەیشتنی جێگەو رێگەو رۆڵی کارل مارکسە لەتۆمارکردنی سیاسەتی مۆدێرن‌و ئاشکراکردنی ئەو سنورەیە کەئەندێشەی سیاسی ئەو کە لەتیۆرەیەکی کۆمەڵایەتییەوە دەهاتەپێشەوە و جیادەکاتەوە. لەم کتێبەدا نەبۆتە فەرز کەئەندێشەی مارکس تەوەرێکی مانایی پتەوی هەبێ. ئەو بیریارێکی ناسراوە کەوێڕای هەڵەگەلێک کەهەندێ جار گەورەن، هەروەها کەموکوڕی ئەنجامگیرییەکان‌و تەعمیماتە تیۆرییەکانی، یارمەتیمان دەدات تەئویلی رۆژگارمان بکەین. کەسێک کەئێمە دەرگیری گفتوگۆی فەلسەفی خۆی لەگەڵ بیریارانی تردا دەکات، ئەندێشەی ئەقڵی رەخنەگرانە گەشە پێدەدات، لەبەرهەمەکانیدا نوێگەری فراوان دەستدەکەوێت‌و لەباشترین حاڵەتدا دەتوانێت ببێتە مایەی تەسەورێکی تازە لەمەڕ پەیوەندی زۆر ئاڵۆزی دادوەری بەئازادییەوە. کەسێک کەسیستمی مەجودی پەسەند نەبوو،

ویستی بیگۆڕێت، زۆر بیری لەم گۆڕانکارییە کردەوەو تێکۆشا ڕێگەیەکی تازە بکاتەوە، یان بەلای کەمەوە دان بەپێویستبوونی ئەودابنێ، ڕەنگە لەبەر خاتری هەمان ناوەڕۆکی ڕەخنەگرانەی کارەکەی بێت، کە ئەمڕۆش ناتوانین دابڕاو لەکارەکانی ئەو بیر لەئازادی بکەینەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کەدەبینین شێوازی پرسیارگەریی ئێمە لەبارەی ئازادییەوە لەگەڵ ئەو پێناسانەی کەئەو بۆ ئازادی بەدەستەوەی داون، ناچنەوە سەر یەک.

خاڵە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە لەبەشی وانەی گوتارەکانی پایزی (1378 کۆچی هەتاوی – 1999 زاینی) لەکۆلێژی ماف‌و زانستە سیاسیەکانی زانستگەی تاران تەرحکران، سوپاسگوزاری خوێندکارانی بەشە جۆراوجۆرەکانم کە لەم وانە ئیختیاریانەدا بەشدارییان کردو لەڕێنوێنی‌و ئاماژە ڕەخنەییەکانی خۆیان بێبەشیان نەکردم، هەروەها دۆستانێکی زۆر کەهەم ئەوساو هەم لەم سالانەی دوایشدا، کە دوبارە بەسۆراغی ئەم کتێبەوە هاتن، لەئامادەکردنی سەرچاوەکان کتێبەکان‌و گوتارەکاندا یارمەتییاندام. ئێستا لەپاش تێپەڕینی کاتێکی درێژ بەسەر ئەوەدا ڕەنگە ناوی هەندێکیانم لەبیربچێت بۆیە هیچ ناوێک ناهێنم، بەڵام زۆر مەمنونی هەموویانم، هەروەها مەمنونی هەموو ئەو کەسانەم کەبەشایستەیان زانیم‌و باس‌و خواسیان لەگەڵدا کردم‌و فێریان کردم، هەروەها لە دەربڕینی بیروڕای خۆیان، لەڕەخنەگرتن لەباوەڕەکانم درێغیان نەکرد (9).

**تێبینی:**

ئەم نوسینە برێتییە لەپێشەکی بابەکی ئەحمەدی بۆ کتێبەکەی (مارکس‌و سیاسەت مدرن)، کە دەکرێت وەکو خوێندنەوەیەکیش بۆ خودی کتێبەکە تەماشای بکەین (وەرگێڕ).

## پەراوێزەکان:

(1) لەم رووەوە بڕوانە Actuel marx (CNRC)

J. Bidet. Theorie general, paris. 1990.

J. Texier. Revolution et democratie chez Marx et Engels. Paris. 1998.

(2) ph. Lacoue-Labarthe and j- L. Nancy. Rejouer la politique. Paris, 1981, vol 1, pp. 20-21.

(3) کارل پۆپەر، کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنانی

(4)R. Aron. Le Specteur engage. Paris, 1981. Pp. 299- 300.

(5)L. Wittgenstein. Zettel. Trans. G. E. M. Anscombe. London. 1990. Remark, P. 80.

(6)G. Lucacs. Hisstory and class conciousness. Trans, R. Livingston. London. 1971, p. 1.

(7)G. gichtheim, Marxism: An Historical and critical study. London, 1978.

(8)P. Anderson. Cosiderations on Westren Marxism. London. 1976.

(9)لە لێوەرگرتنو بەبەڵگەهێنانەوەی بەرهەمەکانی مارکسو سەرجەمی نوسەراندا، لەهەر جێیەک ئەئکیدێک هاتبێ لەئێکستە بنەڕەتییەکەیەوە وەرگیراوە. هەرچەند لەئێکستی بنەڕەتیی بەرهەمەکانی مارکسدا (تەنانەت لەکۆی بەرهەمەکانیشیدا) ئەئکیدانەکان دەقیق نین، لەگەڵ دەستنوسەکانی خودی ئەودا ناچنەوە سەریەک. سەرچاوە جۆراوجۆرەکان لەپەراوێزەکاندا بەدیقەت هاتوون، کە ئەمەش ئۆمارکردنی بیبلۆگرافیای پشتەوەی کتێبەکەی کردە کارێکی ناپێویست.

## سەرچاوە

مارکسو سیاست مدرن، بابک احمدی، نشر مرکز، سال 1379، چاپ اول، ص (1-7).

# مارکسیزم‌و فه‌لسه‌فه
# تێگه‌یشتنێک بۆ روانگه‌ی ماتریالیستی
# له‌ مێژوودا

کارل کۆرش
له‌فارسییه‌وه‌: ره‌زا مه‌نوچه‌هری

ئەمڕۆ خوێندکارانی بۆرژوازی نەک تەنها مارکسیزم بەکێشەیەکی پلەیەک و ناخۆشی پراکتیکی و تیۆریی دەزانن، بەڵکو بە کێشەیەکی پلەدووی تیۆریشی دەزانن واتە کێشەی « تیۆری زانست « .ناتوانیت لە هیچ پێوەرێکی ئاسایی سیستمی زانستەکانی بۆرژوازیدا جێگای بکەێنەوە، گەر بڕیاربێت کاتێکیش بۆ ئەو دراوسێ نزیکەکانی پێوانەیەکی نوێ بەناونیشانی کۆمەڵناسی بکرێتەوە دیسان تیایدا ئۆقرە ناگرێت هەمیشە لەم سندوقەوە سەر دەباتە ناو ئەو سندوقەوە هیچکام لەم سندوقانەش ناتوانێت لەخۆی بگرێت تەنها بیکەیتە سندوقێکی دیکەوە ئەوا هیچکام لەوانەش لە ئاسایشدا نابن، بەگشتی مارکسیزم جیاوازە لەو تایبەتمەندییەی کە مارکس لەسەردەمی خۆیدا وەکو « تایبەتمەندی سەرەکی ئاکار و شەرافەتی تاکەکان و چینەکانی ئەڵمانیا» ستایشی کردبوو، واتە ئەو «ڕۆح سوکیانەی کە سنوداری دەکات و ماوەیی پێدەدات، تاکو لە دژیان بیخەنە گەڕ» دەتوانێت بە پێچەوانەوە تەنانەت « ئەڵمانی نەبوونەکەی « وێڕای تایبەتمەندییەکانی دیکەی لەم بێ ئارامییەی وێڵش(welsch)دا ببینیت، کە هەوڵی هەموو کەسایەتییە بەڕێزەکانی کۆمەڵە زانیاریەکانی بۆرژوازی بۆ تۆمارکردنیان دەکاتە بڵقی سەرئاو لەروانگەی تیۆری زانستی بۆرژوازییەوە شرۆڤەیەکی ساکار لەم کێشەیە بێ چارەسەریی دەمێنێتەوە، تەنانەت مارکسیزم لەبەر فراوانترین واتایی بۆرژوازیدا وشەی زانستی نییە، تەنانەت فەلسەفە ئاوەژوکراوەکەی میتافیزیاش لە خۆدەگرێت،

ناتوانرێت به»زانستی بزانیت گەر تا ئێستا سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی مارکسیزمی لەبەرانبەر سیستمە «ڕەخنەگرانە -خیاڵییە « کەی سەن سیمون ، فۆریە، ئۆیون و ئەوانی دیکە بە سۆسیالیزمە «زانستی» ناوزەند دەکرا ، بەمشێوەیە دەیان ساڵ لەگەڵ زۆربەی پلە نزمە بێ پارە بەشەرەفەکانی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی خۆشبوو و ستایشێکی لەڕادە بەدەری دەکرا، دەبێت ئێستا ئەم خەونە شیرینە بەزەبرو زەنگێکی زۆر و لەڕادەبەدەرەوە لەگەڵ ئەو بڕیارە بۆرژوازییە گرژ بکەوینەوە کە بەواتای ڕاستەقینەی وشەی، بــۆرژوازی مارکسیزم قەت زانست نەبووە، واتا ئەو کاتەش بە خۆی وەفاداربێت قەت ناتوانێت ببێنە زانست مارکسیزم نە» ئابوری»یە، نە «فەلسەفە»، نە «مێژوو»و هیچکام لە «زانستە مرۆیەکانی» دیکەش نییە، بەواتا زانستییە بۆرژوازیەکەش تێکەڵەیەک لەم زانستانە نییە، هەروەک لە ناونیشانی لاوەکی سەرەکی ترین بەرهەمە ئابورییەکەی مارکسدا هاتووە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕەخنەیە لە ئابوری رامیاری، لە هەموو لاپەڕەکانیدا جەخت لە هەموو ناوەڕۆکەکەی کراوەتەوە، بێگومان بە واتایی ئابوری رامیاری، تاکو ئەو رۆژە واتە هەرمان ئابوری رامیاری کەلەو رۆژەدا داوایان دەکرد «بەبێ ناوبژیوانی»، بەڵام لەراستیدا و بەوردی هەرهەمان «بۆرژوازی»یە، کەواتە ناوبژیوانیەکانی بۆرژوازی دیارییان کردەوە و سنوریان بۆ داناوە، بێگومان دیارە ئەم ڕەخنەنانە لە ئابوری رامیاری لە ڕوانگەی نوێوە ئەو چینە دەگرێتەوە، کە لەنێوان هەموو ئەو چینانەی لەئارادان تەنها ئەوچینەیە کە قەت حەز بەمانەوەو بەردەوامبوونی ئەم پێش داوەرییە بۆرژوازییە ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو کات دۆخی گشتی ژیانی بەناچار هانی دەدات، بۆ دوایین تێکشکانی کرداری و تیۆری ئەم پێش داوەریانە، ئەوەی کە سەبارەت بە ئابوری مارکسێتیەوە ڕاستە، بۆ هەموو

بەشەکانی دیکەی سیستمی هزری مارکیسێنش راستی هەیە، کەواتە پەیوەندیدارە بەکارەکتەری راهێنانەکانی مارکسیزمەوە سەبارەت بەو بابەتانەی کە بە گوێرەی دابەشکردنە باوەکانی لە تیوەری زانستی بۆرژوازیدا خراوەتە فەلسەفەو مێژوو یان زانستە مرۆییکانی دیکە. مارکس لەم بوارەدا نەیویستووە بەراهێنانەکانی خۆی ببێتە « هرکۆڵیدامەزرێنەری دەوڵەت« ، هەموو بۆ چوونەکانی زانیارانی بورژواو نێو سۆسیالیست هەڵەیە، کە وای دادەنێن مارکسیزم لەبری فەلسەفەی ئێستا «بــورژوازی» دەیەوێت « فەلسەفە»یەکی نـوێ لەبری مێژوو نوسی تاکو ئێستا « بــۆرژوازی« «مێژوونوسێنێکی «نوێ و لەبری زانستی یاسا و رامیاری تاکو ئێستا « بۆرژوازی» « راهێنانێکی یاسای و دەوڵەتێکی نوێ، یان لەبری ئەو ئەشکە نیوە کارەیە کە ئەمڕۆ تیۆری زانستی بۆرژوازی وەکو زانستی کۆمەڵناسی خستویەتییەڕوو «کۆمەڵناسییەکی نوێ« دابنێت، تیوەری مارکسی قەت ئامانجێکی ئاوەهای نییە، هەر بەو جۆرەی کە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و رامیاری مارکسیزم ئەو تیۆریەی رایدەگەیەنێت لایەنی هزریەتی و هەرگیز لەمەبەستیدا نییە، لە بری سیستمی دەوڵەتەکان تاکو ئێستای بۆرژوازی و ئەندامەکانی « دەوڵەتێکی نوێ « «سیستمێکی دەوڵەتی « نوێ دابمەزرێنێت، کارل مارکس ئامانجی خۆی لە «رەخنە» ی فەلسەفەی بۆرژوایی رەخنە لە مێژوو نوسینی بۆرژوایی و «رەخنە» لە هەموو ئایدۆلۆژیەکانی بورژوای دەگرێت، ئەم رەخنەنانەش کوت موت وەک رەخنەی لە « ئابوری» بۆرژوایی دەگرێت، لە روانگە و هەڵوێستی چینی پرۆلیتاریاوە بەرەو پێشیان دەبات، بەم جۆرەیە کە زانست و فەلسەفەی بۆرژوایی بەدوای چنگ خستنی شەوە درۆزنییەکەی «نەبوونی پێش داوەر»ین، لەکاتێکدا مارکسیزم لە هەموو بەشەکانی خۆیدا پێش هەرشتێک چاو لەم وەهمە درۆزنییەکەی دەنوقێنێت،

مارکسیزم نایەوێت زانست یان فەلسەفەیەکی «بێگەرد» بێت، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدایە بێوچان و بێ لەبەرچاوگرتن «پێش داوەریە» شاراوەکانی زانست و فەلسەفەی بۆرژوایی تاوەکو ئێستا لەقاوبدات «نەپاڵفتەکانی» بداتە بەر رەخنە وێڕایی ئەمەش نایەوێت ئەم «رەخنە» رەخنەیەکی «بێگەرد» بێت بەواتا بۆرژوایەکی خودی وشە، ئەم رەخنانە بەشێوازێکی «بەبێ پێش داوەری» و نەتەنها لەبەر خوای رەخنەیە، بەڵکو پەیوەندیەکی نەپچراواو تۆکمەی لەگەڵ تێکۆشانی رزگاری و کرداری چینی کرێکاردا هەیە و خۆشی بەزمانی تیۆرێکی ئەو تێکۆشانە دەزانێت و واش خۆی ناودەبات، لەم رووەوەش جیاوازە لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە زانست و فەلسەفەی تاکو ئێستای بۆرژوایدا هاتووە وەکو «رەخنە» خوێندراونەتەوە، کە کامڵترین راگەیاندنی تیۆرێکی لە فەلسەفەی «کانت»دا دەبینێتەوە ئەم رەخنانەش بەشێوازێکی بنەڕەتی جیاوازن هەر بەو جۆرەی کەلە زانیاریو و فەلسەفەی نارەخنەگرانە، واتە دۆگماو میتافیزێکی یان تیوەری ئاوەژووی بۆرژوازی جیاوازە، گەر بمانەوێت روانگەیەکی تایبەت نوێ و بێ وێنە لە مارکسیزم تێبگەین و بەگوێرەی خوو تایبەتمەندی وەکو «راگەیاندنی گشتی پەیوەندییە راستەقینەکان لە تێکۆشانی چینایەتی هەیەتی» دەستپێکی خۆی لە «رەخنە»ی ئابوری و ئایدۆلۆژیای بۆرژوایی دا دەنێت، دەبێت تێگەینێکی تایبەتی مارکسیتی لەژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ چەمکێکی روون و گشتیمان هەبێت، ئەوەی کە ئەمڕۆ لایەنگران و نەیارانی «مارکسیزم» بەگشتی گوتەزایی «تێگەیشتنێکی ماتریالیستی لە مێژوودا « دەڵێن گوتەزاکە کە لە هەموو بوارەکاندا لەڕادەو ئاستێکی باشدا روون نییە، کەواتە بۆئەم مەبەستە دەبێت جارێکی دیکە لەم پرسیارەوە دەستپێبکەین کە بە«گشتی سیستمی مارکسیزمان لە لە دوو بەشی جیاوازدا لە یەکدی جیاکردەوە، واتە لەنێوان رەخنە لە

ئابوری رامیاری و لەلایەکی دیکەوە ئەوەی کە ناومان نا ئایدۆلۆژیا ئەمانە چ پەیوەندییەکیان لەنێواندا هەیە ؟ دەبێت هەر لێرەوە لەسەرەتادا ئاماژە بۆ ئەوە بدەم، کە ئەم دوو بەشە یەکێتییەکی نەپچڕاو لەیەک دانەبڕاو لەنێوانیاندا هەیە، قەت ناگونجێت کەسێک «راهێنانە ئابورییەکانی مارکسیزم پەچە بداتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا بییەوێت هەڵویستەکانی لەسەر ئەم بابەتانە یاسا رامیاری، مێژوویی و کۆمەڵناسی ویان بابەت گەلێکی دیکە جیا لە ئابوری «مارکسێنی» بن، بەگشتی پێچەوانەی ئەم حاڵەتەش ناگونجێت. وێڕای ئەوە کە ئابوری زانە بۆرژوازەکان نەیانتوانیوە خۆیان لە دەست راستییەکانی «راهێنانی ئابوری» مارکسیزم رزگاربکەن لەم رێگایەدا زۆرهەوڵیان داوە: ناتوانرێت رەخنەی ئابوری رامیاری مارکس پشت راست بکەینەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەرەنجامەکانی بۆ هەڵوێست وەرگرتن لەمەڕ بابەتە رامیاری و یاساییەکان گەڕاوە نەدرێنەوە، لەسیستمی مارکسیتیدا «رەخنەی ئابووری رامیاری»و « رەخنە ئایدۆلۆژی» هەمە گەرییەکی یەکگرتوو دروستدەکەن , کە ناکرێت بەشەکانی جیاو دور لەیەکدی دابنرێت , بەڵام بایەخ هەر کام لەم دوو بەشە لە گشت سیستمی مارکسییدا لە ئەستۆی دەگرن , گەلێک جیاوازە .بۆ نموونە دەکرێت ئەم جیاوازیە لەم خاڵەدا ببنیت , کە خودی مارکس لەو بەرهەمانەیدا لەبەر دەستماندان چەندە ئێروتەسەل لەسەر هەریەک لەم بەشانەی لێتویژینەوەی کردووە , ئەو لەقۆناغی سەرەتادا , سەردەمی لاویەتی , لەسەر روانگەیەکی فەلسەفی راوەستا بوو , کەپاشان بە گوێرەی گوتەزاکانی خودی ئەو دەتوانرێت بەتەواوەتی روانگەی «ئیدۆلۆژیک»ی ناوبنێت , تەنها بە ئیشی قورس و بەردەوام و درێژخایەنی هزری توانی خۆی لەم روانگە ئیدئۆلۆژیکیە رزگار بکات , ناوبەری سەرەتای قۆناغی لاویەتی و قۆناغی پێگەیین (پڕاوپڕ)ی

راستەقینە و داهێنانیەتی وکارێکی درێژخایەن و چارەنوسازی بۆ یەکلایی کردنەوەی خۆی کردووە , لەماوەی ئەم قۆناغانەدا ئەوەندە بەشێوازێکی بنەڕەتی خۆی لە ئایدۆلۆژیادورە پەرێزکردووە کە لە قۆناغەکانی تری داهێناندا بۆ «رەخنەی ئایدۆلۆژی» تەنها ئاماژە گەلێکی پەراوێزانە و پچڕپچڕ دەمێنێتەوە , ئەمەش لە کاتێکدا لەبواری سەرەکییدا فرەو فرەتر حەزی بەلای « رەخنەی ئابووری رامیاری»دا دەچێت , بە واتایەکی دیکە رەوتی کاری هزری بەم شێوازە بڕیوە کە بە « رەخنەی ئایدۆلۆژیا» دەستپێدەکات و لەم رەخنانەدا روانگەی نوێ و ماتریالیستیەکەی دێتەوە و پاشان لە هەموو بوارەکاندا هەنگاو بە کاریگەرترین شێواز خستویەتیەگەڕ , بەڵام بەراستی تەنها لەبوارێکدا تا وەرگرتنی دوایین دەرەنجامەکان درێژەی پێداروە , ئەو بوارەی کە ئێستا بە گرنگترین بوار دەژمێردرێت , واتە ئابووری رامیاری , دەتوانرێت ئەم قۆناغە جیاوازانەی وەرچەرخان بەوردی لەبەرهەمەکاندا ڕێ و شوێنی هەڵگرین , دووەمین و گرنگترین قۆناغی داهێنانی مارکس بە ئیلهام لە رەخنەی رێچکەی فویرباخ دەستپێدەکات , بەرەخنە لە فەلسەفەی هەقی هێگل (1834–44) , پاش چەند ساڵا بەیاوەری هاوڕێ خۆی ئەنگلس « دوبەرگی ئەستوری پەرتوکیان « سەبارەت بە رەخنەی لە گشت فەلسەفەی پاش «هێگل»ەوە کە لەکەی سەریەککرد , بەڵام ئەم دووەمین بەرهەمەی بەچاپ نەگەیاند , ئێستا کە لە کاتی گەشە و نمودا بوو لەبنەڕەتدا لە قۆناغێکی پڕاو پڕی راستەقینەی ژیانیدا بوو بایەخێکی ئەو تۆی بۆ « رەخنەی ورد لە ئایدۆلۆژیا « دا نەنابوو , لەباتی ئەوەش لەمەولا هەموو توانستی خۆی خستە خزمەت لێتوێژینەوەی رەخنە گرانە لەبواری ئابوریدا، کە تـەوەری راستەقینەی هەموو وەرچەرخانە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی تیایدا دیتبوو لەم بوارەشدا هەرێم « هەموو

ئەرکە « رەخنەگرانە» کەی گەیاندە کۆتایی، تەنها بەشێوازێکی نکۆڵیکردن و پەرچەدانەوە ئابوری رامیاری نەریتی چینی بۆرژوازی رەخنەنەکرد، بەڵکو بەدانانی (ئابوری رامیاری چینی کریکار) لەبەرانبەر (ئابوری رامیاری مۆڵکیەتی) (ئەمانە ئەو گوتەزایانەن بابەت و حەزی مارکس بوون) بەشێوازێکی پۆزەتیڤانە دایەبەر رەخنە لە ئابوری رامیاری چینی مۆڵکداردا، نەک کەرتی تایبەت بەڵکو تەنانەت تیۆریەکانیان زاڵە بەسەر هەموو سەرمایە کۆمەڵایەتیەکاندا و ئیشی کەڵەکە کراو و بەگیانی رابردوو «زاڵە» بەسەر کاری زیندوی زەمەنی ئێستاماندا، بە پێچەوانەوە ئابوری رامیاری پرۆلتاریا و راگەیاندنی تیۆریەکەشی واتە سیستمی ئابوری مارکسێتی (soziatat) واتە کۆمەڵگا. زاڵـە بەسەر هەموو پرۆسەی بەرهەم هێناندا، واتەکاری زێندوزاڵەبەسەرکاری کەڵەکەکراو بێگیاندا یان «سەرمایە» بە گوێرەی ناسین وتێگەیشتنی مارکس ئەمە هەمان تەوەرە کە دەبێت وەرگەڕانی داهاتووی جیهان بــەدەوری ئـەم خـاڵـەدا بسوڕێنەوە، لەئەنجامدا دەبێت بە رەنگاربوونەوەیەکی «رادیکاڵ» لەم خاڵەدا، لە تیوەریدا بێنەگۆڕێ وەک مارکس خۆی دەڵێت: «دەست دانە رەگ و ریشە» لەنێوان فەلسەفە و زانستی بورژوای و ئایدیا نوێکانی چینی پرۆلتاریا کە بۆ رزگاری خۆی رادەبیت، گەر ئەم بابەتە بەشێوازێکی بنەڕەتی پێکبێت ئەوسا گۆڕانکاریەکان , واتە گۆڕانکارییەکان لەبواری ئایدۆلۆژیادا ئۆتۆماتکییەن روون دەبنەوە (دێنەئارا).

ئەوسا کـات (سـەردەمـی)کـرداری مێژووی دێنەپێشەوە، تەنها رەخنەلە(ئایدۆلۆژیای) رابردوو دەتوانێت وەکو شێوەیەکی پێنەگەیی و ناسینی دیاری بکرێت، لەئاکامدا و پێکهێنانی کرداری وەرگەڕانی جیهان بەمانەوە مەرجدار دەبن. تەنها بە سەر لەنوێ سەیرکردنەوەی رەوتی مێژووی وشیاری

شۆڕشیگێڕی سەردەمی ئێستامان دەتوانین بڵێین (رەخنە ئاینزا پێش مەرجی هەر رەخنە) یەک بووە، بە پێچەوانەوە سەیرکردنی داهاتوو راستی ئەم بڕیارە تێیدا دەبێت، کە خەبات دژی ئاینزا تەنها بەهۆی تێکۆشانە دژی ئاینزا (بوونە مۆراڵ)یە کەیەتی بەواتایەکی دیکە بۆ دەست گەیاندن بەکردارێکی مێژووی دەبێت (رەخنەی ئاسمان) بێنین و بیکەینە (رەخنەی زەوی) ئەمەش لە ئاستی خۆیدا تەنها هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەوەی (رەخنەی ئاینزا) بکەینە (رەخنەی یاسا) و (رەخنەی میتافیزیا) و (رەخنەی رامیاری) هەموو ئەمانە تەنها (لایەنێکی دیکەی ) گەوهەری مرۆڤ دەخەنەڕوو نەک «راستی» راستەقینەی ئەو نەک «کێشە راستەقینەکانی زەوی لەرەهەندە راستەکەیدا» , ئەمەش کاتێک پێکدێت کە رکەبەرەکە بێنینە سەر زەوی « گۆڕەپانەکە» لەسەر زەوی کە ئەو تیایدا بە هەموو کردارێکی راستەقینەی و هەروەها بەو وەهەمانەوە کە ئەو لەسەری راوەستاوە « نوێ گرتوە» , واتە زەویی ئابوری بەرهەم هێنانی ماتریاڵ رەخنەی ئاینزاو فەلسەفە مێژوو و رامیاری و یاسا دەبێت دوایین بنەماکانیان لە «رادیکاڵترین» یان «قوڵترین» رەخنەکاندا ببینەوە واتە رەخنەی ئابوری رامیاری وێڕایی سەرنجدان بە پێگەی «ئابوری رامیاری» لە گشت سیستمی ئابوری مارکسیزمدا کە بنەڕەتی هەموو شتەکانی دیکەی لێدروست دەبێت (بۆرژواکان دەڵێن: ئابوری رامیاری «زانستی بنچینەیی« مارکسیزمە!) دەرەنجام وا دەردەکەوێت بۆ سەلماندنی تیۆری مارکسیزم رەخنەی تێروتەسل لەسەر زانستی یاسا دەوڵەت «دەسەڵات» و کۆمەڵگا ، هەروەها مێژوو نوسی یان هەرچشنە ئایدۆلۆژیایەکی دیکەی برژوای پێویست ناکات، ئەو رەخنەیەی کە نوسین و فۆرم دانانی زانستی نوێی مارکسێتی سەبارەت بەیاساو دەسەڵات، یان کۆمەڵگا دادەنێت کۆپی نوس نێل کە خۆیان بە «مارکسیت ئرتۆدۆکس» دادەنین بە تەواوەتی

بەلاڕێدا ڕۆشتوون کەسێکی وەکو کارنێر –ڕنێر ( Karner–Renner) لە ئاوسترۆریا «نەمسا»، یان کارنێر کونۆو (Karner Cunom) لە ئەڵمانیا وا هەست دەکەن زۆر پێویستە ئابوری ڕامیاری مارکسیزم لەگەڵ ڕاهێنانەکانی مارکسێتی لەبوارەکانی یاسا و دەسەڵات و تەنانەت تیۆرییە نوسراوەکانی مارکسێتی زانستی کۆمەڵگا، یان کۆمەڵناسی «تەواو پڕاو پڕ» لەگەڵ یەکدیدا بگونجێنن و سیستمی مارکسێتی بە تەواوکەر کرانێکی ئاوا نییە، هەروەها کە پێویستی بە «زماناسی « یان « بیرکاری» تایبەتی مارکسێتی نییە، تەنانەت ناوەڕۆکی سیستمی بیرکاریش وێڕای ئەوەی کە ئەمڕۆ کەمتر لە بوارەکانی دیکەی زانستی مرۆیی لەئاستی جیاوازدا عەرزی ترن، چۆن و بۆچی لەسەر دەکرێت لەبواری مێژووی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و کرداریەوە مەرجدارەو گومانی تێدا نییە، کە گۆڕانکارییە بەڵێندراوەکانی کۆمەڵایەتی –مێژووی چ پێش ئەمە، یان لە کاتی ئەمەدا، یان پاش ئەم گۆڕانکاریانە بیرکاریش (هێدی، یان خێرا) گۆڕانکاری تێدەکەوێت و تێگەیشتنی ماتریالیستی لە مێژوو و کۆمەڵگا کاریگەریەتی لەسەر بیرکاری دەبێت، بەڵام تەواو گەوجیەتی دەبێت گەر « مارکسێتی» یەکان داوابکەن کە دەتوانن لەبەرانبەر سیستمی بیرکاریدا کە لێکۆڵەرەوانی ئەم بەشە بەدرێژایی هەزاران ساڵ دایان مەزراندووە، لە قوڵایی ڕوانگەی خۆیانەوە سەبارەت بەراستییەکانی ئابوری کۆمەڵایەتی مێژووی کەلە «دوایین شرۆڤە»کانیدا بۆ تەواوکردنی زانستی بیرکاری تاکو ئێستا، لە داهاتوودا دیارییان کردووە وەلاێ بنێن و بیرکارییەکی نوێ «مارکسێتی» پێکبێنن. ئەمە دروست هەرهەمان کاری کارنێر –ڕنێرو کارنێرکونۆویە کە دەیان ویست هەوڵیاندەدا بە توانایەکی فرە کەمەوە ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنن، هەڵبت لەبوارە دیارەکانی دیکەی زانست (لەبواری « زانستی یاسا» کە ڕابوردوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە،

لەبواری نوێترین زانستی بۆژوازیدا واتە «کۆمەڵناسی !») هەنێک کەسی بێ ئەژمار لە نیمچە مارکسییەکان (ئەوانەی لە مارکسێت دەچن) هەر لە هەوڵێکی وا دان، ئەوان وا دەزانن بە دوپاتکردنەوەی بڕوا ماندوکەرەکانیان لە سەرمارکسیزم و لەناو ئەو خەیاڵ پڵاوییەدان کە دەتوانن شتێکی نوێ بخەنە سەر دەرەنجامە نموونەییەکانی توێژینەوەی مێژوو یان فەلسەفە یان ئەم زانستە و ئەو زانستی سروشتی یان مرۆیی، بەڵام «کارڵ مارکس» و «فریدریک ئەنگلس» لەسەردەمی خۆیاندا وەک «ئینسکۆپیدیایەک» زێدەتر لە بوارێکی زانستی توانستیان بەسەر زانستەکانی سەردەمی خۆیاندا دەشکا، قەت توشی ئەم خەیاڵ پڵاوییە گەوجانەو شتێتانەیە نەبوون و ئەمەیان نایە ئەستۆی دورینگ و هاوزمان و هاوڕەنگەکانیان کە لەو سەردەمە و ئەمڕۆشدا نمونەیان بەزۆری دەست دەکەوێت، هزرو لێکۆڵینەوەکانیان لەهەمبەر هەموو ئەو زانستانەی کەلە بورای پسپۆریاندا بوو، واتە ئابوری بەر فراوانتربوو باشترو لەو بوارانەی لێکۆڵینەوە کە راستەوخۆ پەیوەندیان بەفەلسەفە و زانستی کۆمەڵایەتی بوو دەڕۆشت، بەڵام تەنها خۆیان گرێدابوو بە رەخنەی بنەڕەتییەوە ئەویش نەک رەخنە لە دەرەنجامە نموونەیەکانی لێکۆڵینەوەکان، بەڵکو «رەخنە» لەروانگەی بۆرژوایی کە پرشنگەکانی دەیدا لەم بەربەستە « مۆراڵ»یە دروست هەر لە بەدواداچوونی ئەم پرشنگە ناسک و ناسکترانەبوو کە توانایەکی ئەوەندەیان لە خۆیان نیشاندا، کەوێنەی لە هیچ لێگەڕێکی زانستی دیکەدا نابینرێت و تەنها هەندێک شاعیرمان لە شکە دابن، بەدڵنیایەوە بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارێکی وا دەبوایە لە مژارو شێوازی زانستە پەیوەندیدراکان لەسەر وردترین خاڵیش بەوردی تێڕامانیان بکردایە، بەمشێوەیە مسۆگەر دەبێت کە مێشک گەلێکی وەک مارکس و ئەنگلس لەو هەرێمانەدا کەلە بوارە پسپۆڕیەکەیان ئابوری-

کۆمەڵناسی ئاڕادەیەک دوور بوونایە ئەوا دەگەیشتنە خۆڵقاندن و داهێنانی دیکە، بەڵام ئەم بابەتە هەرگیز نەبۆتە ئامانجیان و هەوڵیان بۆ نەداوە، ئامانجی پەتی ئەوان ئەمەبووە کە روانگەی بۆرژوازیی بدەنە بەر هێرش و لەبنەڕەتی ئابوورییەوە تاکو ناسکترین و جوانترین باڵەکانی ئایدۆلۆژیاکەیان و بەدواداچوونی لەسەربکەن، لەدوایین مەنزڵگاکەیشیدا تامی پێکدادانی رەخنەگرانەی پێ بچێژن .

دەرنجامی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنەکەمان ئەوە دەردەخات، کەلە لایەکەوە یەکێتی ناوخۆیی هەموو سیستمی هزری «مارکسی»مان، بۆ دەربکەوێت و لەلایەکی دیکەوە جیاوازی و رادەی گرنگی و بایەخی یەکەیەکەی بەشە ناوخۆیەکەی ئەو سیستمەمان بۆ دەربکەوێت مارکس بەرەخنەگرتن لە ئایدۆلۆژیایی باو روانگەی «ماتریالیستی» خۆی داڕشت و رێکخست کە بە گوێرەی ئەوەش هۆکاری ئابورییان «ئابوری رامیاری» وەکو هۆکارێکی بنەڕەتی و چارەنوسسازی هۆکارەکانی دیکە لە ژیانی مێژووی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکاندا نەخشە رێژکردبوو «پلاندبوو»، پاشان بە ئەرکی تایبەتی خۆی زانـی کە لەم بـوارە بنەڕەتییەدا تا دەرکەوتنی دوایین دەرەنجامەکان رەخنە لە ئایدۆلۆژیای باوی بۆرژوایی بەرەو پێش ببات، لە قۆناغەکانی دیکەدا خەبات بە دژی ئایدۆلۆژیای بۆرژوایی بە زۆریی هێنایە ئەم بوارە، چونکە دەبێت بێگومان سەرەتای چاوگەکانی هەموو ئایدۆلۆژیای بۆرژوایی هەر لێرەدا و لە قوڵترین بنەڕەتەکانی ژێرخانی دامەزراندن و توێژو بەندی کۆمەڵگای بورژوایدا جێگیربووبن، بەڵام لە قۆناغەکانی دیکەداو پاشان زۆر بەکەمی و لە چەند نوسراوێکی دیاریکراودا بەشێوەیەکی چڕوپڕ لەبواری فۆرمەوە تەواو پێگەییوە، بەڵام بەڕواڵەت زێدە بەرفراوانە و هەڵسەنگاند و رەخنەگرتن لە ئایدۆلۆژیا خەریکی بوارەکانی دیکەی مێژووی

کۆمەڵایەتی بووە، بە ئاوا ئێڕوانینێک بۆ چوار چێوەی گشتی سیستمی هزری مارکس ئەوە رون دەبێتەوە، کە دووپاتکردنەوەی ئەو گلەیی و گازندانەی کە کارل مارکس گشت روانگە فەلسەفییەکانی واتە هەرهەمان روانگە و شێوازە تێگەیشتنی نوێ«ماتریالیستی»لەمێژوودا و کۆمەڵگە هەر بەهەمان شێوازە کە « ئابوری رامیاری» نوسیوە لە بەرهەمێکی جیاواز و سەربەخۆ و تێروتەسەلدا نەی خستۆتەڕوو، تا چ رادەیەک نابەجێیە لەراستیدا مارکس بنەمای ئێڕامانە «ماتریالیست» یەکەی و هەموو دەرەنجامەکانی بەتێروتەسەلی و بەرفراوانی و زیندویی بە تایبەتی لەبەرهەمە سەرەکیەکەیدا، واتە سەرمایە خستویەتییەڕوو، تەنانەت گەوهەریی تێگەیشتنی ئەمەی لەرادەدور روون نیشانداوە چ جای ئەوە کە دەیتوانی بە وەسفی تیۆرێکی ئەوەمان بخاتەڕوو، «کارل مارکس « لەم بەرهەمەیدا نەک تەنها ئابوری رامیاری چینی بۆرژوای لەبنەڕەتەوە خستۆتەبەر رەخنە، بەڵکو هەموو ئایدۆلۆژیاکانی دیکەی بۆرژوایی کە لەم ئایدۆلۆژیایەوە سەرچاوە دەگرێت داوەتەبەر رەخنە مارکس، بە نیشاندانی چارەنوسازبوونی ئایدۆلۆژیای بنچینەی ئابوری هەموو فەلسەفە و زانستی بۆرژوایی بەشێوازێکی بنچینەی داوەتەبەر رەخنەو خەریکی لەگشت بنەماکانی ئایدۆلۆژیکی فەلسەفە و زانستی بۆرژوایی دەبێت. مارکس لەهەمبەر «ئابوری رامیاری» بۆرژوایی تەنها بەرەخنەیەکی نەرێی دەستبەردار نەبووە، بەڵکو بەبێ ئەوەی هەرێمی رەخنەگرانە وازلێبێنێت سیستمێکی تەواو گەییوی ئابوری نوێ واتە» ئابوری رامیاری چینی کرێکار»ی لە بەرانبەردا دانـاوە بەم شێوەیە لەبەرانبەر بنەمای «ئایدۆلۆژیکی» فەلسەفەو زانستە بۆرژوازیەکاندا کە ئەو هەوڵیداوە لە خەباتی خۆیدا رەخنەگرتنەکانی ئەوان پوچ بکاتەوە و روانگەیەکی نوێ واتە روانگە و شێوازی تێگەیشتنی « ماتریالیستی» چینی کرێکار لە مێژوو کۆمەڵگا

لەبەرانبەریاندا داناوە، ئەوەش بە یارمەتی هاوڕێی خۆی «فریدریک ئەنگڵس» نووسیویەتی لەم روەشەوە سیستمی تیۆری «کارل مارکس» تەنانەت لەو ناکۆکیە رواڵەتیانەدا کەلە سەرەتادا باسمکرد دیسانەوە هەر زانستێکە، کەواتە زانستی ئابوری مارکسێتی فەلسەفەیە واتە تێگەیشتنێکی نوێ لە فەلسەفەی ماتریالیستی هەموو لە پەیوەندییەکاندا دیاردەیەکی مێژووی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەم ناکۆکیە لە رواڵەتدایە و دەبوایە دەرفەتمان بدایەتێ خۆی دەربخات، چونکە ناکرێت هەموو شتێک بەجارێک بڵێین، لەراستیدا لەهەردوو رووکەیدا راهێنانی مارکسیتی هەم لەئابوری و هەم لە فەلسەفەدا قەت بە واتا باوەکەی بۆرژوایی « فەلسەفە»، یان زانست نییە ، هەڵبەت فێرکارانی ئابوری مارکسیم وشەی پێشەکییە گشتی و بنەڕەتیەکەی لە تێگەیشتنی ماتریالیستی مێژوو لەهەر بەشێکی گەوهەرەکەی خۆیدا ناوەڕۆکەکەی هەڵگری هەندێک شتە هەر لە هەمان شێوەش لە فەلسەفە و زانستی بۆرژوایدا دەبینرێت ئەوانە وەکو پوچکەرەوە هەڵوەشێنەری رەخنەگری زانست و فەلسەفەی بۆرژوایی ناچارن لە بوار گەوهەری خۆیاندا هەروەکو زانست و فەلسەفە بمێننەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە سەروترن لە ئاسۆ و زانست و فەلسەفەی بـۆرژوای دروست، بەهەمان شێوە کە دەوڵەتێکی سەرکەوتووی چینی پڕۆلتاریا لە تێکۆشانێکی کرداری کۆمەڵایەتی و رامیاریدا خۆی لە جێگەی دەوڵەتێکی تێکشکاوی بورژوایی بنیاد ناوە لە روویەکی خۆیدا هەروەک تایبەتمەندی دەوڵەتێک، بەواتای ئەمڕۆی وشەکە هەندێک تایبەتمەندی دەوڵەتی دەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا لەلایەکیدیکەوە ئەم تایبەتمەندیانە وەکو پێگەی قۆناغی تێپەڕاندن بۆ کۆمەڵگایەکی بێ چین و لە ئەنجامدا کۆمەڵگایەی بێ دەوڵەت لە داهاتوودا ئیدی نەک بەشێوازێکی تـەواو دەوڵەتێک، بەڵکو شتێکی باشتر لە دەوڵەتێک دەبێت، ئەم

هەڵسەنگاندنە و هەموو ئەوەی کە ئاکو ئێرە وەکو بنەڕەتێکی گەوهەری ڕاهێنانی مارکسی خراوەتە بەردەست، بێگومان ئەو کەسەی قوڵتر لەم ڕاهێنانەدا لێکۆڵینەوەی نەکرد بێت لەیەکەم هەنگاودا شتێکی ئەو تۆی بەدەستەوە نادات ئەو دەیەوێت ئاشنای تێگەیشتنی ماتریالیستی مێژووی بێت و ئێمە باسەکەی خۆمان بەو شیکردنەوەوەیە دەستپێکرد کە هەموویان بە گوێرەی بنەمایی ئەم تێگەیشتنە نوێیەی مارکسینی داڕێژراون، کەواتە تێگەیشتنەکەیان پێش مەرجێکی بەم ڕەنگەی هەیە، وێڕای ئەمەش بە بڕوای ئێمە ئەمە تەنها ڕێگەیەکە هەرچەندە سەرەتا تێپەڕاندنی قورس دێتەبەرچاو کە دەتوانین بەمە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەمان لە ڕوانگە نوێ و تایبەتەکەی « کارڵ مارکس» ڕابگەیەنین « هێگڵ « لە دیاردەناسی زەیەن دا داوا لە تاک دەکات کە ڕاستەوخۆ بەشێوازە» دیالکتیکی «یەکەی متمانە بکات، گەرچی لەسەرەتاوە تێرامان بەشێوازە فەلسەفیەکەی «هێگڵ» لەلای وەک ئەوە بێت کە هەوڵبدات» لەسەر سەر بەڕێدا بڕوات «یەکڕاست هەر بەم شێوەیە گەر کەسێک دەیەوێت لە چەمکی ڕاستەقینەی شێوازی مارکس تێبگات، واتە لە «دیالکیتیکی ماتریالیستی» لەبەرانبەر«دیالکیتیکی ئایدۆلۆژیای هێگڵ» دەبێت سەرەتا بەجارێک و ڕاستەوخۆ خۆی بدات بەدەمیەوە هەڵبەت تا ئەو شوێنە کەلە توانایدایە هیچ ڕاهێنەریکی مەلەوانی ئامادەنییە، کەسێک پێش فێرکردنی مەلە کە ئامادەنەبێت خۆی لەئاوبدات ئەوا ناتوانێت فێری مەلەوانیەتی بکات، کردارو شێوازی خودی مارکس لە «سەرمایە» و بەرهەمەکانی دیکەی قۆناغی پێگەیینی بــەردەوام وابــووە کە ڕوانگە ماتریالیستیەکەی ئەم بەرهەمانە لە جێگای خۆیاندا هەرچی زیاتر بەردی بناغەیان لە تەواوکاری و هۆکاربوون قوڵترکردنیدا هەیە- لەهەمانکاتدا پێش مەرجی بۆ دادەنێت ئەمە هەم سەبارەت ڕەخنەی ئابوری و ڕامیاری مارکس،

هەم سەبارەت بەرەخنەکانی لەسەر گشت زانست و فەلسەفەی بۆرژوایی راستن ئێمە لێرەدا ئەو واتایەی کە مارکس مەبەستی بووە لەژێر ناونیشانی رەخنەی ئایدۆلۆژی یادمانکردۆتەوە، تەنها لەیەک جێگەدا لەسەرانسەری هەموو نوسراوەکانی مارکسدا کە هەوڵی داوە روانگەیەکی تایبەت دەستەواژەیەک بەڕوونی و راستەخۆ کەم تا زۆرێک رابگەیەنێت، کە هەموو بەرهەمەکانی لە ناوەراستی چلەکان بەداوە لەسەر ئەم بنەمایە نوسراون بۆ تێگەیشتن و ئەم چەند دێرە ئاوارتە و کورت و چڕوپڕ دەبێت لەسەر هەر وشەیەکی تێرامان بکەین و هەزاران جار بیخوێنینەوەو دیسان بیخوێنینەوە ئەویش « دەستپێکی « (پێش گوتاری1859) یە لەسەر رەخنەی ئابوری و رامیاری لەوێدا مارکس بەڕوونی و زیندویی کە لە تایبەتمەندیەکانی شێوازی نوسینی ئەون ئاماژە گەلێکی کورت دەداتە ڕەوتی خوێندنەوە ئابوری رامیاریەکانی ئەم بەشە بە راپۆرتێک لەسەر خوێندنی سەردەمی زانکۆ و یەکەمین تێکۆشانە کورت خایەنەکانیەتی لە چاپەمەنی و دەستپێکرانی رۆژنامەگەری دەستپێدەکات، سەرەتا لە تێکوشینە چاپەمەنیەکەیدا دەکەوێتە « دۆخێکی ناخۆشەوە» کە دەبێت سەبارەت « بە گوتەزای بەرژوەندی مادییەوە ئاخافتن بکات هەر لەم نێوانەدا دەگات بە ناکۆکیەکی ناوەکی ترسناک لەگەڵ ئەو روانگەیانەی کە تائێستا بوویەتی ئەو روانگانەش بە زۆری هێگڵی ئایدیالیستی بوون، چەند مانگ پاش دەستپێکردنی کاری سەرنوسەری رۆژنامەکەی دەکەوێتەژێر سانسۆڕەوە ئەو بە « خۆشیەوە» لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرێت و خۆی لەبەرچاوی رای گشتی وەلا دەنێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم راڕاییە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ حوجرەی وانە» « سەرەتای کارەکەم بۆ وەلانانی گومان و رارابیەکان رامیارنە بەرهێرش و توانج لە ئەستۆشم گرت، سەرلە نوێ پیاچوونەوەی رەخنەگرانەی فەلسەفەی

هەقی هێگڵ بوو کە ئەو بەرهەمە پێشکیەکەی ساڵی (1844) لە رۆژمێری ئەڵمانی و فەرەنسی دا لە پاریس بەچاپ گەیشت و بڵاوبووە، لێکۆڵینەوەکەم بەو درەنجامەیان گەیاندم کە نەپەیوەندی یاسای و نەشێوازی دەوڵەت هیچکامیان ناتوانن بە گوێرەی بنەماکانی خۆیان یان وەک دەڵێن بە گوێرەی گەشەی گشتی هزری مرۆیی تێبگەین، بەڵکو بە پێچەوانەو ئەوان لە هەلومەرجی مادی ژیاندا رەگیان داکوتاوە کە هێگڵ بە گشتی و لەژێر کایگەریەتی «هزرڤانانی» بەریتانی و فەرەنسی سەدەی هەژدەیەمدا لەژێر ناونیشانی «کۆمەڵگای سڤیل» دا باسیکردووە، بۆ ئەمەش دەبێت توێژینەوە و بەدواداگەڕانی (لاشەر توێژکاری کردن) لەسەر ئەم کۆمەڵگا سڤیلە لە ئابوری رامیاریدا بدۆزینەوە، خوێندنەوە ئابوری رامیاری کە لەپاریس دەستم پێکردبوو لەبرۆکسل درێژەم پێدا پاش ئەوەی کە بڕیاری دەرکردنم لەلایەن بەڕێز (گیزو)وە دەرچوو کۆچبەری ئەوێ بووم، بەو دەرەنجامە گشتییەی گەیشتم جگە لە ئەنجام وەرگرتن بووە « گوریسی رێنمونی» خوێندنەوەکانی من و دەکرێت وەک ئەو دەقەی خـوارەوە کورتی بکەمەوە: مرۆڤەکان لەپرۆسەی بەرهەمی کۆمەڵایەتی ژیانی خۆیاندا دەکەونە ناو پەیوەندی گەلێکی دیاریکراو و پێویست کە جیاوازە (سەربەخۆ) لە توانای ئەوان، واتە پەیوەندی ئەو بەرهەمەی کە لەگەڵ قۆناغێکی دیاریکراو لە گەشەی هێزەکانی بەرهەم هێنەری مادی دەگونجێن، گشت ئەم پەیوەندیانەی بەرهەم ئابووری کۆمەڵگا دروست دەکەن، واتە ژێرخانە راستەقینەکەی پێکدەهێنێت کە بەگوێرەی ئەوەش سەرخانی یاسایی و رامیاری کۆمەڵگا دادەمەزرێت و شێوازە دیاریکراوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی وەکو چاودێرێک لە رووبەرووبیدا دەوەستێت، شێوازی بەرهەمی ژیانی مادی رەوتی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی رامیاری و هزری سنوردار دەکات (مەرجدار دەکات).

ئەوە هۆشیاری مرۆڤەکان نییە، کە هەبوونیان دیاریدەکاٹ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونی کۆمەڵایەتی ئەوان هۆشیاریەکانیان دیاریدەکاٹ هێزی بەرهەم هێنەری مادی کۆمەڵگا لە قۆناغێکی دیاریکراو لە گەشەی خۆیاندا لەگەڵ پەیوەندی لەگەڵ ئەو بەرهەمەی کە لە ئارادایە، یان پەیوەندی مۆڵکیەٹ کە تا ئەو قۆناغە لەگەشەی خۆیاندا لەو چوارچێوەیەدا کاریانکردووە ئەم دوانە هەردوکیان لە فەرهەنگی دەستەواژە یاساییەکاندا بەیەک واتا هاتوون دەکەوێتە دژایەتی ئەم پەیوەندییانە کە لەناخی شێوازەکانی گەشەی هێزە بەرهەم هێنەرەکاندا سەری دەرهێناو دەسٹ و لاقیان زنجیرە دەکەن، ئەوسا سەردەمێکی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکاٹ گۆڕانکاری لە کۆڵەکەی ئابوریدا گشٹ سەرخانە مەزنەکەشی درەنگ زوو گۆڕانکاری بەسەردا دێٹ، دەبێٹ لەتوێژینەوەو هەڵسەنگاندنی نێوان گۆڕانکاری مادی و هەلومەرجی جیاوازی دابنێن ئابوری بەرهەم کە بە هەمان وردی زانستە سروشتییەکان شیاوی پێوانەکردنەو گۆڕانکاری یاسایی رامیاری ئاینزا هونەری و فەلسەفی بە کورتەی شێواز، ئایدۆلۆژیکیەکان کە مرۆڤ لەرێگەیانەوە ئاگاداری ئەم دژایەتییە دەبێـٹ و بۆ لەناوچوونی رادەپەڕێٹ، هەروەک ئەو کەسەی کە ناکرێٹ بەگەڕانەوە بۆ بۆچونەکانی دادەوری لەسەر بکرێٹ، گۆڕانکاری قۆناغێکی بەم چەشنەش ناتوانین بگەڕێنینەوە بۆ هۆشیاریەکی و داوەری لەسەرکەین بە پێچەوانەوە دەبێٹ ئەم هۆشیارییە بە لەسەر بنەمای ناکۆکیەکانی ژیانی ماددە بێٹ، واتە ئەو دژایەتییەی کە هەیە لەنێوان هێزە کۆمەڵایەتیەکانی بەرهەم و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا شیبکەینەوە، هەرگیز سیستمێکی کۆمەڵایەتی پێش ئەوەی کە گشٹ هێزە بەرهەمهێنەرە پێویستەکانی گەشەکردو بن هەڵناوەشێتەوە و پەیوەندیەکانی بەرهەمی لە پێشی نوێ قەٹ پێش ئەوەی کە دۆخی ماددیان لە چوارچێوەی کۆمەڵگای

کۆندا نەگەیشتبێتە ئاستی گەییوی خۆی ئەوا نابێتە جێگری پەیوەندی بەرهەمی کۆن، لەم رووەوەیە کە مرۆڤ هەمیشە تەنها ئەرک گەلێک بۆ خۆی دیاری بکات کە بتوانێت چارەسەریان بکات، چونکە هەموو کات هەڵسەنگاندنێکی ورد نیشاندەدات کێشەکان تەنها ئەو کاتە سەردەردەهێنن کە هەلومەرجی چارەسەرکردنی مادیان پێشتر چارەسەرکرا بێت، یان لەکاتی فۆرم وەرگرتندا بێت، لەگەڵاڵەیەکی گشتیدا دەتوانرێت شێوازی بەرهەمی ئاسایی، کۆن دەرەبەگایەتی و بۆرژوایی نوێ لەو سەردەمە پێشکەوتوخوازانە لەسیستمی ئابوری کۆمەڵگادا بژمێرین شێوازی بەرهەمی بۆرژوایی (پەیوەندییەکانی بەرهەمی بـۆرژوایـی) کۆتاییترین شێوازی دژایەتییە گەرمەکانی پرۆسەی کۆمەڵایەتی بەرهەمی دژایەتییە گەرمەکان نەک بەواتای دژایەتییە گەرمەکان، بەڵکو بەواتای دژایەتی کردنێک کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو هێزە بەرهەم هێنەرانەی کەلەناخی کۆمەڵگای بۆرژوازیدا گەشەدەکەن هەلومەرجی مادی چارەسەری ئەم ناکۆکییە دژایەتییە گەرمەش پێکدەهێنن لە رووە (دەفنەری) سەرەتای مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش بەم شێوازە ریز بەندییە لێکدەنرێت) لەم چەند رەستەیەدا خەتی گشتی و ئەو گەڵاڵە جوانەی کە دەبێت بۆ « تێگەیشتنی ماتریالیستی مێژوو و کۆمەڵگای بێت تێگەیشتن بەروونترین و وردترین شێوازی شیاوی وێناکردن راگەیەنراوە، بەڵام لێرەدا هەوڵمانداوە بۆ داواکردنە بەو پیلانەکانمان هۆ گەلێک بخەینەڕوو نەک دەرەنجامێکی بەرفراوانی تیوەرێکی و کرداری کە تاڕادەیەک لێوەی بەر دەستهاتووە و ئاماژەی پێدراوە، بۆئەوەی ئەو خوێنەری خودی خۆی بەرهەمە سەرەکییەکانی مارکسی نەخوێندتەوە لەو بایەخانەی بۆ بکەوێتە بەردەست، لەئەنجامدا ئەم دەقە بەبێ پاراستن و بەرگری پێویست، دەکەوێتە بەرهەندێک شرۆڤەی

هەڵەوچەوتەوە ، کەشێوازو ناوەڕۆکی ئەم رستانە دەتوانن بسەپێنن ئەم هەموو خستەسەرە بەمەبەستی ناوبژیوانیەک کە مارکس بە «ئاماژە» گەلێکی کورتی پێداون سەربارن ئەو رێنونی خوێنەردەکات، کە لە رەوتی لێکۆڵینەوەی ئابوری کۆمەڵایەتیدا کام «گوریسی رێنمایی « رێگا پیشاندەری بووە، ئاشکرایە تەنها هۆکاری تیۆرییە کە دەیتوانێت بۆ دەست گەیاندن بە ئامانج و شێوازەکەی بیخاتەڕوو تەنها بەرێگەی خستنەگەڕی ئەو شێوازانە دەبێـت کە لە بوارە دیاریکراوەکاندا شێوازێکە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی بەتایبەت لە هەڵەسنگاندنی راستیەکانی « ئابوری رامیاری»دا دەکەونەڕوو، فریدریک ئەنگڵس لە پەیوەندیەکی هاوشێوەدا جارێکیان پەندێکی بەریتانی دەگێرێتەوە: «تاقیکردنەوەی پودینگ هەر لە خواردنیندایە» هەرگیز بەمشتومڕی تیۆری ناتوانرێت بزانین ئایا شێوازێکی زانستی راستە یان نا، بەڵکو وەک دەڵێن تەنها تاقیکردنەوە «پراکتیکی» ئەو شێوازەیە کە بڕیاری یەکلاکەرەوەی سەبارەت دەدات بەو شێوەیەی کە مارکس جەختی لەسەر کردۆتەوە، راشکاوانە دەستنیشانیکردووە ئێستا بریار نییە، لەم دێڕانەدا شتێکی زیاتر گوریسی رینویی دەرەنجامی لێکۆڵینەوە ئەزمونیەکانی (لێرە واتە مێژوو) لەژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا بێت، خودی مارکس پاشان گەلێک جار لەهەمبەر بەهەڵە تێگەیشتن لەوەی کە دەتوانرێت شتێکی زێدەتر لەمان بدۆزێرنەوە دژایەتیکردووە وێڕای ئەمەش بەدڵنیایەوە لەناواخنی ئەم دێرانەدا شتگەلێکی شاراوەو فرەتر لەوەی کە راستەوخۆ ئاماژەی پێدراوە لە ئارادایە، هەروەک بەشێکە گەلاڵەیەکی تیۆرییە کە بنەمای دۆزینەوە (Neuristhsche Prinzip) تێدا نەبینین و هەموو واتاکانیمان هەڵنەگۆستبێت، ئەم نوسراوەی کارل مارکس لەگەڵ هەموو نوسراوەکانی دیکەی چ پێش ئەمە نوسراوبن، چ پاشان نووسراو بن ناواخنەکەی دەبێـتە «جیهان بینییەکی» فەلسەفی و

دەتوانین پێش هەموو ئەوانەی وەک زاراوەی «فەلسەفە»ی نوێ قۆناغی بۆرژوای خستویانەتەڕوو دا بنێن، چونکە جیاوازیەکی تەواو بەبڕشتی لەنێوان تیۆری و پراتیکدا خستەڕوو ئەمەش خۆی لە تایبەتمەندیەکانی سەردەمی بۆرژواییە، تەنانەت لای فەلسەفەی کۆن و هی چاخی ناوەڕاستیش نەناسراوە پاش بەدیهاتنی شێوازی «دیالکتیکی» هیگڵ و ڕەخساندنی بواری پێویست، ئێستا بۆ یەکەم جار و لەسەردەمی نوێداش بۆ جارێکی دیکە بە تەواوەتی لێکهەڵوەشایەوە، ئێمە لە دەستەواژەکانی پێشتردا رستەیەکمان لە مانیفێستی کۆمۆنیست هێنایەوە سەبارەت بەواتای هەموو «گـوزارە تیوەرییەکان لەسیستمی کۆمۆنسیتی مارکسیتدا بەگوێرەی ئایدۆلۆژیای بۆرژوایی بنەما و ئایدیالە تیۆرییەکان وەک مۆراڵ بۆ خۆیان باوەڕ پێکراون و لەئارادان، سەربەخۆن لەهەمبەر راستییە سەرکەوتوەکانی زەوی و مادیدا دەردەکەون، لەم رووەوە دەتوانرێت بە بزاڤێک لەئایدیاوە جیهان راستبکرێتەوە، لە مانفێستدا وەکو ئانتی تێزێکی بەبڕشت لەبەرانبەر ئەم ئایدۆلۆژیایەدا ئاوەها هاتووە (پاڵپشتی گـوزارە تیۆرییەکانی کۆمۆنیزم هەرگیز ئەو ئایدیاو بنەمایانەی ئەم و ئەو نییە، کە موسلحێکی جیهانی دیتبێتەوە، ئەوانە تەنها راگەیاندنی گشتی و راستەقینەی خەباتی چینایەتین کە لەئارادایە، پەیوەندییەکان پەیوەستن بە بزاڤێکی مێژووییەوە کە لەبەرچاوماندا لە ئارادایە.) دەتوانن بەڵگە و هۆکاری وردو رونەکانی ئەم زاراوانەی مانیفیست لەسەر یانزە تێزی فویرباخ بدۆزینەوە کە کارل مارکسساڵی (1845) بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆی نوسیویەتی، پاشان فریدریک ئەنگلس ئەوانەی وەکو فایلێک خستیەسەریەک لە نووسراوەکانی خۆی بەناونیشانی لودویگ فویرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی لەساڵی (1888)دا خستەبەردەم رای گشتی، ناوەرۆکی ئەم یانزە تێزەی مارکس گەلێک زیدەتر لەو شتەیە

که ئەنگلس ناوی ناوە»تۆوی پێگەیاندنی جیهان بینی نوێ لەراستیدا روانگەی بنەمایی فەلسەفەی مارکسیزم سیستمێکی لۆژیکیانەو بوێرانەیە کە بەراشکاوی و درەوشەوەو راگەیاندراوە. ئەم یانزە تێزە لێدوانێکی ئەوەندە تێکشکێنە کە بەوردی خاڵی نیشانەگرتوو هەموو کۆڵەکە پاڵپشتەکانی بۆرژوایی تاکو ئێستا وردەوردە دەهاڕێت، مارکس قەت لەسەر «دوولایەنە» بوونی ئاسایی نێوان تێڕامان و بوون ویستی کردن و کرداری کردن کەلە تایبەتمەیە گشگیریەکەی سەردەمی بورژواییو ئەمرۆش هەر وایە ناوەستێت، بەڵکو بەبێ دواکەوتن خەریکی رەخنەگرتنە لە دوو سیستمی مەزنی فەلسەفی دەبێت، کە بەرواڵەت وەلانانی ئەو دوو لایەنبوونە لە خودی جیهانی بۆرژوایدا بەهۆی ئەمانەوە بەئەنجام گەیشتوون، بە واتایەکی دیکە ئەو لەلایەکەوە خەریکی رەخنەگرتنە لەسیستمی «ماتریالیزم» کە تا ئەو سەردەمە لەلایەن فویرباخەوە گەیشتۆتە لوتکەی خۆی، لەلایەکی دیکەوە رەخنە لەسیستمی «ئایدیالیزم»ی کانت، فیختە، هیگل، دەگرێت، درۆینەبوونی هەردووکیان لە قاودەدات جێگایان ماتریالیزمێکی نوێ دەگرێتەوە کە هەموو نهێنی تیۆریەکانیان بەلێکدادانێک چارەسەردەکات، بەم شێوەیەش مرۆڤی وەکو بوونەوەرێکی هزرڤان سەیرکردووە و لەهەمانکاتدا بەهۆکاری بکەری داناوە لە جیهاندا، نمونەی گشت جیهانی وەکو بەرهەمی «تێکۆشانی مرۆڤی بە کۆمەڵ بوو» تێگەیشتووە و پوختترین و بەرچاوترین بینینی ئەم وەرچەرخانە چارەنوسسازەی فەلسەفە لە دوو رستەی کورتی هەشتەم دایە (ژیانی کۆمەڵایەتی لەگەوهەریی خۆیدا پراکتیکییە، هەموو ئەو نهێنیانەی کە تیۆری بەرەو سۆفی گەریەتی دەبەن لەم خاڵەدایە، چارەسەری ئاوەزیانەی خۆی لەپراتیکی مرۆڤ و تێگەیشتنی لەم پراکتیکەیە) دەبێت بۆ تێگەیشتنی تەواو لەوەی کەلەروانگەی مارکسدا نوێ بوونی هەیە ناکۆکی دوولایەنی

لەلایەکەوە لەگەڵ « ئایدیالیزم» تا ئەو کاتەو لەلایەکی دیکەوە «ماتریالیزم» کە تا ئەو کاتە لەئارادا بووە تێبگەین، بە پێچەوانەی «ئایدیالیزم»وە، کە تەنانەت لەهەمان فەلسەفەی هیگڵ دا بە روونی مەرجی هۆکاریکی « ئەو جیهانی «(Jenseitig) تیادایە «ماتریالیزم»ی مارکس یەکڕاست لەسەر بواری « لەم جیهانەدا « (Diesseitigkeit) پێکهاتووە: نەک تەنها مارکس هەموو «ئایدیا لە» پراتیکی ئاکارییەکی خوویەکی ئەم جیهانەی تیادایە، بەڵکو هەموو تیۆریەکانیشی «راستیەکی « ئاوای تیادایە رێگەبدەن خواکانی هەتاهەتایی لە هزری پاراستنی راستییە نەمریەکانی خواوەندیدا بن، بەڵام هەموو ئەو راستیانەی ئێمەی مرۆڤی زەوی تاکو ئێستا لەگەڵیاندابووین و دەیشبین خو زەویی ئەم جیهانەیان هەیە و هەموو کەموکوڕی و «کاتی بوونەکەیان» لە تایبەتمەندی دیاردەکانی زەوین و بەبێ هیچ پوانێک شەرمەزار کراون، بەڵام لەلایەکی دیکەوە لەجیهانی مرۆڤدا هیچ شتێک بەپێچەوانەوەی ئەوەی کەبزاڤی «ماتریالیزم»ی کۆن وای دانابووم هەبوونێکی بێ گیانەو یارییەکی کوێرانە لەنێوان هێزە هاندەر و نائاگاکان و مادە هاندرا وەکاندایە «راستیە» کەیش بەم چەشنەنییە، هەموو «راستیەکانی» مرۆڤ هـەروەک خودی مرۆڤی ئەو راستیانەی کە بیرمەندانە لەسەری دایە، بەرهەمێکی مرۆییە بەرهەمێکی جیاواز لەگەڵ زاراوەی «بەرهەمە سروشتییە» ناوازەکاندا (گەر ئەمانەش وەکو «سروشت « چاولێکەرین ئەوا لەراستیدا «بەرهەم « نیین!) بە واتایەکی وردتر ئەو راستیانە بەرهەمی کۆمەڵایەتین کەلەژێر هەلومەرجێکی سروشتی و کۆمەڵایەتی بەرهەمەدا لەسەردەمێکی دیاریکراو لەمێژووی سروشت و مرۆڤ بەرێگەی کاریگەریەتی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان، لە دابەشکردنی کاردا لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەی تیکۆشانی مرۆڤدا بەدەست دێن . ئێستا کلیلی (تێگەیشتنی ماتریالیستی لە کۆمەڵگەی

کارڵ مارکسمان لەبەردەستدایە سەرەتا هەموو دیاریدەکانی جیهانی راستی بەسەر دووگرروپی مەزندا دابەش دەبن کە وەکو مرۆڤی هزرڤان و بکەریان وەکو مرۆڤی بکەرو هزرڤان تیادا ژیان دەکەین، لەلایەکەوە ئێمەو هەموو ئەوەی لەئارادایە پەیوەستن بەجیهانێکەوە کە دەتوانین بە «سروشت» وێنای بکەین واتە جیهانێکی «نامرۆیی» کە بەتەواوی لە هزرو ویست و کرداری ئێمە سەربەخۆیە (جیاوازە) لەلایەکی دیکەوە وەک مرۆڤی هزرڤان و بکەر، لە جیهانێکدا ژیان دەکەین کە لەراستیدا بەکردار کاریگەریەتی لەسەر دادەنێن و کاریگەریە کرداریەکانیشی دەبێتە ئەزمونمان لەم رووەوە و دەبێت لە بنەڕەتدا بە بەرهەمی خۆمانی بزانین، هەروەها خۆشمان بە بەرهەمی ئەو بزانین، بەڵام ئەم دوو جیهانە، جیهانی سروشتی و ئەو جیهانەی کەلەڕووی مێژوویی کۆمەڵایەتییەوە پراکتیکییە لەیەکدی جیاواز نین، بەڵکو هەردووکیان لەیەک جیهاندان.

یەکێتی ئەوان لەسەر ئەو بنەما تاکە هەردووکیان لە جێگەو ژێرسەری رەوتی ئەکتیف-پاسیڤی ژیانی مرۆڤەکاندان ئەو مرۆڤانەی کە هەم لە کارەکانیاندا لە کاتی دابەشکردنی کاردا، لە تێڕامان و گشت راستییەکانی خۆی بەردەوام سەر لەنوێ بەرهەم دەهێنێتەوە و پڕاوپڕی دەکات، بەڵام بە تێڕوانینێکی وا ناتوانێت بەیەکگەیاندنی ئەم دوو جیهانە شتێکی دیکە جگە لە ئابوری بێت بە گوتەیەکی وردتر «بەرهەمی مادی»، چونکە هەر بەو شێوەیەی مارکس لە «پێشەکییە گشتیەکان» دا لەسەر ئابوری رەخنەگرانە ساڵی(1857) دیسانەوە بۆیەکلایی کردنەوەی خۆی نوسیویەتی و بەراشکاوانە رایگەیاند، لە نێوان ئەو هەموو هۆکارە هەمە چەشنانەدا کەبەتێکەڵبوونیان کاریگەریەتیان فۆرم دەدەنە ژیانی مێژوویی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان و هەمیشە سەرلە نوێ دروست دەبنەوەو بەرفراوان دەبن، پرۆسەی

بەرهەمی مادی ئەو هۆکارە دروست دەکات کە هەموو هۆکارەکانی دیکەی لەنێوچنگدایە و هەمویان لەیەکێتییەکی راستەقینەدا بە یەکدی بگەیەنێت، لودویک وڵتمن مرۆڤناسی رامیاری، کانت گەرا و سۆسیالیستی سەر لەنوێ گونجاندن (ریۆژایست) لەپەرتوکەکەی خۆیدا کە سەبارەت بە ماتریالیستی مێژوویی بەشەش دەرکەوتنی جیاوازی بۆ «ماتریالیزم» دەستنیشانکردووە دەبێت لەروانگەی ئەو هەموویان بە بەشەکانی دروسنکەری»مارکسیزم وەکو جیهان بینیەک» دا بنێن و ئاوا شرۆڤەی دەکات: (مارکسیم وەکو ئایدۆلۆژیا لەگەڵاڵەیەکی گشتیدا پێگەیوترین و پڕاوپڕ سیستمی ماتریالیستی و لەسەر ئەم خاڵانەیە:

1- ماتریالیزمی دیالکتیک وەکو بنەمای گشتی ناساندن سەر لەنوێ ناساندنەوە پەیوەندی هزروبوون هەڵدەسەنگێنێت.

2- ماتریالیزمی فەلسەفی کێشە پەیوەستدارەکان لەپەیوەندی نێوان رۆح و مادده بەمتمانەدان (کردن) بەزانستە سروشتیەکان چارەسەر دەکات .

3- ماتریالیزمی ژینگەناسی پەیوەستە بەپەیوەندی تیوەری تەواوکاری سروشتی لەگەڵ دارویندا.

4- ماتریالیزمی جوگرافی پەیوەست بوونی مێژووی کولتوری مرۆڤ بەدۆخی جوگرافی و دەوروبەری فیزیکیەوە دەسەلمێنێت .

5- ماتریالیزمی ئابوری لێکۆلینەوە لەسەر کاریگەریەتی پەیوەندی ئابوری هێزەکانی بەرهەم و ئاستی تەکنیک، بۆ وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و مۆراڵی هەڵدەسەنگێنێت و دەیان دۆزینەوە پێکەوە ماتریالیزمی جوگرافی و ئابوری تێگەیشتنی ماتریالیستی مێژوو بە واتا سنوردارەکەی دروستدەکات.

6- ماتریالیزمی ئاکاری بەواتای پچڕانی رادیکاڵە لە هەموو وێنا ئاینزاکانی ئەو جیهانەوە هەموو ئامانج و هێزی ژیان و مێژوو دەگوازێنەوە

ئەم جیهانە راستەقینەیە. هەڵبەت دەتوانین ئەو مافە بدەینە وڵمتن کە مارکسیزم پەیوەندیەکی دیاریکراوی دوورو نزیکی لەگەڵ ئەم دەرکەوتنانەی ماتریالیزمدا هەیە، بەڵام هەموو ئەمانە بە هیچ کلوجێک وەک بەشێکی پێویست گەوهەری مارکسیزم نین، لەراستیدا «تێگەیشتنی ماتریالیستی لەمێژوو و کۆمەڵگا»ی مارکس تەنها ئەو تایبەتمەندییە دەگرێتەوە کە ولتمن لە کۆتاییدا لەبەندەکانی (5و6) داوەکـو دەرکەوتنی ماتریالیزم دەستنیشانی کردون، لەراستیدا ماتریالیزمی مارکس، ماتریالیزمێکی«ئاکار»ییە هەربەهەمان شێوە کە وڵتمن ئاماژەی پێداوە، نەک بە واتای ئەو روانگە ئاکارییە کە مارکس لەیەکێک لە نوسراوەکانی سەردەمی « وێنیدا» (Nahlass بەرگی یەکەم لاپەڕە321) وەکو «ماتریالیزمی سوک و ریسوا» دابویە بەرهێرش کەتیایدا بەرژەوەندی تایبەتی وەکو ئامانج و مەبەستی جیهان هەڵسەنگاندبوو)، مارکیسم تێگەیشتنێکی بەو رەنگە لە «ماتریالیزم»ی ئاکاری داوەتە دەست بەرژەوەندی پارێزانی ئایدۆلۆژیای بۆرژوایی و ئاکاری کاسبکارەکانی، بەڵام لەم دواییانەدا رێکخراوەیەکی سەرمایەداری ئەو تێگەیشتنەی بەم چەشنە لەقاودا (بازرگانێک لەبەر رۆح سوکی نابەجێ لە قازانجی نائاسایی سەرکەوتوانەی ئاڵوگۆڕی دراودا خۆبەخشانە وازی لێدەهێنێت و بەم کارەشی خۆی لەبەرانبەر زەرەرەکانی داهاتودا قرکرد و ئەم کارەش لەروی ئابورییەوە گەوجێەنیەکی تەواوەو لەڕووی ئاکاریشەوە قەت کارێکی چاکەی بەئەنجام نەگەیاندووە) (سەروتاری 23 ی مارسی 1922 DeutscheBergwerKzeitun) بە پێچەوانەی «ماتریالیستی ئاکاری»چینی سەرمایەدارەوە «ماتریالیزمی ئاکاری چینی کرێکار هەر وەکو وڵتمن بەراستی جەختی لەسەرکردۆتەوە لەبنەڕەتدا بە واتای پچڕانێکی رادیکاڵە لە هەموو وێناکانی ئەو جیهان، هەڵبەت لێرەدا وڵتمن وەکو کانت گەرایک بە گوێرەی

پێویست «وێناکانی ئەو جیهانی» ناناسێت و نابێت تەنها بەوێنا وردو دیار و ئاگای «ئاینزا»بزانین، بەڵکو ئەم چەمکە هەموو وێناکانی « ئەڵتەرناتیڤ» یش دەگرێتەوە کە فەلسەفەی رۆشنگەری، پاشان فەلسەفەی رەخنەگرانەی ئایدیالیستی بووە جێگە یاری وێنا ئاینزاکان، بۆ نموونە ئایدیای یاسادانی ئاوەزی تۆخ بەهۆی نابژیوانیئەو گوتارانە لە خۆدەگرێتەوە لەئەنجامدا، پاشان فەرتر روونی دەکەمەوە گەر بڕیار بێت و بەراستی لەگەڵ هەموو وێناکانی ئەو جیهاندا بەشێوازێکی رادیکاڵ پەیوەندیەکان ببڕێن و روتێکردنی ئەم جیهانەمان «بەرجۆرێکی پڕاوپڕ» بێت ئەوا کێشە کە لێرەدا کۆتایی پێنایەت، وێڕای ئایدیا پراتیکی و ئاکارییەکان و ئیدەئالە ئاینزاکان و فەلسەفەی ئاکاری دوولایەنە خوازی بورژوایی ناساندنە تیوەریەکانی راستی ئەو هی ئەو جیهانن، کەواتە ئاشکرابوونی راستییە «نەمرەکان» مانەوەو نەگۆڕیان «خۆی لە خۆڕا» لە ئارادابووە کە دەبێت زانست و فەلسەفە بەدوایاندا بگەڕێت و بیان بینێنەوەو لەمەولا بەشێوەیەک کە گۆڕاندنیان تیا نەبێت بیانخاتەڕوو. وێناکردنێکی لەم چەشنە تەنها خەونێکە ئەویش خەونێک کە ئەوەندە جوان نییە، چونکە ئایدیایەک بەبێ وەرچەرخان و بەبێ‌گۆڕان بێگومان ئایدیایەک دەبێت کە دوور دەبێت لە تایبەتمەندی پێگەیین و گەشە ئەمەش تەنها بۆ ئەو چینە بەختەوەرەیە کەلەدۆخی ئێستادا هەست بەخۆشی و کارمەرانی دەکات و بەچەشنە ئایدیایە سەرسام دەبێت، بەڵام ئەو چینەی کە بەناچار لە دۆخی ئێستایە و پێشکەوتنی خۆی هەوڵدەدات قەت شتێکی بەو رەنگە لەئارادا نییە .

خاڵی دووەم ئەوەی کە لەراستیدا ماتریالیستم ماتریالیزمێکی «ئابوری»یە ئەم ماتریالیزمە پەویوەندی نێوان وەرچەرخانی سروشتی و کۆمەڵگای مرۆیی لە پرۆسەیەکدا دەبینێت کەوەک «بەرهەمی مادی»وەرگیراوە ئەو پرۆسەیە

که ئەنجامدا و بەردەوام بە درێژایی ئەو مرۆڤ کەرەستەی ژیان و هەموو ناواخنەکەی سەر لەنوێ بۆ جارێکی دیکە بەرهەم دەهێنێت و گەشەی پێدەدات، لەپاڵ ئەمەدا گرنگترین «راستی» ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ واتە هەموو راستییەکانی دیکەی مێژوویی کۆمەڵایەتی و کرداری و پرۆسەی ژیان لە واتا بەرفراوانەکەیدا بەپرۆسە مۆراڵیەکەیشیەوە دیاردەگەلێکن، کە بۆ وەرچەرخانە گشتی و سەرانسەریەکان کاریگەریەتیەکی ئەوتۆیان نییە، هەرچەندە زرۆیش راست نیین گەر نواندنەکەی مارکس بخەینە گەڕ ئەوانە سەرخانی بینای ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان دادەمەزرێنن لەکاتێکدا ژێرخانی ئەم بینایە لە «پێکهاتەی ئابوری» کۆمەڵگادا نەخشی بەستووە، بەڵام لەوێدا کە وڵتمن وەکو مرۆڤناسێک لەبری «زانستە کۆمەڵایەتیەکان» جەخت لەسەر زانستە سروشتیەکان» دەکات و داواکار دەبێت کە ماتریالیزمی جوگرافی و ئابووری پێکەوە تێگەیشتنی ماتریالیستی لەمێژوو و بەواتایەکی دیکە سنوردار دەکات» راست نییە، گەر بمانەوێت تێگەیشتنی ماتریالیستی مێژوویی بەواتای «بەرفراوان» و « سنوردار» لەیەکدی جیابکەینەوە ئەوا بەبڕوای من و بێگومان دیاریکردنی واتای سنوردارکردنی ماتریالیزمی تایبەتی مارکس لەهەمبەر ئەوەدا تەنها بەواتایەکی بەرفراوان بە «ماتریالیزم» دەژمێردرێت، بەڵام گەر بەوشێوازە بێت کە ماتریالیزمی مارکیستی وەک تێگەیشتنێکی ماتریالیستی لەژیانی «مێژوویی کۆمەڵایەتی» ماتریالیستی کە مارکس و ئەنگڵس ئەوماتریالیزمەیان بە ماتریالسمی « ناتورالیستی» ناوزەدکردوە جیابکەینەوە، کەواتە تێبینی هۆکارە جوگرافیەکان، هەروەها ژینگە ناسی کاریگەریەتیەکانی دیکەی «سروشت» لەسەر وەرچەرخانی مێژوویی کۆمەڵگای مرۆیی بەدەر دەبێت لەبابەتی « تێگەیشتنی ماتریالیستی لە مێژوو بەواتای سنودارەکەی «وڵتمن و زۆربەی کەسەکانی دیکە، کە سەبارەت بەتێگەیشتنی

ماتریالیستی مارکس لەمێژوو قەڵەمیان سواندوە ئەم خاڵەیان روشاندو لێڵیان کردووە، بەڵام ئەو کەسانەی هەموو کات زەحمەتیان داوەتەبەر خۆیان کە سەربەخۆ و راستەوخۆ لەسەر نوسراوەکانی مارکس تێڕامان بکەن بەراستی و دروستیان زانیوە» مارکسیش وەک « هیگڵ « هێردەر» (Herder) و زۆربەی فەیلەسوفەکان , مێژوونوسان و شاعیرو کۆمەڵناسەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە و بیستەم کاریگەری هۆکاری فیزیکی و هۆکاری دیکەی سروشتیان لەسەر تەواکاری بۆ کۆمەڵگای مرۆیی گەلێک گرنگ و ئاوارە زانیوە لەلای مارکس ئاشکرایە کۆمەڵگای مرۆیی شتێک نییە، لە دەرەوەی «سروشت» یان باشتر لە سروشتەوە بێت، بۆنمونە لە یاداشتە کورتەکاندا بۆ کۆتایی «پێشەکییەکی گشتی» لەسەر رەخنەی ئابوری رامیاری لەساڵی (1857) دا بۆ داڕشتنەوەی دوایی نوسیویەتی بە مۆرکێکی راشکاوانە بۆ واتای بەرفراوان لەسەر چەمکی «سروشت» دەبینین , کە « هەموو شتەکان» لەوانەش « سروشتیش دەگرێتەوە، لەم یادەداشتانەدا رایدەگەینێت کە بێگومان سروشت چاوگەی دەستنیشانکردن و دیاریکردنەکانی سروشت خۆیی و بابەتی خێڵ و رەگەزەکان و هتد .... دەبێت، لە زۆربەی گوتە ئاوارتە روناک کەرەوەکانی «سەرمایە»شدا، بەئاشکرا جەخت لەسەر کاریگەریەتیەکانی سروشت دەکات ئاماژەی پێدراوە، لەنامەکانی نێوان مارکس و ئەنگڵسدا نمونە گەلێکی دیکە هەیە، کە تا چ رادەیەک گرنگیداوە بە تەواو کردن و تۆکمەکردنی بناغەی ماتریالیزمی مێژوویی کۆمەڵایەتیەکەی لە روانگەی «زانستە سروشتیەکان»ەوە، بۆ ئەوەی چەند دەستەواژەیەکی کورت بە نمونە بهێنینەوە ئاماژە بەنامەیەک لەبەرواری (19ی دیسامەبەری1860) دەدەین کە مارکس سەبارەت بە پەرتوکی هەڵبژاردنی سروشتی داروین نوسیویەتی و خاڵێکی زەقی نیشاندەر و تایبەتمەندیەکی بەرچاوی دەڵێت

«سەرەڕای ئەوەی کە ئەم پەرتوکە بە ئینگلیزیەکی نەتراشراو نوسراوە، بەڵام بناغەی مێژووی سروشتی تیۆرییەکانمانە» وێڕای هەموو ئەمانەش مرۆڤ بۆ تێگەیشتنی روانگەر ئامانجەکانی مارکس و ئەنگلسیش بە بۆچوونی ئێمە لەم بوارەشدا لەنێوان ئەم دوو هاوڕێیەدا رێکەوتنێکی تیوەری تەواو لەئارادایە توشی هەڵەیەکی فرە زەق دەبن، گەرچی تێگەیشتنی ماتریالیستی مێژوو کۆمەڵگادا لەمەودایەکی ساکاردا بەکاربێنین و راستەوخۆ بەبنەمای لێکۆڵینەوە زانستە سروشیەکان لەپرۆسەی ژیانی مێژوویی کۆمەڵایەتیشدا بزانین و ناتوانرێت ساویلکە بوونێکی بەم چەشنە لە دامەزرێنەرێکی کۆمۆنیزمی ماتریالیستی کە قۆناغبخانەی هێگڵی دیتبێت سەرهەڵبداتا، لەلای ئەمانە گشت سروشت وەکو بناغەیە کە چ لە بوونیدا، چ لەهەر قۆناغێکی وەرچەرخانی «مێژووی سروشتی»یدا بێت ئەمە مەزنترین هۆکاری کاریگەری لەسەر وەرچەرخانی مێژووی کۆمەڵگای مرۆیی، بەڵام ئەم کاریگەریەتییە وێڕایی هەموو توندیەکەی هەموو کات وەکو هۆ و ناوبژیوانێک دەمێنێتەوە هۆکارە سروشتیەکان وەکو ئاوو هەوا، رەگەز کانزا ژێر زەوییەکان و هتد ... خۆیان لە خۆڕا و راستەوخۆ دەست نادەتە پرۆسەی وەرچەرخانی مێژوویی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لە هەریەک لەم بابەتانە بەتەواوەتی پلەی پێشکەوتنی» هێزە بەرهەم هێنەرەکانی مادەی « لە شوێنی خۆیداد یاردەکەن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دیاریکراو «پەیوەندی بەرهەمی مادی» تا ئەم پلەیە لە پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمی مادی «چاودێری» دەبن (ئاگایان لێدەبێت) ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەی بەرهەمی ماددی وەکو پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵگا «ژێرخانە راستەقینەکەی» دادەمەزرێنێت کە گشت ژیانی کۆمەڵایەتی وەک ژیانی (مۆراڵ)یش دیار دەکات، بەڵام مارکس هەموو کات ئەم شتە جیاوازانەی بەتوندترین شێوە لەیەکدی جیاکردۆتەوە، تەنانەت

لەوێدا کەوا دێنە بەرچاو ئاماژەبە ژیانی سروشتی مرۆڤ لەپەیوەندیدا لەگەڵ سروشتدا دەکاتن بە سەرنجدانێکی فرەترەوە دەردەکەوێت، کە هەموو بابەتەکان پەیوەندیان بەم مژارەوە هەیە، واتە ژیانی مێژووی کۆمەڵایەتی ئەو ژیانەیە کە بنچینەیەکی لەسەر بناغەی سروشتی کاریگەری دانانو کاریگەریەتی وەرگرتن لەو بەگوێرەی ((یاساکانی سروشت)) ئەمە جەختکردنەوە شێلگیرانەیە لەسەر مارکسو ڕوانگەو بابەتی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لە گوتە بەرزەکاندا لەبەرگی یەکی (سەرمایە)دا، بۆ جارێکی تر باسی داروین دێنە گۆڕو بەڕوونی دەبینرێت کە ((داروین سەرنجی ڕاکێشا لەسەر مێژووی تەکنەلۆژیاو سروشتی، واتە سەرنجی خستە سەر ئەندامەکانی گیاکانو ئاژەڵەکان وەک ئامرازەکانی بەرهەم بۆ ژیانی گیاو ئاژەڵەکان.

ئایا مێژووی فۆرم وەرگرتنی ئەندامە بەرهەمهێنەکانی مرۆڤی کۆمەڵایەتی کە کۆڵەکەی ماددی هەر ڕێکخراوێکی تایبەتی کۆمەڵایەتییە شایەنی سەرنجدانێکی بەم چەشنە نییە ؟ باشە هەنگاونان بۆ کارێکی بەم چەشنە ئاسانتر نییە، چونکە هەروەکو ئەوەی ڤیکۆ (Vico) دەڵێت: جیاوازی نێوان مێژووی مرۆییو مێژووی سروشت لەوەدایە کە ئێمە سەبارەت بەیەکیان لێکۆڵینەوەمان کردووەو سەبارەت بەئەوی دیکە نەمان کردووە؟ تەکنەلۆژیا ڕوونکەرەوەی تێکۆشانی مرۆڤە لەبەرانبەر سروشتو پرۆسەی ڕاستەوخۆی بەرهەمی ژیانی، هەروەها نیشاندەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو وێنا مۆراڵیەکانیەتی کە لەو پەیوەندیانەوە سەرچاوە دەگرێت.

تەنانەت بەم شێوەیەش (تەکنەلۆژیا) واتە دبینینی سروشت - نەک بەو جۆرەی کە خۆی لە خۆرا لە ئارادایە، بەڵکو وەها کە وەکو هەمبەرێکی ڕاوەستاو و ماددیو تێکۆشانە مرۆییەکان دەخرێتەڕوو پرۆسەی بێ ناوبڕیوانو سروشتییەکەی بەرهەمی ژیانی مرۆڤ ئاشکرا دەکات، لەهەمانکاتدا پرۆسەی بەرهەمی کۆمەڵایەتی ژیانیشی دەخاتەڕوو.

بەڵام وێڕای ئەمانەش هەروەکو لەپێشەکییەکی گشتییدا لەساڵی 1857 چەندەها جار دوبارە بۆتەوە بە روونییەکی زێدە ترەوە گوتراوە (ئابوری__ رامیاری) لەبەر ئەو هۆیە (تەکنەلۆژیا نییە)، کە هەمووکات وەک زانستێکی (سوژەی کۆمەڵایەتی) بمێنێتەوە. بەبڕوای من هەموو هەڵەکانی وڵتمن‌و زۆربەی هەڵەکان لەسەر ناسینی گەوهەری راستی تێگەیشتنی ماتریالیستی‌و مارکسە بۆ مێژووی کۆمەڵگا کراون لە یەک هۆیا سەرچاوە دەگرێت ئەویش بەکارهێنانی نوقسانی‌و ناتەواوی بنەمای (ئەم جیهانەیەتی)یە. (بەم جیهانی بوونە) لە کورتترین دەربڕیندا گشت (ماتریالیزمی مارکس) بریتییە لە بەکارهێنانی هەرە باشی ئەم بنەمایە لەسەر ژیانی مێژووی کۆمەڵایەتی مرۆڤ.

زاراوەی ماتریالیزمی وێـڕای واتا جۆراوجۆرەکانی تەنیا لەبەر ئەوهۆیە کە خووی (ڕەها)ی ئەم جیهانی بوونەی لەسەر شێوازی تێڕامانی مارکس بەشێوەیەکی پڕاوپڕ ڕایانگەیاندووەو شایانی ئەوەیە کەهەموو کات بۆ تێگەیشتنی مارکسینی بیپارێزێت. ئەم زاراوەیە واتا بنەڕەتیەکەی مارکس باشترین شێوازە لەبنەڕەتدا زاراوەیەکی هەڵگری بێت رادەگەیەنێت. (ماتریالیزم) یەکڕاست لە رەخنەی (ئاینزا)وە سەرچاوە دەگرێت، لەو ساتەوە سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا لەباتی ئەوەی لەپڕوپاگەندەکانی راشکاوانە لایەنگران‌و ئەندامانی لەسەر تێکۆشانی (نا ئاینزایی) ئەرکداربکات، ئاینزایی وەکو (بابەتێکی تایبەتمەند) راگەیاندو کەوتە دژایەتیەکی چارەسەرنەکراو، لەگەڵ بنەمایەکی سەرەکی مارکسیسزدا چۆن هەر ئایدۆلۆژیایەکی دیالێکتیکە ماتریالیستەکان ناتوانێت ببیتە (بابەتێکی تایبەتمەند) بەو رادەیەش ئاینزا ناتوانێت ببێتە بابەتێکی تایبەتمەند، گەر لەپاردۆکسی بوون باکمان نەبێت دەتوانین کێشەکە بەجۆرێکی دیکە دەربڕین، نا ئاینزا بوون

(یان بەجۆرێکی گشتی خەبات بەدژی ئاینزاو - نەک خەبات لەروانگەی بۆرژواییەو بەشێوەیەکی دیموکرات بەدژی دەسەڵاتی پاوانخوازی ئەم یان ئەو ئاینزای تایبەت بێنەگۆڕێ ئەوا بەرادەیەک هەمان شۆڕشی ماتریالیستی گرنگ دەبێت، کە ئاینزای بۆ تاکی باوەڕدار هەیەتی. لێرەشدا یەک (بابەتی تێپەڕاندنی ماتریالستی) لەئارادایە هاوشێوەی ئەوەی کە پێشتر سەبارەت بە (دەوڵەت)، (زانست)، (فەلسەفە) لێکۆڵینەوەمان لەسەرکرد.

رەخنە، خەبات‌و هەڵوەشاندنەوەی ئاینزا تا ئەو جێگایەی بەشێوازی پرۆسەی مۆڕاڵ لەپێشە، لەهەمانکاتدا یان پاش گۆڕانکاری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بەرهەم دێت کە ئەمەش خۆی بناغەی گۆرانگاریەکانی دیکەیە لەنێو مێشکی مرۆڤەکاندا پێکدێت هەر لەم پەیوەندیبە تایبەتیەدا خۆی وەکو (هەڵوەشاندنەوە ئاینزا) ناچار دەبێت لەشێوازێکدا هەندێک گەوهەری ئیمانەکەی لە (ئاینزا)هەبێت. دیاری‌و دەستنیشانکردنی ئەم گوتەیە هەبووە و باوە کە سۆسیالیزم‌و کۆمۆنیزم (ئاینزای بەم جیهان بوونەن) کە لەقۆناغی ئێستای گەشەو راستریش بۆ قۆناغی ئێستای کۆمەڵگای ئەوروپی هێشتا واتای راستی خۆی هەیە (ئاینزای بەم جیهان بوونە) وەک قۆناغی سەرەتایی‌و هێشتا زۆر ناتەواوی (تێپەڕبوون)ە، بە جیهانی وشیاری‌و ئەم جیهانە مرۆییە لەکۆمەڵگای کۆمۆنیستیداو بەکرداریش لەگەڵ دەوڵەتی (دیکتاتۆری شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا)و لەقۆناغی گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆ (کۆمەڵگای کۆمۆنیستی) لەسەیرکردن‌و چاودێریکردندا بەم شێوەیە نا ئاینزابوونی ڕەچەڵەک خوازی بێ بڕواییەکی چالاکەو پێش مەرجی چۆن‌و جیهانی بەپڕاوپڕە لەهزرو کردار دایە، لە واتا و روانگە ماتریالیستەکەی مارکسەوە، پڕاوپڕ بەم جیهانی بوونە تەنها بەسەردا رۆشتنی وێناکان ئەم جیهانی ئاینزایە بەدینایەت تا ئەو کاتەی تاک خود بەراستی بوونی

هەمیشەیی‌و لەئەنجامدانی نەزەویی بوونی (ئایدیا) تیۆرێک‌و کرداریەکان باوەڕی هەبێت ئەوا هەر(ئەو جیهانەش) و (ئەم جیهان) بەردەوام دەبێت، تەنانەت ئەو کاتەی هزری مرۆ لەم قۆناغە باشتربوو، دیسانەوە لەوانەیە نەگات بەم جیهان بوونە راستەقینەیە.

کەواتە ئەوە کە تەنها لەدوایین شرۆڤەدا بەگوێرەی تیۆری مارکس ئەم جیهانی بوونە لەدوو (تێزیدا سەبارەت بە فۆیرباخ) دەڵێت شتێکی جیاواز نییە، لە (پراکتیکی ) کرداری مرۆیی.

لەم ڕووەوە تەواوکاری کردنی (ئەم جیهانی بوونە) لە سیستمی مارکسدا بەشێوازێکی باشتر لەتێگەیشتنی ماتریالستی مێژوو کۆمەڵگا لەم (بەجیهانی بوونەدا) دێتە ئاراوە کە بیلان چۆی بۆ دانـراوەو وەک پاشماوەیەکی لانەبراو لە قۆناغی دوولایەنە خوازی بۆرژوایی، هەروەها ماتریالیستمی (سروشتگەرا) هاوڕێیەتیەکی ئاوەژوانەی دەکات، هەنگاوی چارەنوسازی کە لە درێژەیدا ماتریالیزمی نوێ مارکیستی دەگاتە دواین و گرنگترین و قۆناغی پێگەبینی برینیە لەو راستییە کە لەهەمبەر واتای سنوردار و کرداری سروشتا وشەیەک وەک «سروشت» دیاریدەکرێت و راستی پرۆسەی ژیانی پراکتیکی مێژوویی کۆمەڵایەتی مرۆڤ رادەگەیەنێت هەر بەو شێوەیەی کەپەرتوکی وڵتمن و سەدان پەرتوکی دیکە، لە هەمووی گرنگتر رەوتی وەرچەرخانی بزاڤی پارتە سۆسیالیستی و نیمچە سۆسیالیستەییە لە ئەوروپا و ئەمریکادا گەلێک جار سەلماندویانە کە ماتریالیزمی سروشتگەرای ئاوەژوو قەت ناتوانێت کێشەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەناو بابەتێکی خۆیدا وەک «بە شێوازێکی ماتریالیستی» چارەسەر بکات، چونکە هزری شۆڕشێک کە دەبێت لەرێگەی کردارە راستەقینەکان مرۆڤ لە جێهانێکی راستەقینەدا بێنە گۆڕێ قەت لەلای ئەو «بابەتی» بوونی مادی نییە، لە ئەنجامدا

ماتریالزمێکی بەم چەشنە کە بابەتی دژکـردەوەی کرداری مرۆڤ لەلای ئەو لەئاکامدا وەک بابەتێکی ئەو دیو نامادی بوونەوە سەیردەکات، لە بەرەنگاربوونەوەی راستیيە «مادی -پراکتیکی» یەکانی وەک شۆڕش تەنها دوو رێگەی لەبەردەم دایە، یان بەو شێوازەی کە مارکس لەیەکەم تێزیدا سەبارەت بە فویرباخ رایگەیاندووە «وەرچەرخانی لایەنی زانستی دەسپێرێتە ئایدیالیزم» و ئەمەش ئەو رێگەکانی کە هەموو مارکسیتە کانت گەڕا، ریژیونیتەکان و ریفۆرمیستەکان تێپەڕیان کردووە و تێپەڕی دەکەن، یان ئەوەی کەشێوازێک دەگرێتەبەر کە زۆربەی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا تا پێش جەنگی جیهانی یەکەم تێپەڕیان کردبوو، ئەمڕۆش پاش ئەوەی کە سۆسیال دیموکراسی ئاشکراو روونی کردووەتەوە ریفۆرم بۆتە بابەتی سەرەکی مارکسیستە نەرم ڕەوەکـان، کەواتە هەرەسپێهێنانی کۆمەڵگای سەرمایەداریو لەدایکبونی کۆمەڵگای سۆسیالستی کۆمۆنیستی پێویستیەکی سروشتی ئابوری دەزانن درەنگ، یان زوو بەگوێرەی یاسای سروشتی (خۆیان لەی خۆڕا پێکدێن) لە ئاسمانەوە دەکەوێتە خوارەوە وە بەبێ راڤەکردنی جەنگی جیهانی 1914–1918 نەخرایە خزمەت ڕزگاری پرۆلیتاریاوە، بەڵام رەوتی بزاڤ لەکۆمەڵگایە سەرمایەداریەوە بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنیستی هەروەکو ئەوەی مارکسو ئەنگلس وێرای (هەموو تیۆرە دوو شانەکانیان) لەسەرەتا تاکو کۆتایی لە هەموو بەرهەمەکانیاندا دووپاتیان کردووەتەوە کەتەنها بەشێوازی شۆڕشە کە لەلایەن تێکۆشانی کرداری مرۆییەوە دێتەئاراوەو پێکدێت، تێکۆشانێک کەنابێت وەک هەڵدێرانی (بەبێ زەمەن) سەیر بکرێت، بەڵکو قۆناغێکی درێژە لە خەباتی شۆڕشگێڕانە لەقۆناغی تێپەڕاندنی نێوان کۆمەڵگای سەرمایەدارو کۆمۆنیستدا کە لەدرێژەیدا گۆڕانکاریە شۆڕشگێرەکان لەمەوە بۆ ئەوی دی بە دیکتاتۆری شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا بەئەنجام

دەگاتْ، (مارکس رەخنەی پرۆگرامی گۆتای 1875) چونکە هەروەک لە سی ساڵ لەمەوبەر مارکس لەکاتی پیلاندانانی روانگەی ماتریالیستی نوێ خۆیدا بووە بەوپەڕی کورتییەوە لەسێیەمین تێزی سەبارەتْ بەفۆیرباخ، وەکو بناغەو بنەمای گشتی ئەم ماتریالیزمە راگەیاندووە (هاوکاتْ بوونی گۆڕانکاری هەلومەرجی تێکۆشانی مرۆیی تەنها دەتوانێتْ، بۆ پراکتیکێکی گۆرانکاری پێکردنو تێگەیشتن بەشێوازێکی ئاوەزانە تێبگەین).

*وەگێڕی کورد:ـــ چاوەڕوان بن هەر لەهەر ژمارەیەکی گۆڤاری ئایدایادا بەشێک لە کتێبی ((مارکسیزمو فەلسەفە) کە بەقەڵەمی کارڵ کۆرش نوسراوە بڵاودەکرێنەوە...

**سەرچاوە**

مارکیسزم وفەلسەفە، کارل کرۆس مجید وارەسە.

# ماركسیزم‌و ئایین

مایکل لوفی

لەفارسییەوە: لوقمان ڕەئوف

خوێندنەوەیەکی وردی ئەو نوسینانەی مارکس کەتیایدا گوزارشتی (ئایین بێهۆشکەری گەلانە) دەخاتەڕوو، مایکل لوفی لەنوسینێکیدا تایبەت بەم مەسەلەیە، مۆرکی دوولایەنی ئاینی لەبەرچاو گرتووە و دەڵێ: ((خەمی ئایین لەهەمانکاتدا گوزارشتە لەخەمێکی واقیعیو سکاڵاکردنە لە خەمێکی واقعی، ئایین شتە ناشیرینەکانی بوونەوەری سەر لێ شێواوە دڵی جیهانێکی بێ دڵە، هەروەکو چۆن گیانێکە بەبێ گیان، بۆیە ئەوە بێهۆشکەری گەلانە))

زۆربەی لایەنگران و دژایەتی کارانی مارکسیزم، پێیانوایە گوزارشتی (ئایین بێهۆشکەری گەلانە)ی بەناوبانگ تەواوی چەمکی مارکسیزمە دەربارەی دیاردەی ئاینی، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم گوزارشتە بەتەنها، تایبەتی هی مارکسیزم نییە، بەڵکو دەتوانین لەدەق و ڕێڕەوی تری لای کانت، هیردەر، فیورباخ و... هتد بیدۆزینەوە.

خودی ئەو نوسینەی مارکسیش کە بەناونیشانی (بەرەو رەخنە لە فەلسەفەی حەقی هیگڵی) کە لە ساڵی 1844 نوسیویەتی، قەرزاربوونی مارکسمان بۆ دەردەکەوێ دەربارەی بیرو باوەڕی هیگڵی چەپڕەوانە کەپێی وابوو ئایین نامۆیە بەناوەڕۆک، یان کرۆکی مرۆیی، زیاتر لەقەرزاربوونی دەربارەی فەلسەفەی ڕوناکبیری کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 18، تیایدا سەرزەنیشتی ئایین کراوە لە واقیعدا کاتێک کە مارکس ئەو نوسینەی نوسیوە، هێشتا خوێندکاربووە لەلای فویرباخ و شیکردنەوەکەشی بۆ ئایین

هیچ دانە پاڵی چینێک لەچینەکانی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا مۆرکی جیاوازی دیاردەی ئایینی لە خۆگرتووە: هەندێ جار شەرعیەت دەدات بە کۆمەڵگاو هەندێ جار گلەیی و سکاڵای لێ دەکـات، لە سەرەتادا لێکۆڵینەوەی مارکسیش بۆ ئایین وەکو پەیوەنییەکی کۆمەڵایەتی و مێژووی دەستی پێنەکردووە، بەڵام دواتر لەنوسینی ئایدۆلۆجی ئەڵمانیدا ڕەنگی داوەتــەوە(1846)، ئەو لێکۆڵینەوانە ئاینیان واشیکردۆتەوە کە یەکێکە لەشێوە زۆرەکانی ئایدۆلۆجیەت بەرهەمێکی رۆحی گەلێکە، بەرهەمی بیر نواندنەکان و هۆشیارییەکانە، کە دواتر هەموویان پەیوەستن بەبەرهەمی مادی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە گونجاوەکانەوە، لەوساتەوە مارکس گرنگی بەوشێوە تەواوە بە ئایین کەپێکهاتەیەکی رۆشنبیری ئایدۆلۆجی بێ، فریدرک ئەنگلس زیاتر لەمارکس بایەخی بە دیاردەی ئاینی و ڕۆڵی مێژووی داوە، ئەنگڵس پەیوەندی سروتە ئایینیەکانی بەململانێی چینایەتی ناوبردووە.

لەچوارچێوەی بەراوردی فەلسەفیانەی (مادیەت دژ بەنمونەگەری) هەوێنی تێگەیشتن و لێکدانەوەی لایەنە ڕووکەشیەکانی ئایینەکانی داوە.

مەسیحیەت بەشێوەیەکی جیاواز لە فویرباخ، بەلای ئەوەوە کرۆکی لێک جودای زەمەن نییە، بەڵکو شێوەیەکی ڕۆشنبیری هەیە، رووبەرووی گۆڕان دەبێتەوە لەسەردەمە مێژوییە جۆراوجۆرەکاندا: لە سەرەتادا ئایینی بەندەکانە، هەروەها ئایدۆلۆجیای گونجاو بۆ هیرارکی دەرەبەگانەو دواتر ئایدۆلۆجیایەک کەخۆی دەگونجێنێت لەگەڵ کۆمەڵگای بۆرجوازیدا، لەدوایشدا فەزایەکی رەمزیەو هێزە کۆمەڵایەتیەکان لەسەری دەکەونە ململانێ، وەکو لاهوتی کۆمەڵایەتی، پرۆتستانی، بـۆرژوازی و... هتد، لەهەندێ جاریشداشیکردنەوەی ڕێڕەوێکی بەرژەوەندی خوازو بیانودار بە شێوەیەکی دیاری کراو بۆ بزاڤە ئایینەکان دەگرێتە خۆو هەموو چینێک

لەچینە جۆراو جۆرەکان، ئاینی گونجاو بۆ خۆیان بەکاردەهێنن، بەلای ئەنگلسەوە، شێوەکانی باوەڕی جۆراوجۆر، تەنها پەردەیەکی ئایینین بۆ بەرژەوەندییە چینایەتیەکان، بەڵام ئەنگلس بەهۆی پەیڕەوەکەیەوە جەخت لەسەر ململانێی چینایەتی دەکات، گەیشتوەتە ئەو باوەڕەی بەپێچەوانەی فەیلەسوفەکانی ڕوناکبیریەوە ململانێی نێوان مادیەت و ئایین هەمیشە ناگونجێن، لەگەڵ ململانێی نێوان شۆڕش و دواکەوتویی. بۆ نمونە دەبینین لەئینگلترا لەسەدەی 18دا , مادیەت کەلەخودی هۆبزدا دەرکەوت، بەرگری لەخاوەنێتی رەهاکردووە، لەکاتێکدا کەگروپە پرۆتستانتیەکان ئاینیان، وەکو ئاڵایەک بەکارهێناوە لەکاتی شۆڕشگێڕانەدا دژی بنەماڵەی ستیوارت،بەهەمان شێوەش لەبری دانانی کەئێمە بەپێکهاتەیەکی تێکەڵ لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە، شیکردنەوەیەکی جوان پێشکەش دەکەین، لەوەدا کەچۆن کەنیسە لەهەندێ گۆڕانی مێژوویدا دابەش بووە بەپێی پێکهاتەی چینایەتی. بەم شێوەیە لەکاتی چاکسازیدا گەورە پیاوانی ئایین لەگەڵ لوتکەی دەرەبەگەکاندا بوون، هەرچەندە ئەنگڵس ماددیەکی دژ بەئایین بووە، هەروەکو مارکس لەمۆرکی دوو لایەنی دیاردەی ئایینی گەیشتووە رۆڵی ئایین لەپێدانی شەرعیەت بەرژێمی ئەو وڵاتە، بەڵام بەپێی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان رۆڵی رەخنە گرانەو شۆڕشگێڕانەی هەبوو، زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی بەپلەی یەکەم دەربارەی مەسیحیەت سەرەتایی بووە، ئاینی هەژاران و لێقەوماوان و داماوەکان. مەسیحیە سەرەتاییەکان لەنزمترین ئاستەکانی کۆمەڵگاو قەرزاریدابوون , ئەنگڵس زیاتر هاوتەریبی دەکات لەنێوان ئەم مەسیحیە سەرەتاییەو سۆشیالیستی نوێدا و پێیوایە:

ا هەردوو بزوتنەوەکەی کاری پێغەمبەران و سەرکردەکان نین، بەڵکو بزاوتی جەماوەرین

ب بزاوتی لێقەوماوانن.

ج هەردووکیان بانگەشە دەکەن بۆ ڕزگاربوون لەبەندایەتی و نەتەوایەتی.

ئەنگلس پێیوابووە کەهەردوو بزوتنەوەکە لەوەدا جیاوازن کەمەسیحیە سەرەتاییەکان باوەڕیان بەڕزگاربوون لەڕۆژی دواییدا هەیە، بەڵام سۆشیالیستەکان لەم دنیایەدا. دواتر ئەنگڵس لێکۆڵینەوەیەکی تری کردووە دەربارەی بزاوتی مەسیحی گەورەی دووەم جەنگی جوتیارەکان لەئەڵمانیا لەلایەن فتوماس مونزرەوە کەلاهوتیەت و سەرکردەی جووتیارە شۆڕشگێڕەکان بووە لەسەدەی(16)و دەیویست مەملەکەتێ خواوەند لەسەر زەوی دابمەزرێنێ و بەلای ئەنگلزە، مونزر کۆمەڵگایەکی بێ جیاوازی جودایەتی، یان موڵکایەتی تایبەت و دەسەڵاتی سەربەخۆی دەوڵەت و نامۆی ویستووە. ئەنگڵس بەشیکردنەوەی بۆ دیاردەی ئاینی لە روانگەی ململانێی چینایەتیەوە و هێزە سکاڵا ئامێزو رەخنەگرانەی ئاینی دەرخستووە ڕێگەیەکی بۆ پەیڕەوێکی نوێ داڕشت و جیاواز لەفەلسەفەی روناکبیری سەدەی(18) و هیگڵی نوێی ئەڵمانیاو زۆربەی لێکۆڵینەوە مارکسیەکانی سەدەی(20) دەربارەی ئاین , پەیوەست بووە بەلێکدانەوە، یان پەرەپێدانی ئەو بیرانەی مارکس ئەنگڵس، یان جێبەجێکردنی لەئاستێکی دیاریکراو.

**کاوتسکی و لینین و لوکسمبۆرگ**

کاوتسکی لەبارەی مەسیحیە سەرەتایی و ڕووداوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا تێڕوانینی وردو چڕوپڕی دەربارەی بنیاتە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی ئەو بزاڤانە هەیەو زۆر بیرو باوەڕە ئاینییەکان تەواو کورت دەکاتەوە، بەشێوەیەکە ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتیەکان بشارێتەوە، هەروەها

لەکتێبەکەیدا دەربـارەی چاکسازی ئەڵمانی، تەنها بایەخ بەدەرخستنی بەرژەوەندییە مادییەکان دەداتْ، زۆر لەمارکسییەکانی بزاڤی کرێکارانی ئەوروپا ئەوانەی دژایەتی ئاینیان دەکرد باوەڕیان وابووە، کە دەبێ ئەو دژایەتی کردنە پەیوەستْ بێ بەپرەنسیپەکانی سیستمی چینایەتی کە دەبێ یەکێتی کرێکاران بپارێزرێ لەنێوان ئەوانەی باوەڕیان بەخودا هەیە لەگەڵ ئەوانەی تریش. خودی لینینیش کە زۆربەی کاتْ ئیدانەی ئاینی کردووە لە تەومژی سۆفیانەی لەقەڵەم داوە لەوتارێکدا بەناونیشانی (سۆشیالیزم و ئایین)1905 جەختْ لەوە دەکاتەوە، کە دەبێ باوەڕی نەکرێتْ بەبەشێک لەبەرنامەی حزب، چونکە یەکێتی کەخەباتی شۆڕشگێڕانەی چینی ژێر دەستەیە لەپێناوی بەدیهێنانی بەهەشتێکە لەسەر زەوی، زیاتر لەیەکێتی بیروڕای پڕۆلیتاری دەربـارەی هەڵویستْ، یان لە بیرۆکەی بەهەشتْ لەئاسماندا، هەروەها رۆزا لوکسمبۆرگ پەیڕەوێکی جیاوازو نەرمتری گرتۆتە بەر لەم بارەیەوە هەرچەندە بێباوەڕ بووە، بەڵام لەنوسینەکانیدا هێرشی کردۆتە سەر سیاسەتْ دواکەوتووەکانی کەنیسە زیاتر لەهێرش کردنی بۆ سەر ئایین، لە لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی1905دا بەناوی (کەنیسەو سۆشیالیزم)دەڵێ: «سۆشیالیزمە نوێکان دڵسۆزترین پرەنسیپە بنەڕەتیەکان، مەسیحیەتْ زیاتر لە پیاوانی ئاینی پارێزگارو هاوچەرخەکان، ئەگەر سۆشیالیزم خەباتْ لەپێناوی ڕژێمیکۆمەڵایەتی یەکسانی و ئازادو سەربەستْ دەکاتْ , قەشەکانیش هەوڵادەدەن بۆ جێبەجێکردنی پرەنسیپی مەسیحی لەژیانی مرۆییدا لەوەدا کەدەبێ مرۆڤ ئەوەی دەیەوێتْ بۆ خۆی و بۆ دراوسێکەشی وەهابێ، بۆیە پێویستە پێشوازی لەبزاڤی سۆشیالیزمی بکەن، پێچەوانەی ڕێوڕەسمی مەسیحیەکان کاردەکەن». ئەوکارەی کەمەسیحە سەرەتاکان دەستیان پێکرد، ئێستا سۆشیالیزم جێبەجێی دەکاتْ، وڵاتی

ئازادو خۆشویستنی دراوسێ دروست دەکات، لۆکسمبۆرگ لەبیری جەنگی فەلسەفی بەناوی مادیەتەوە هەوڵدەدا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی کەلتوری مەسیحی کەبزاڤی کرێکاران کۆبکاتەوە، مارکسیەتە مادییەکان پێیانوابوو کە سۆشیالیزم بەشێوەیەک لەشێوەکانی هاوڕێی ئایینە بەشێوەیەکی کەمتر لەهاوڕێی ئەڵمانی و روسەکانیان. نەتەوەگەری شیوعی بایەخی زۆری بەئایین نەداتەوە، ژمارەیەکی زۆری مەسیحیەکان چوونەتە پاڵ بزاڤی شیوعیەکان بۆ نمونە لەبیستەکاندا یەکێک لەقەشە پڕۆتسنانتیەکانی سویسرا (جول ئەمبی وروز) بووە بەیەکێک لەسەرکردەکانی کۆمترن (نەتەوەگەری شیوعی)باوەڕیشوابووە بەلای مارکسیەکانەوە لەوکاتەدا کەئەو مەسیحیەی بوویێت بەسۆشیالیزم، یان شیوعی رەنگە زیان لەباوەڕی ئاینی نازانستی و نمونەیی هێنابێ. لەلایەکی ترەوە برتولدبریشت شانۆگەرییەکی جوانی بەناوی(گیانی قەسابەکان) لەساڵی1932 پێشکەشکرد کە نمونەیە بۆ ئەوەی پێشوو، واتە گۆڕانی مەسیحیەکان بۆ خەبات لەپێناوی ئازادی کرێکاران، هەر لەفەرەنساش(1936 1938)دوای چەند ساڵێک لەم شانۆگەرییە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕە مەسیحیەکان پەیدابوو، کە چەندین هـەژاری شۆرشگێڕی لەخۆگرتبوو لەوانەی پشتگیری بزاڤی کرێکارانەیان دەکرد، بەتایبەتی باڵە چەپڕەوەکانیان دروشمەکانیان برێتی بوو لە (ئێمە سۆشیالیزمین، چونکە ئێمە مەسیحین)

**گرامشی**

رەنگە گرامشی بۆ خۆی یەکێک بێ لەو سەرکردەو بیرمەندانەی بزاڤی شیوعی کە بایەخی زیاتری بەمەسەلە ئاینیەکان دابێت، هەروەها یەکێک بووە لەمارکسیە سەرەتاکان هەوڵی تێگەیشتنیان لەڕۆڵی هاوچەرخی

کەنیسەی کاسولیکی و قورسایی ڕۆشنبیری ئایینیدا بێت، لە نێو جەماوەرو تێبینیەکانی لەسەر ئایین کە (پەرتوکەکانی بەندیخانەدا)تۆماری کردون کەپەرش و بڵاو کاریگەرن.

لەڕاستیدا ڕەخنەی گاڵتەجاڕییانەی لەو شێوە پارێزگارانەی ئایین گرتووە بەتایبەتی جۆری یەسوعی لەکاسۆلیکادا، پێیوابووە ئایین گەورەترین میتافیزیکیای مێژووەو گەورەترین هەوڵە بۆ گونجاندن لەشێوەی مسیۆلۆجیدا لەنێوان پێچەوانە کاریگەریەکانی ژیانی مێژوویدا. لەڕاستیدا جەخت لەوە دەکات کەمرۆڤایەتی سروشتێکی هەیە مرۆڤیش بەو پێیەی کەخواوەند دروستی کـردووە، لەهەمانکاتدا برای ئەوانی ترەو وەکو ئەوان وایە، بەڵام جەختیش لەوە دەکات کەئەمانە هەموو سەربەم جیهانەنین، بەڵکو سەر بەجیهانێکی ترن(یوتۆبیا)، هەروەها پێیوابووە کەزۆربەی ئاراستەو ئایدۆلۆجیاکان لەئایندا کۆبوونەتەوەو پێیوابووە: هەموو ئاینێک... بۆخۆی لەڕاستیدا ژمارەیەک ئاینی جۆراوجۆرو پێچەوانەدارن: وەکو کاسۆلیکی جوتیارانەو کاسۆلیکی بۆرژوازی بچوک و کرێکارانی شارەکان و کاسۆلیکی ژنان و کاسۆلیکی ڕۆشنبیران. زۆربەی تێبینیەکان باس لەمێژوو وڕۆڵی کەنیسەی ئێستا لەئیتاڵیا دەکەن، بەتایبەتی بایەخ بەشێوازی قۆرخکردنی رۆشنبیران دەکات، کە لەلایەن کەنیسەوە بەکاردەهێنرێن.

### بلوخ

ئەرنست بلوخیش یەکەمین نووسەری مارکسییە کە چوارچێوەی تیۆریەکەی گۆڕیوە، بێ ئەوەی ڕوانگەی مارکسی و شۆڕشگێڕانە تێکبدات، بەشێوەیەکی هاوشێوەی شێوازەکەی ئەنگڵس، ئەم دوو فەیلەسوفە دوو تەوژمی دژبەیەکی لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە جیاکردۆتەوە: لەلایەکەوە ئاینی

کەنیسە ڕەسمیە سیوکراتیەکان کە بێهۆشکەری گەل و خزمەت بەهێزەکان دەکات، لەلایەکی ترەوە ئاینی نهێنی تێکدەر دەرچووە کەلەفەرەنسا لەنێوان ساڵانی(1029 1250–)دەرکەوت، بەڵام بلوخ بەپێچەوانەی ئەنگڵسەوە ئەوەی ڕەتکردەوە کەئاین تەنها پەردەیەک بێ بۆ بەرژەوەندییە چینایەتیەکان و پێیوایە کەئایین لەسروشتە رەخنەگرانەکەیدا بۆ خۆی هۆشیاریەکە، کە شێوەیەکی هۆشیاری توباویەکانە کە دەوڵەمەنترین گوزارشتە لە پرەنسیپی هیوادا بیروڕای یەهودی مەسیحی دەربارەی مردن و نەمری بۆ خۆی توانایە بەتێڕوانینی

داهێنەرانە بەرەو فەزای خەیاڵی بلوخ پێیوابوو کە تەنها بێباوەڕیکی ئاینی دەتوانێت ببێ بە مەسیحیەکی چاکسازو بەپێچەوانەشەوە، ئەمیش مۆرکی دوولایەنی ئاینی دەرخستووە بەتایبەت ژێردەستەکردنەکەی توانای لەیاخی بوون بۆ لایەنی یەکەمیش پێویستی بەتەوژمی مارکسی بزوزێنەر هەیە کەهەوڵی بەدەستهێنانی کەمکردنەوەی لایەنی ڕۆشنبیرانەی ئایین و ڕەخنەکانی دەدات.

بلوخ خەوی بەیەکێتیەکی راستەقینەی نێوان مەسیحیەت و شۆڕش دیوە، هەروەکو لەجەنگی جوتیارانی سەدەی(16)رویدا.

### گوڵدمان

کارەکانی لوسیان گوڵدمان هەوڵێکی ترە بۆ نوێکردنەوەی باسکردنی مارکسیانەی ئاینەو هەوڵیداوە بەهای ئاکاری و مرۆیی بۆ کەلتوری ئاینی بگەڕێنێتەوە، بەتایبەتی لە(کتێبی خوداوەندی نادیار) کە لەساڵی(1955)دا نوسراوە. گوڵدمان هەوڵیداوە بەراورد بکات، لەنێوان باوەڕی ئاینی و باوەڕی مارکسی بەبێ لێکدانیان: هەردووکیان مەیلی ئاگەدای و ئەقڵانی

یان (ئەزمونی)ڕەتدەکەنەوە و هەردووکیان باوەڕیان بەبەهای سەروو تاکەکانەوە هەیە، خواوەند بۆ ئایین و کۆمەڵەی مرۆیش بۆ سۆشیالیزم گوڵدمان شێوازێکی نوێی بەکارهێناوە، لەتێڕوانین بۆ پەیوەندی ململانێی نێوان باوەڕی ئایینی و بێباوەڕی مارکسی.

مارکس و ئەنگڵس پێیانوابووە، کە ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی ئایین پەیوەستە بەڕابردووەوەو لەسەردەمی ململانێی چینایەتی نوێدا بایەخی نییە، ئەم تێڕوانینەش لەلایەنی مێژووییەوە جەختی لەسەرکرایەوە بەدرێژایی سەدەیەک، جگەلە چەند ڕوداوێکی کەم نەبێ بەتایبەتی لەفەرەنسا بزاڤی سۆشیالیستە مەسیحیەکان لە(30)کاندا، بزاڤی قەشە کرێکارەکانی چلەکان چەپڕەوەکانی سەندیکا مەسیحیەکان یەکێتی کرێکارە فەرەنسیەکان پەنجاکان، بەڵام بۆ تێگەیشتن لەڕووداوەکانی تری ئەمریکای لاتینی و فلیپین، پێویستە بایەخ بەبیرو ڕاکار بگەرەکانی بلوخ و گوڵدمان بدەین، دەربارەی وزەی بەهێزی کەلتوری یەهودی مەسیحی.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**

# بەرهەمی نەمری مارکس

**نووسینی: ف.م. هاشمی**

**لەفارسییەوە: دلاوەر حامد**

گەورەترین بەرهەمەکانی مارکس لەڕستیدا بەرهەم و پوختەی تەواوی فێرکراوەکان و ئەزمونەکانی زانستی و کرداری ئەو لەتەواوی ساتەکانی نزیکەیی لەهەفتا ساڵ ژیانی ئەو بوو. (کاپیتاڵا)(capital)بەرهەمێکی سێ بەرگی زانستییە کە یەکەمین بەرگی لەساڵی1867لەئەڵمانیا بڵاوکرایەوە، بەرگی دووەم لەساڵی 1885واتا دوو ساڵ دوای مردنی مارکس، لەلایەن (ئەنگلس) ەوە بڵاوکرایەوە، بەرگی سێهەمیش لەژێرسەرنجی (ئەنگڵس)و بەهاوکاری خودی ئەولەساڵی1894، بەڵام مارکس لە کلێشەی ئەم بەرهەمەدا چوار بەرگ(بە بەڵێنی شەش بەرگ) پێشبینی کردبوو، کەبەرگی چوارەم تایبەتە بەکتێبی (تیۆرییەکانی بەهای زیـاد)(theories of Suplus value) نوسینی (کایۆتسکی Kautsky). کەتەواوی ساڵەکانی1905بۆ1910 نوسراوە، لەڕاستیدا بەرگی چوارەم((کاپیتاڵە))ئامانجی((کاپیتاڵ))چەسپاندنی چەند گریمانەیەکی بەناوبانگی مارکسە. نیشانەی پێشڕەوی سەرمایەداری لەدروست بوونی بەرهەم ((نەک بازرگانی))شاراوەیە. کاپیتالیزم یەکەمین ڕژێمە لەمێژوودا کە گۆڕانی شۆڕشگێرانی لەبوارەکانی ئابوری هێناوەتەبوون، هەروەها خۆی زادەی ئەم گۆڕانە شۆڕشگێڕییانە، پێویست بوونی کاپیتاڵیزم بوونی سوپای پاشەکەوتی بێکارانە، کاپیتالیزمبەرەو لای جەختی توانا لەدەست ((گلد راوەکان انحصارات)) بەرەو پێش دەڕوات، سەرەنجام پانتاییەکانی ئابووری , بەشێکی دانەبڕاوی سیستمی سەرمایەدارییە. مارکس لە(کاپیتاڵ)دا

پیشانی خوێنەران دەداتْ کەچۆن ئەواوکاری سەرمایەداری لەم زەمینانەدا، لەگەڵ کێشمە کێشمی ناوکارو سەرمایەدا هاوئایە. لەڕاستیدا دەرکەوتن و ئەواوکاری چینی کرێکارو بۆرژواز خوێندنەوەی چیرۆکی((کاپیتاڵە)). ((کاپیتاڵ))نیشانەی لوتکەی پێگەیشتنی فیکری و زانستی مارکس لەزەمینەی مێژوودایە(مێژووی ماتریالیزم). ئەو لەم کتێبەدا دەچێتە ناو شیکردنەوە مێژووی کاپیتاڵیزم و لەچەند شوێنێکیشدا ئاماژە دەکاتْ، بەرەهەندەکانی ئەواوکاری سەرەڕای پرسیارێکی زۆر کەمارکس دەیخاتە بەردەم خوێنەران. ئەواوی کتێبەکە دەتوانێتْ لەبارەی چوار پرسیاری سەرەکی، لەهەمانکاتدا پەیوەستْ بەیەکتری و دابەشکردنی بۆکرد: چۆن کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری لەکرۆکی هاوشێوەکانی پێش سەرمایەداری سەریان دەرهێناوە؟ دروستبوون و ئەواوکاری و دارمانی سەرمایەداری چییە؟ چۆن ئابوری کاپیتالیستی دیسان لەدایک دەبێ؟ چ جیاوازییەک هەیە لەنێوان ڕوخسارو ناوەڕۆک و هاوشێوەکان و هێزەکانی کاپیتالیستی؟ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە هەم پابەندی شیکردنەوەی موجەڕەدی ئیورییەو هەم باس لەبارەی ئەزمونی مێژووی دەرکەوتنی کاپیتالیزم. کارکردن و گەشەکردنی ئەو داوادەکاتْ، بە بۆچوونی زۆرێک لەخوێنەرانی ((کاپیتاڵ))سەرنج ڕاکێشترین بەشی ئەم کتێبە وەسفکردنی لەدایکبوونی سەرمایەداری لەبەریتانیا و گوزەرانی ژیانی چینی کرێکارو بارودۆخی کارگەکان لەم بەشەدا لەمێژووی سەرمایەدارییە. ئیحساساتْ و لایەنگری مارکس بۆ چینی کرێکار، رێگرتن لەپێداچوونەوەی ئەو بە ئامارو ژمارەو هێنانەوەی بەڵگەکان نەبووە. توانی شیکردنەوەی مارکس لەم کتێبەدا، لە پەیداکردنی پەیوەندی وردی نێوان ئەم ئامارەدا لەلایەکەوە و گوتارەکانی موجەڕەدی ئابوری ئیۆری لەلایەکی دیکەوە شاراوەیە.

خوێنەر دێڕبەدێڕ هەستْ بەکاریگەری وردی ڕەوشی دیالەکتیکی

شیکردنەوەیی دەکات، لە بنچینەدا ((کاپیتاڵ)) بە پەیڕەوی وردی ئەم شێوازە نوسراوە، لەگەڵ شیکردنەوەی گوتارێکی موجەڕەد بەناوی (کاڵا)(Commodity) دەستپێدەکات، جارجارێک گوتارە ئاڵۆزەکانی وەک پارە، سەرمایە هێزی پاشەکەوتی کار، جارێکی تر بەرهەم هێنانەوە (reproduction). ڕژێمی ئیعتیباری، قەیرانی قۆناغەکان و دەرکەوتنی(انحصارات گلدراوەکان)لەخۆ دەگرێت، لەهەریەک لەم قۆناغەدا دژەکانی دیالەکتیکی شاراوە لەم گوتارانە. زەمینەسازی تەڕحی گوتارە ئاڵۆزەکانی تر دەبێت. نمونە پارەو بەکارهێنانی بەهاو، گۆڕینەوەی بەهایە(Use Value and exchange Value). ڕەوشی شیکردنەوەی سەرمایە لەقۆناغە جیاوازەکانی تەجرید واتادارە لە گوتارەکانی ئابوری لە خۆیداو هەمیشە لەحاڵەتی گۆڕاندان، بۆ نمونە چەمکی (بەهای زیـادی)(Surplus Value) کە لەتەواوی بەشەکانی((کاپیتاڵ))دا ئامادەیە، خۆی بەشێوازە جۆراو جۆرەکانی وەک سوود و سەرمایەو... پیشاندەدات، لەبەرامبەر ئەمەشدا چەمکی(بەها) لە بەرگی یەکەمی(کاپیتاڵ)دا لەگەڵ بەهای بەرهەم، بەهای بازاڕی و بەهای کاڵا لەبەرگی سێهەمی کتێبەکە، لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدان. مەسەلەی گۆڕانی(تحول) شێوەی (بەها)بە(نرخ) تەوەری باسەکان و جەدەلە فراوانەکانە. ڕەخنەگرانی مارکس دەریدەخەن کە ئەم ڕەوشی گۆڕانە، ئیعتیباری تیۆری ئابوری مارکس بزرکردووە، بەڵام مارکسیزمەکان باوەڕیان وایە کە ڕەوشی مارکس تەنها لەچوارچێوەی ڕەوشی دیالەکتیکیدا دەتوانرێت دەرکی پێبکرێت. باس لەبارەی پێکهاتەی ناوەوەی (کاپیتاڵ)نابێ بەهەند وەرگرتنی کرانەوەی دەقی ئەم کتێبە کۆتایی بێ. بەڵگە لۆژیکیەکانی(کاپیتاڵ) پەیوەندییەکی تەسکی لەگەڵ ئەزمونی مێژووی کۆمەڵایەتی و ژینگەی مارکسی هەیە، چونکە باسکردنە خراوە ڕووەکانی لەم کتێبەدا شایانی فراوان بوون و تەنگی و چاککردنە. بەڵگەیەکی تر

بۆ کرانەوەی باسەکە ئەمەیە کەمارکس هەرگیز بانگهێشتی نەکردووە کە چوار بەرگی سەرمایە تەواوی گرفتەکان و باسەکان پەیوەست بەئابوری سەرمایەداری، دەربارەی باس و تەجزیەو شیکردنەوە بێ. دەرکەوتەکان مارکس لەساڵی 1857، جێگەی باسە کەئەو تەنانەت یەک بەرهەمی شەش بەرگی سەبارەت بە(کاپیتاڵ) خستە ژێر پیاچوونەوەوە کەسێ بەرگی دوایی ئەو بڕیار بوو بەمێژووی ئەندێشەکانی ئابوری، دەوڵەت و بازرگانی بازاڕی جیهانی خەریک بێ، بەڵام بەداخەوە ئەو هەلی تەواوەتی بۆ نەڕەخسا لەم بەرهەمەدا. پەیوەندی نێوان بوارەکانی ئابوری , فەرهەنگی سیاسی، کۆمەڵایەتییە. لە ڕاستیدا شیکردنەوەی ئابوری چینایەتی تەنها دەبێ خاڵی دەستپێکی بۆباسەکانی ئایندەوە وەربگیرێ و دانەخستن لەباس و چواچێوەی دروستبوون چینایەتی لەچوارچێوەی تەنگژەی ئابوریدا. جێگەی (کاپیتاڵ) لەمیانەی بەرهەمی مارکسدا جێگەی باس و جەدەلی فراوانی لەخۆگرتووە. زۆرێک باوەڕیانوایە کە ئەم بەرهەمە، ڕیشەی لەبەرهەمەکانی پێشتری مارکسدایەو بەردەوامی لۆژیکی ئەوانە، بەڵام ئەوانی تر (کاپیتاڵ) بە جیاواز لە بەرهەمەکانی مارکس و دەستکەوتەکانی لەساتەکانی پێگەیشتنی فیکری ئەو دەزانن هەندێکی تر وەک (ئەڵتۆسێر) (Athusser)و هاوبیرانی باوەڕییان وایە کە (کاپیتاڵ)دەبێ بەیەکێ لە(سەرەتای مەعریفەناسی)(epitmoiogifal breeak)نێو بەرهەمە سەرەتاییەکان و کۆتاییەکانی مارکس دابنرێت.

بەڵام لەدیدی مارکسەوە نوسینی (کاپیتاڵ) قۆناغێکی مێژووی لەیارمەتیدان بەکردنی چینی کرێکار بە پلەی گۆڕکەن کاپیتالیزم ئەژمێرێ، نوسینی ئەم کتێبە لەهەوڵەکانی کاری تری ئەو لەلایەن ئێپەڕاندنی ڕێکخراوی کرێکاری نێونەتەوەی جیاوازی قبوڵ نەبوو، ئەگەرچی ئێستا دەکرێت(کاپیتاڵ) دەقێکی ئەکادیمی جێی سوودی ڕۆشنبیران وەربگرێ، بەڵام لەگرنگی ئەم

کتێبە هەرئەوەندەیە کەسەدەیەکی تەواو چرای ڕێنمای کرێکارانی جیهانبوو، لەململانێ لەبەرامبەر سەرمایەداری هەوڵدان لەڕێگەی بنیاتنانی سۆشیالیزم. جێی دوو دڵی نییە، کە لە ئایندەدا دیسان گرنگی ئەم کتێبە شتی کەمتر نەکرێ.

**سەرچاوە**

(چیستا) سال چهاردهم.

شماره 10 140

منبع: Bottomere, Dictionary of. 1

Martxist thought, Oxford, 19910

# فیورباخو مارکسو ئایین

نوسینی: **Chajjam**

لەعەرەبییەوە: دانا مەلا حەسەن

## فویرباخ و بیرو ڕاکانی دەربارەی ئایین:

فویرباخ لە نێوان ساڵانی (1804 1872) دا ژیاوە لە سەرەتادا لە ئایینی مەسیحی ئەنجیلیکای کۆڵیوەتەوە، دوای کۆتاییهێنان بە لێکۆڵینەوەکەی ڕوویکردۆتە «هیگڵ»ی مامۆستای و فەلسەفەی خوێندووە، فویرباخ لەسەر فەلسەفەی هیگڵی مامۆستای نەڕۆیشت، بەڵکو بۆ پەرەدان بەفەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆی دەستی بەکارکردن کرد.

فویرباخ لە ماوەی ژیانیدا لەمرۆڤێکی بڕواداری خوداناسەوە، گۆڕا بۆ ڕەخنەگرێکی فەلسەفی و سیاسی ئاینەکان، ئەمەش وای لەمارکس کرد بە »گەورەترین نێردراوی ئشتیراکیەت» وەسفی بکات.

## حەقیقەتی ئایینەکان:

هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی ئایینە مرۆییەکان دەگەڕێتەوە بۆ توانەکانی مرۆڤ لە بیرکردنەوەو بوونی هۆشیاری ئەمەش جیاکەرەوەی سەرەکی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵە، مرۆڤ هۆشیارە بەرامبەر بوونی خۆی بەڵام ئاژەڵ ئەمەی نییە، لەبەر ئەوە مرۆڤ لە نێوان دوالیزمی «من تۆ»دا دەژی، بەڵام ئەم «تۆ»یە ئەو «من»ەیە لەخود جیابۆتەوە، بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی نوێ بگێڕێت لە گروپە مرۆییەکاندا. بنەچەی پەرەسەندنی ئایینەکان لەچییەتی(ماهیە)ی مرۆڤدا، لەهۆشیاری بێکۆتای مرۆییەوە سەرچاوە

دەگرێت، لەبەرئەوە ئایین ڕەفتار یاخود هەڵسوکەوتی مرۆڤە لەگەڵ چییەتیە بێکۆتاکەی خۆیدا.

خودایەیە لایەنی بنچینەیی لە ئایینی مەسیحیدا هیوا خوازراوەکانی مرۆڤە، پاشان بنچینەکان ئاینی مەسیحی هەر ئەو هیوا خوازراوانەی مرۆڤایەتییە لە شێوە کۆتاییەکەیدا ئەو کاتەی دێنەدی، بۆ نمونە مرۆڤ هیوای ژیانێک دەخوازێت کە دوور بێت لە بەڵاو کارەسات، ئەمەش ئەوخودایەیە کە بوونی لەگەڵ هیوا خوازراوەکەیان بەژیانێکی کامەران و دوور لەکارەساتەکان وایان لێدەکەن بڕوایان وا بێت ئەم ژیانە لە دونیایەکی تردا بوونی هەیە. خاڵێکی سەرەکی و گرنگ لە ئایینی مەسیحیدا هەیە، ئەویش زیندوو بوونەوەی مەسیحە، ئەم زیندوو بوونەوەیەش واتە ئارەزووی مرۆڤ بۆ نەمری.

مرۆڤی بڕوادار وەک ڕۆحێکی ڕەها ڕەنگدانەوەیەکی ئایدیالی عەقڵی مرۆڤە، بەڵام ناساندنی خودا بەوەی کە هێزی خێری ڕەهایە، جگەلە ڕەنگدانەوەی ئاکاری مرۆیی خۆشەویستی چیدی نییە.

**فویرباخ دەنوسێت: تاکە خودای مرۆڤ ئینسانە.**

بەڵام لە رووی دەروونییەوەفیورباخ بڕوای وایە کە مرۆڤی بڕوادار کە لە میانەی نوێژەوە دیالۆگ لەگەڵ خودادا دەکات، ئەوادیالۆگ لەگەڵ خودی خۆی یان خودێکی دیکە دا دەکات، واتا دیالۆگ لەگەڵ ئەو وێنەیەدا یان ئەو چییەتیەدا دەکات کە هیوای دەخوازێت.

**فویرباخ دەنوسێت: مرۆڤ ئەوەیە کە دەخوات**

زۆرێک بەهەڵەدا دەچن کە بڕوایان وایە فویرباخ لێرەدا بەشێوەیەکی ماتریالی قسە لەسەر چۆنیەتی خواردن و شێوەکانی دەکات، بەڵام ئەم وتەیە لە بنچینەدا دژی هیگڵی مامۆستای ئاراستەی کردووە، فویرباخ لەم ڕستەیەدا ویستی پێگەیشتنی ئایدیالی هیگڵ بۆ مرۆڤ بەشێکە لەزەوی بەمەش مرۆڤ بەرهەمێکی ماتریالییەو بەڕێکەوت پەیدابووە.

**ئەنجامی نێگەتیڤەکانی ئایین:**

1. بڕوابوون بە خودا، دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی جیهانی مرۆیی لەسەر زەوی ئەمەش دەبێتە هۆی گرنگی نـەدان بەژیان وپـەرەدان بەمرۆڤایەتی.

2. بڕوابوون بەخودا، کۆسپ دەخاتە بەردەم زانست و پێشکەوتن و هۆشیاربوونەوە و ئازادی...ئەمەش مانای ئەوەیە کە دژایەتی پێشکەوتن و کارکردن دەکات، بۆ ژیانێکی باشتر.

3. بڕوابوون بەخودا، دەبێتە هۆی لە ناوبردنی گیانی لێبوردن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە بڕوا بەهەمان خودا ناهێنن. ئەمەش مانای ئەوەیە نەبوونی لێبوردن بەرئەنجامێکی حەتمی ئاینەکانە.

**کارل مارکس و تێڕوانینی بۆ ئایین:**

مارکس لە نێوان ساڵانی (1818 1883)دا لە خێزانێکی یەهودی پرۆتستانتیدا ژیاوە. زۆر سەختو گرانە قسە لەسەر چەمک و ڕەخنەی مارکس بکەین بۆ ئاین، بەبێ ئەوەی باس لە فویرباخ بکەین، چونکە فیکرەکانی لە سەر بنچینەی تێڕوانینی مارکس بۆ ئاین داڕشتووە.

کاتێک فویرباخ کاری لەسەر ڕاڤەکردنی ئایین دەکرد بەنسبەت مرۆڤەوە بەشێوەیەکی ئەبستراکت، مارکس ئینسان وەک بەشێک لە گروپێکی مرۆیی بەدیدەکات، ئینسان جیهانی مرۆیی و دەوڵەت و کۆمەڵگایە، ئەم دەوڵەت و کۆمەڵگایەش ئەو ئاینە بەرهەمدەهێنن کە هۆشیارییەکی هەڵەی ڕەهایە، چونکە هۆکارەکانی «دەوڵەت و کۆمەڵگا» جیهانێکی هەڵەیە.

لەبەرئەوە مارکس بڕوایوایە کە لە ناوبردنی ئاین مانای گەیشتنی مرۆڤ نییە، بەکەمال و هۆکارەکانی نەشونماکردنی ئایین لەناو جیهانی حەقیقی ژیانی مرۆییدا بوونی هەیە، پێویستە بەر لەهەموو شتێک ئەم جیهانە مرۆییە بگۆڕین.

لەبەرئەوە هەوڵ و تێکۆشانی مارکس دژی ئاین نەبوو، بەڵکو دژی هۆکارەکانی بوونی ئایین بوو، حەقیقەتی نامۆیی ئاین بە مرۆڤ لە بنەچەو پرەنسیپەکانیدا خۆی حەشارداوە، واتا لە هۆکارەکانی ڕوودان و پەرەسەندنیدا، پاشان لەگەڵ زاڵبوون بەسەر هۆکارەکانی ئەم نامۆییودا، بەشێوەیەکی خۆبەخۆ (تلقائی) هەستی ئاین بزردەبێت، لەبەرئەوە پێویستە هەوڵا بدەین دژی ئەم نامۆییەی ئاین، نەک دژی خودی نامۆیی ئای

**مارکس لە تێزەکانیدا لەسەر فویرباخ دەنوسێت:**

«فەیلەسوفەکان هیچیان نەکردووە، جگە لەوەی کە جیهانیان بەچەند شێوەیەکی جیاواز ڕاڤەکردووە، بەڵام کارە گرنگەکە لە گۆڕینیدایە».

لەبەرئەوە مارکس وای دەبینێت، کە پێویستە ڕەخنەگرتن لەئایین لەپێناو زانین دا بێت، واتە لەپێناو زانینی حەقیقەتە بنچینەییەکان و

بنەچەی ئاین، پاشان ئینسان ئەو دژیەکیەی بۆ دەردەکەوێت کە لەنێوان مەخلوقی وەهمی «خودا» و ماهیەتی ڕاستەقینەی مرۆڤدا هەیە.

**«ئاین تلیاکی گەلانە»**

ئەمە ڕستەیەکی بەناوبانگە، بەڵام گشت ئەوکەسانەی بەکاریدەهێنن تێیدەگەن؟

ئەوسەردەمەی کە مارکس تیایدا دەژیا سەردەمی پەرەسەندنی پیشەسازی بوو، کرێکاران لە مجۆرە پیشەسازیەدا پەیوەندیان لەگەڵ ئەو کەلوپەلانەدا لە دەست دابوو کە بەرهەمیان دەهێنان، چونکە کرێکاران لە بەرهەمهێنەری کەلوپەلەوە گۆڕابوون بۆ خزمەتکاری ئەو ئامێرانەی کەلوپەلەکان بەرهەم دەهێنن، ئەمەش بووە هۆی سکاڵاکردنی کرێکاران و هەستکردنیان بەوەی کە ئیستیغلال دەکرێن. لەم ساتەدا ئەم ڕستەیە «ئاین تلیاکی گەلانە» سەری هەڵدا، چونکە مرۆڤ بەهۆی تلیاکەوە بەرگەی ئازاری جەستەیی دەگرێت، هەروەها گەلانیش لەڕێگەی ئاینەوە دەتوانن بەرگەی ئەو ئازارە بگرن، کە لە ناخۆشی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت، تلیاک وا لەمرۆڤ دەکات بەشێوەیەکی وەهمی هەست بەدڵخۆشی بکات، ئاینیش بەهەمان شێوەیە.

**سەرچاوە**

ئینتەرنێت / شبکه اللادینیین العرب

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن-شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |